# مـــوود یـــان مـــۆدالـــێـــتـــی

پ. د. مـەحـمـوود فـەتـحـوڵـلا ئـەحـمـەد
کـۆلـیـــژی زمـــان
زانکۆی سلێمانی

م. خــۆشـــنـــاو عـــەزیـز حـەمـەئـەمـیـن
کـۆلـیـــژی پـەروەردەی بـنـەڕەت
زانکۆی ڕاپەڕین

## ٠-: پێشەکی

کاتێك باس لە هەر بوارێك (بە تایبەت لە بواری زمانەوانیدا) دەکەین ناکرێت یۆنانی، لاتینی و ئینگلیزی فەراموٚش بکەین، سەبارەت بە "موود" و "مدالێتی" دەبینین، کە یۆنانی و لاتینی سیستەمی "موود"یان هەیە، بەناوی "مەرجی"، "هەواڵی"، و "فەرمانی"یەوە، لە کاتێکدا، ئینگلیزی سیستەمی "کاری مۆداڵەکانی" هەیە، کوردی تایبەتمەندیی هەردوولا وەردەگرێت، بە تایبەت سیستەمی "موود"ی، واتە برێك لە وەرگێڕانی هاوتایی لە نێوان ئەو دوو سیستەمە بەخۆوەدەگرێت. بەڵام زیاتر لەگەڵ سیستەمی "موود"ی لاتینیدا گونجاوە، هەروەها یۆنانی "موود"ی ، "مەرجی" و "تەمەنی/هیواخوازی" هەیە، کە لە کوردیدا بۆ کارە مۆداڵەکان وەردەگێڕرین، ئەمانە هەموو بە شێوەیەکی فۆڕماڵی پەیوەندیدارن، جگە لەوانە دەبینین "تێنس"، "ئەسپێکت"، "کارابزر" و "کارادیار"، تەنانەت "ژمارە"، "ڕەگەز" و "کەس" هەموو لەسەر فۆڕمی کارەکە نیشانەکراون، و بە ڕێگایەك یان یەکێکیترەوە بە یەك پەیوەندیدارن، بەڵام "مۆدالێتی"، بە شێوەیەکی سیمانتیکی یان بە لانی کەمەوە بناخەی تەنیا بۆ کار ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هەموو ڕستەکە دەگەڕێتەوە" (Palmer, 1986).




دایاگرامی (١)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دیاریکردنی ئەرکی سیمانتیکیی "مۆدالێتی" گرانە و لە هەموو زمانەکاندا وەکیەك نایەتەوە، بۆیە بە مەبەستی پێناسەکردنی "بیری مۆدالێتی"، کە زۆر لێڵ و نادیارە، ئەم باسە لە دوو لاوە سەرنجەکانی لەسەر "بیری مۆدالێتی" کورت دەکاتەوە، بۆ نموونە، باری سەرنجی "فرەوان" یا "فرەوەچە" (واتا و ئەرك) و "تەسك" (یەك واتای بناخەیی)، لە ڕاستیدا، بیری "مۆدالێتی" بۆ مەیدانی ئەو سیمانتیکییانە گونجاوە، کە زاراوەکانی "لەوانەبوون"، "پێویستی" و "ناچاری" دەگرێتەوە و وەك نموونەی ناجێگیر مامەڵەدەکرێن. نموونەیتر، کە وەك نموونەی هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراون، بریتین لە "شیان/ڕەنگە"، و "پێویستی"، بۆ نموونە، "دەشێت بڕوات" و "پێویستە بڕوات"، یەکەم "ڕێگاپێدان" و دووەم "پەیمان و بەڵێن و ئەرك" نیشاندەدەن، ئاماژە بۆ شتێك دەکەن، کە "لەباردابوون" یان "بە ناچار"کردنی گوێگر بە ڕۆیشتن دەردەبڕن. "مۆدالێتی" وەك "بارودۆخ"یش نیشاندەدرێت، کە ڕەفتارەکانی وەك پێچەوانە لەگەڵ مۆدالێتیی "زانینگەرایی" کاردەکەن. ئاڵۆزیی دونیای دەوروبەر و ئاڵۆزیی بنیاتی کەرەستە زمانییەکان وایکردووە، کە زمانەوانەکان تەواو هاوڕانەبن، لەسەر دیاریکردنی یەك واتای "بناخەیی" یان واتای "بناخەیی" و واتای "پەراوێزی" بۆ کارە مۆداڵەکان، بۆیە ئەمە ئەرکی توێژەران لەم بوارەدا سەبارەت بە ناوبەند پەیوەندیی "مۆداڵەکان" لەگەڵ کاتەگۆرییەکانی تری وەك "تێنس" و "ئەسپێکت" گرانتر دەکات، لە لایەکەی ترەوە گەیشتن بە پێناسەیەکی دیاریکراوی بێزیاد و کەم بۆ "موود" و "مۆدالێتی" گرانتر دەکات، لەم بارەوە هاوڕاین لەگەڵ Lyons (1977: 452) لە (Palmer, 1986:2)ەوە، کە ئەو ئاڵۆزییە وایکردووە "ژمارەیەك لە پێناسەی چاوەڕوانکراوی بە کراوەیی بەجێهێشتووە".

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی بنیاتی "سیمانتیك"ی مۆداڵەکانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ فارسی و ئینگلیزیدا، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە فۆڕمێکی دیاریکراو دەشێت خوێندنەوەی هەریەك لە "تێنس"، "ئەسپێکت" و "مۆداڵ"یش بە پێی "جۆر"، "دەق"، "پێکهێنەرەکان"ی تری ڕستەکە و "نیەتی قسەکەر"ەوە وەربگرێت. زۆر لایەن و کاتەگۆریی جیاواز دەبنە کەرەستەی توێژینەوەکە، و گەردانی "موودی مەرجی"ش لە کوردیدا بە تایبەتمەندیی سیمانتیکییەوە بە بەراورد بە ئەو فۆڕمانەی لە زمانەکانی تری وەك ئینگلیزی و فارسیدا هەن، دەخرێتەڕوو، هەروەها جەخت لەسەر لایەنی سینتاکتیکی و سیمانتیکی مۆداڵەکانی کوردی دەکرێتەوە، چونکە مۆداڵەکانی کوردی نەك تەنیا "تێنس" بەڵکو گەردانی موودیش لەخۆدەگرن، واتە ئەو فۆڕمانەی توانای گەردانکردنیان هەیە بە بەراورد بە فارسی و ئینگلیزی، هەروەها باسەکە هەوڵدەدات لایەنی لێکچوو و جیاواز لە نێوان کاتەگۆرییەکانی مۆداڵی "زانینگەرایی" و مۆداڵی "پەیمان و ئەرك" بخاتەڕوو، بۆ نموونە:

(١) چرای ژورەکەی باپیر پێیە، دەبێت ئێستا لەماڵەوە بێت.

(٢) باپیر <u>توانی</u> ڕۆژێك پشوو بەدەستبهێنێت، پێویستە ئەمڕۆ لە ماڵەوە بێت.

کاتەگۆریی مۆداڵی "ڕەگ" دەشێت بەسەر چەندان کاتەگۆریدا دابەشببێت، کە مۆداڵی "بەڵێن و ئەرك" لەخۆدەگرێت، و لە لایەکی ترەوە ئاماژە بۆ "ئەرکی سەرشان" و "مۆداڵی داینامیکی"یش دەکات، سیمانتیکی هێز، کە بە هۆی "توانین"ەوە دەگوازرێتەوە، لە بەکارهێنانیدا بۆ دەربڕینی تایبەتمەندێتیی "لە توانادابوون"، "خواست" یان "ڕێکخستن" ئەرك دەبینێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ستراکچەری ئەم باسە سەرباری ئەم پێشەکییە لە حەوت تەوەرە پێکهاتووە، و تێیدا هەوڵدراوە ئەوەی گوترا لە واقیعدا بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە بە بەراوردکاری بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی نیشانبدرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کارەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی جگە لە بنەمای توێژینەوەی پەسنی شیکارانە پشتی بە لایەنی بەراوردکاریش بەستووە، و نموونەی ئەم زمانانەی هێناوەتەوە و بە نموونەکانی زمانی کوردی بەراوردی کردوون. ختسنەڕووی گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بە گوێرەی ئەلفبای ناوی دانەرەکانیان، لەگەڵ پوختەی باسەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بوون بە کۆتایی ئەم هەوڵە.

## ١ . ٠: کاتەگۆرییە زمانییەکان

هەر زمانێك ڕێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، و بە هۆیەوە قسەکەر دەربڕینی دروست بنیات دەنێت، کە وەك "هەواڵی"، "فەرمانی" و "پرساری" ناسراون. لەگەڵ وەچەبەش و کارە پەراوێزەکانیشدا.

### ١ . ١: هەواڵی، فەرمانی، و پرسیاری

سێ جۆر لە بناخەی ڕستە جیادەکرێنەوە، "هەواڵی"، "فەرمانی"، و "پرسیاری"، کە پەیوەندییان بە توێژینەوە سەبارەت بە "پۆلکردن" و "نیشانەناسیەوە" هەیە. Lyons جۆری "ڕستە" لە جۆری "دەربڕین" جیادەکاتەوە، دەربڕینەکان دەشێت پەیوەندی دروستبکەن، نەك چوونەسەریەك و هاوتاکردن:

(أ) زاراوەکانی وەك "ڕاگەیاندن"، "وتن"، "دەربڕین"، "پرسیار" و "وەڵام"، ئاسایی بە بێ نیشانەی گوتەی وەرگیراو، بۆ ئەرکی سیمانتیکی بەکاردەهێنرێن (Palmer, 1986: 26-27).

(ب) زاراوەکانی وەك، "هەواڵی"، "پرسیاری"، "فەرمانی"، "وەرگیراوی"، "بیرکرنەوەیی" و "گەیشتنە ئەنجامی"، هەموو ئەمانە بۆ پۆلکردنی کاتەگۆری بەکاردەهێنرێن.

(پ) زاراوە نەریتییەکانی وەك، "مەرجی"، "ڕاگەیاندنی"، "گەیشتنە ئەنجامی"، و "فەرمانی" و هەر زاراوەیەك بە هۆی نووسەرەکانەوە بخرێتەڕوو، بێشك بۆ کاتەگۆرییەکانی زمانی تایبەت بەکاردەهێنرێن.

(ت) لە دەربڕینی ڕستەی هەواڵیدا، قسەکەر باوەڕی وایە کە ناوەرۆکی ڕستەی دەربڕراو ڕاستە.

(ج) نکۆڵی سەبارەت بە ڕستەی هەواڵی هەن، بەڵام لە "زانستی زمان" و "فەلسەفەدا" مامەڵەی ڕستەی هەواڵی وەك نموونەی "لۆجیکی" و "ڕێزمانی" دەکرێت. Lyons (1977:803) دەڵێت: "زمان بە شێوەیەکی کرۆکی، تەنیا، ئامێری دەربڕینی بیری ناوەرۆکەکان نییە".

لەو زمانانەدا، کە سیستەمی مووديان هەیە، "ڕاگەیاندن" جەخت لەسەر هەواڵی دەکاتەوە، کە وەك نیشانەکراوی ڕوون و بە هۆی مۆرفۆلۆجیی کارییەوە بەدەردەکەوێت، "مەرجی" یان "فەرمانی"، بە شێوەی نەریتی وەك دانەیەکی "موود" مامەڵەدەکرێن، لە زۆربەی زمانەکاندا هەواڵییەکان لە بواری مۆداڵێتیدا نیشانەنەکراون، بە لای (Lyons (1977:809ەوە، ئەو هەقیقەتەی کە "توانین" و "بە ناچاری"ن بە

دڵنیاییەوە کاریگەرییان سەبارەت بە دروستکردنی بەڵێن لە سەر هەقیقەتی ناوەرۆکەکان هەیە، و دوو گرفتی تر سەبارەت بە جۆری فۆڕماڵی دیاری دەکات:

یەکەم: زۆر زمان فۆڕمیان هەن تا زانیاریی پێچەوانەی "باوەڕ" نیشانبدەن، ئەوە بە گونجاو دەبینرێت، کە "باوەڕ" وەك تایبەتمەندیی هەواڵی مامەڵە بکرێت، Searle (1982:12) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە "ڕاگەیاندنی "زانین" بە دڵنیاییەوە، بە شێوەیەکی "زانینگەرایی" بەهێزترە.

**دووەم:** ئەو فۆڕمەی بۆ هەواڵی بەکاردەهێنرێت، (لە زۆر زماندا) لە کلۆزێکدا بەکاردەهێنرێت کاتێك، کە قسەکەر جەخت لەسەر هەر جۆرێکی "پەیمان" و "بەڵێن" ناکاتەوە. لە ڕستەی ناسەرەکیدا بەکاردەهێنرێت، کاتێك کاری سەرەکی جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە قسەکەر ناوەرۆکەکە قبوڵناکات. "دەپرسم ئایا باپیر دێت؟"

زۆربەی زمانەکان بۆ دەربڕینە "فەرمانییەکان" فۆڕمیان هەیە، کە زیاتر پەیوەندیی بە سیستەمی "بەڵێن و ئەرکەوە" هەیە هاوتا بە هەواڵییەکان، کە پەیوەندییان بە " زانینگەرایی"یەوە هەیە، فەرمانییەکان بە شێوەیەکی سیمانتیکی نیشانەنەکراون، و دوو دەسەڵات بەخۆوەدەگرن، (أ) وەك بەهێزترین جۆری ڕێنیشاندەر، و دەسەڵاتی تەواوی قسەکەر وەك لە فەرمانی سەربازیدا دەبینرێت، (ب) دەسەڵاتی لاواز وەك لە "بنوسە!" لە وەڵامدانەوەی "دەستپێبکە". "وەرە ژوور!" لە وەڵامدانەوەی "لە دەرگادان"دا دەبینرێن (سەیری Searle, 1982:12-20 بکە). بە مەبەستی چارەسەرکردنی "تەمومژی" لە دەربڕینە مووداڵەکان، بە لای Stokhof (1974:63)ەوە ئەو "ناڕوونییە دەتوانرێت بە هۆی ڕەگەزی ترەوە لە ڕستەکەدا ، بۆ نموونە، تێنسی کاری سەرەکی، سروشتی بکەر، یان بە هۆی دەقەکەوە" چارەسەر بکرێت، بۆ نموونە، کارەکانی تر کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە.

(١) <u>پێویستە</u> زوو نەشتەرگەری بکەن، ئەگەرنا دەمرێت. (بە ناچاری هەر دەبێت ببێت پەیوەندیی بە ژیانی کەسەکەوە هەیە)

(٢) کاروان <u>دەبێت</u> لە هۆڵەکە بێت، ئاسایی ڕۆژانە لەم کاتەدا لەوێ دەبێت. (لاوازە و مەرج نییە ڕووبدات).

## ١ . ٢: لەوانەبوون، وەك دیۆنتیك Demonic Possibility

لۆجیکی دیۆنتیکی واتە "بەڵێن" یان "پەیمان ئەرك" و "دەستور" بە گشتی وا دەبینرێت وەك ئەوەی خاوەنی بنیات بێت، جیاوازی لە نێوان "پێویستە ئەوە بکەیت" و دەشێت ئەوە بکەیت" وەك جیاوازی لە نێوان "ئەوە ناچارییە" و "ئەوە لەوانەیە" مامەڵە دەکرێت، ئەوە پێی دەگوترێت مۆدالێتی دیۆنتیکی/بەڵێن و ئەرك. "بەڵێن و ئەرکی سەرشان"ی "لەوانەبوون" بە واتای "مۆڵەتدان" بەکاردەهێنرێت، کە دواتر وا دەکات، کە کردەوەکان وەك چاوەڕوانکراو ببینین. دوو لەم کارە یاریدەدەرە "مۆدالانە"، بریتین لە "توانین" و "شیان/ڕەنگبوون"، کە وەك کاری "یاریدەدەر" پەیوەندیدارن بەم جۆرە "مۆدالیێتییانە"وە، دەگوترێت: "دەشێت/لەوانەیە مەلاش (دەتوانێت) هەڵەبکات" (مەلاش دەتوانێت هەڵە بکات و بە گوناحیش ناگیرێت)، "توانین" = "گونجاویەتی" بۆ نموونە، "ناتوانێت لەو بارەدا قسەبکات" = "ئەوە نەگونجاوە بۆ ئەوەی ئەو کارە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بکات" ، "دەتوانرێت ئەو یارییە لە لایەن گەنجانیشەوە بکرێت" = واتە گونجاوە، کە ...". بەڵام لە ڕستەی "گەنجەکان دەتوانن ئەو یارییە بکەن" وەك ئەوەی واتای لە "باردابوون/لەوانەبوون" بدات لێکدەدرێتەوە، Saeed "نەخشەی هێز" بەکاردەهێنێت تا فرەواتایی لە کارە مۆداڵەکاندا وەسفبکات، بۆ نموونە، "پێویستە باسەکەت پێش سەری ساڵ تەواو بکەیت"، بە لای (Saeed (2004:362وە کارە مۆداڵەکان دەکرێت هەردوو تێگەیشتنی واتای "زانینگەرایی و "بەڵێن و ئەرك" بەخۆوەبگرن، بۆ نموونە، (Talmy (1985, 198 "نەخشەی زاڵبوون"ی بەکارهێناوە بۆ لێکدانەوەی کارە مۆداڵەکانی وەك "پێویستە"، "دەشێت"، "توانین"، لە بەکارهێنانی "بەڵێن و ئەرك"دا. بۆ نموونە، "پێویستە/دەبێت"، بەکاردەهێنرێت تا "بەڵێن و ئەرك" واتە ئیلتیزام و وابەستەبوون نیشانبدەن، بەڵام "دەشێت" بۆ مۆڵەتدان بەکاردەهێنرێت، و "توانین can" بە مەبەستی لە "تونادابوون ability" بەکاردەهێنرێت.

(١) پێویستە پێش سەری ساڵ خۆت یەکلایی بکەیتەوە. "بەڵێن و ئەرك"

(٢) دەشێت دەستبەکاربیت پێش ئەوەی ناسنامەکەت بگاتە دەستمان. "توانین"

(٣) باپیر دەتوانێت زیاتر لە من ڕابکات بێ ئەوەی بوەستێت. "لە باردابوون"

Talmy ئەو بەکارهێنانانە لە بواری ڕێگریدا بەکاردەهێنێت، و پێشنیازی ئەوە دەکات، کە بەکارهێنانی نموونەی وەك "لەوانەبوون و شیان" وەك ڕێگاپێدان و نموونەیەکی لادانی ڕێگری بەکاردەهێنرێن. Sweetser (1990) بە فرەوانکردنەوە هەمان لێکدانەوەی بۆ "May/شیان" کردووە، و باوەڕی وایە کە بەکارهێنانی ئاسایی "شیان" کاتێك دەبێت، کە ڕێگری لە دانەیەکی کۆمەڵایەتی بکرێت، کاری "ڕێگاپێدان" بە هەمان ڕێگا بەکاردەهێنرێت "ڕێگات پێدەدەم جگەرەیەك بکێشیت"، بە لای Sweetserەوە، لە گەڵ ئەو کارەدا لێکچونێکی فیزیکی سەبارەت بە لابردنی ڕێگرە چاوەڕوانکراوەکان هەیە، بۆ نموونە، "کونی سەربانەکە ڕێگایدا بارانەکە بێتە ناوەوە".

بە لای (Saeed 2004;363)ەوە، پەیوەندییەکی بیری لە نێوان "هێزی فیزیکی" و "مۆڕاڵی" لەسەر کەسەکە هەیە، تا ڕەفتارەکەی بە شێوەیەکی تایبەت ئاڕاستە بکات. (Sweetser (1990 لە بەکارهێنانی مۆداڵی "زانینگەرایی" دەتوێژێتەوە وەك فرەوانکردنی بەکارهێنانی میتافۆڕی "بەڵێن و ئەرك"، کە بریتین لە کارەکانی "شیان" و "پێویستە" لە بەکارهێنانی "زانینگەرایی"دا کاری "دەبێت/پێویستە" پوختەی گونجاو (لە شێوەی سەرەنجامدا) دەردەبڕن:

(١) پاترییەکە مردووە، پێویستە فرێبدرێت. (٢) بە درێژایی ڕۆژ کاری کردووە پێویستە /دەبێت هیلاك بێت.

بەکارهێنانی "بەڵێن و ئەرك" ی دەشێت/may "لەوانەبوون" دەردەبڕێت:

(٢) دەشێت کەمێك هەست بە ماندوویی بکەیت کاتێك مەلەدەکەیت. "لەوانەیە"

(٣) گوێی لێبگرە! دەشێت ڕاست بکات. "لەوانەیە/ڕێیتێدەچێت"

"دەبێت" واتای "لەوانەبوون" دەدات، بە واتای ئەوەی کردەوە، ڕووداو یان شتێك لە ئایندەدا لەوانەیە ڕووبدات، "ئەوە دەبێت باوکم بێت وا لە دوورەوە دێت" بە مەرجێتیکردنی دەربڕینێك بە شێوەیەك، کە


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

توێژینەوە لە سروشت و شێوازی "زانینگەرایی (سەرچاوەی زانست) بکرێت، "قسەکەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو شتە پێشکەش ناکات، وەك ئەوەی هەقیقەت بێت، بەڵکو زیاتر وەك ئەوەی بیری لێدەکاتەوە و پێشبینی دەکات، وەك "ئەنجامکردن" یان "دەرئەنجام"ی ئەوەی قسەکەر لەبارەیەوە قسەدەکات (Palmer, 1986:51)، بۆ نموونە، "لەوانەیە باپیر لەم کاتەدا لە لەندەن بێت". لە باری "بەناچاری" لە "زانینگەرایی"دا پلەیەکی بەرزتری دڵنیایی دەردەبڕێت سەبارەت بە ڕاستی ئەو شتەی دەیڵێت لەسەر بنەمای دەرئەنجامی هەقیقەتەکان، بەو هۆیەوە "بە ناچاری" و "لەوانەبوون" دەشێت پێیان بگوترێت "بۆ دەرکەوتن" لە ڕێی بیرکردنەوەوە، (هەمان سەرچاوە) لە (Nielson 1990-73 )، سەرنج لەم نموونانەی لای خوارەوە بدە:

(أ) لەوانەیە بەهای پاوەند دابەزێت. "پشت بە ژمارەیەك بۆچوون لە ژیانی واقیعدا دەبەستێت"

(ب) وریابە لەوانەیە ئۆتۆمبێلەکە دانەخرابێت. "ڕێیتێدەچێت کەسێك دەستکاری بکات"

بەکارهێنانی "لەوانەیە" گشتی و باوە لە گفتوگۆدا، و لە پرسیاریشدا ڕوونادات، "لەوانەبوون" بە واتای "ڕێتێچوون" جەختی لەسەرکراوەتەوە، قسەیەکی وەك "لەوانەیە بەیانی بڕۆم" لێرەدا "لەوانەیە" کە بەرانبەر بە mayی ئینگلیزی دەوەستێتەوە، ئاسایی ئاماژە بۆ ئایندە دەکات، کاتێك کە لەگەڵ "کاری ڕووداو event verbs" یەکدەگرێت ب جۆرێك "لەوانەیە بڕوات/بێت/نەیەت/پێشوازیمان لێنەکات" و هەروەها.

(پ) جیاوازی لە نێوان "توانین" و "شیان" وەك واتای دەربڕینی "لەوانەبوون" و "ڕێتێچوونە".

**(ت)** لە زمانی ئاسایی (عامی)دا، "دەشێت جوان نەبێت، بەڵام بە ڕەوشتە".

## ۱.۳: بە ناچاری Necessary

هاوکێشەیەکی وەك "ئەگەر ئەوە لەوانە نەبێت هەڵە بێت = (واتە ڕاست یان بەناچاری ڕاست) دەبێت، لە زمانی ئینگلیزیدا "زەرورەت/بەناچاری" بەهۆی "پێویستەوە" جێبەجێدەکرێت، کە تێیدا قسەکەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بە هۆی هەڵهێنجانەوە دڵنیایە، کە بارودۆخێکی دیاریکراو بەدەستدێت، نموونە بۆ "بە ناچاری" لۆجیکی بریتییە لە "پێویستە تا کاژێر دە لەسەر کارەکە بەردەوام بێت"، لەم بارانەدا "پێویستە" بەکاردەهێنرێت لەسەر ئەو بنەمایەی، کە زانیارییەك بە هۆی هەڵهێنجان و مەنتیقەوە بەدەستدێت، زیاتر لەوەی بە هۆی ئەزموونی ڕاستەوخۆوە بێت، "پێویستە خەو ببینم"، بە دڵنیاییەوە "خەوبینین" دەشێت لەهەر کات و بۆ هەر کەسێك بێت ڕووبدات، دەگوترێت: "ئەوە شەڕی نێوان کەڵەشێر و شەیتانە"، لەبەرئەوەی "شەیتان" نابینرێت، دەبێت ئەوە تەنیا لەخەودا ڕووبدات. Palmer دەڵێت: لە مۆدالی "بە ناچاری/پێویستە"دا قسەکەر لە هەڵوێستێکدایە، دەیەوێت، کە "بەڵێن و پەیمان" لەسەر گوێگر بسەپێنێت، ئەوە وەك ئەوە وایە، کە لە حاڵەتی دەسەڵاتدا بێت، لە هەمان کاتدا، دەشێت "مۆدالێتی "بەڵێن و ئەرکی سەرشان" "بە زەرورەت" لە حاڵەتی بانگهێشتدا نەبێت، کە تێیدا قسەکەر پێویستە فەرمان نەدات. بە بەکارهێنانی "پێویستە" قسەکەر دەیەوێت سووربێت لەسەر کردەوەیەك کە تێیدا نامە بۆنێردراو سوودمەند بێت، مۆدالێتی "بە ناچاری" و "لەوانەبوون" فۆڕمێکی لۆجیکی وەك ئەوەی خوارەوە وەردەگرن:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نموونە بۆ مۆداڵێتی ڕاستی کە "لەوانەبوون" لەخۆدەگرێت، "لەوانە بوونیP " ("ئەوە لەوانەیە کە P") و ("بە ناچاری P")  (ئەوە بە ناچارییە کە P") لەوانەنەبوونی (P "ئەوە لەوانە نییە کە P") مۆداڵێتی تریش هەن، بۆ نموونە مۆداڵێتی کاتی یان کات، ("ئەوە حاڵەت بوو کە P") و ("ئەوە حاڵەت دەبێت کە P") ("ئەوە هەمیشە حاڵەتە کە P").

جیاوازی لە نێوان "لەوانەبوون"، "بە ناچاری" و بیری "بڕیاردان"دا نییە، قسەکەر دەتوانێت لەسەر باوەڕەکەی سووربێت، کە ئەوە "ناچارییە" یان "لەوانەیە" لەو ئاستەدا. Palmer (1986) پێشنیازی دوو جۆری بناخەیی "بڕیار" دەکات، کە پێیان دەڵێت "سەرەنجام" و "بیرکردنەوەیی/نوقڵانە لێدان" کاتێك قسەکەر تێیدا دەخوازێت، کە X بکات.

## ٤.١: توانین Can,Could

واتای بناخەیی "توانین" وەك کاری یاریدەدەر ڕەفتاردەکات، و دەتوانێت وەك کاری فەرهەنگی تریش ڕووبدات، هەر واتایەکی تری "توانین" لەم واتا بناخەییەوە هاتووە، و هەندێکیان گەشەیانکردووە بۆ پێکهێنانی جەختکردنەوەی "لەتوانادابوون" هەندێکجار "توانین" جۆرێك لە "لەوانەبوون"یش دەردەبڕێت، وەك ئەوەی بە هۆی "زانینگەرایی"  (ڕەنگە/شیان)ەوە دەربڕێت، "لەوانەبوون"، دەکرێت بە هۆی "توانین"ەوە جەختی لە سەر بکرێتەوە، بۆ نموونە، دەربڕینەکانی "دەتوانرێت، کە ..." و " ئەوە چاوەڕوانکراوە بۆ ..."، دەتوانرێت دابڕێژرێنەوە. ئەو "توانینە" بە شێوەیەکی سیمانتیکی جیاوازە لە "زانینگەرایی" ی "شیان". جیاوازی لە نێوان "دەتوانرێت شەقامەکە دابخرێت " و "دەتوانرێت پاوەند گەشەی پێبکرێت" و "ڕەنگە شەقامەکە دابخرێت"، "ڕەنگە ستۆکهۆڵم سارد بێت"، "توانین" دەکرێت بە هۆی "ڕەنگەوە" جێگەی بگیرێتەوە، چونکە "ڕەنگە" لە دەقێکی وەها گشتیدا ناتوانێت جەخت لەسەر "زانینگەرایی" "بەڵکو" بکاتەوە. (Palmer, 1965:115) شەش بەکارهێنانی "توانین" دەستنیشان دەکات، وەك ئەوەی، کە ئاماژە بۆ ئایندە بکات، و لەگەڵ ئاوەڵکاری "کات"دا بگونجێت، هەروەها ڕێککەوتن لەگەڵ ئاوەڵکارەکانی تردا، تا پلەی نزیکبوونەوە لە ئەرکی فۆڕمی could:

(١) **لەباردابوون:** وەك ئەرکی "لە توانادابوون"ی بکەر بۆ کردنی کارێك، "دەتوانێت بە کوردی بنووسێت".

(٢) **تایبەتمەندێتی:** وەك نموونەی ڕەفتار، کە لەگەڵ ئاوەڵکاری کات ناگونجێت، "دەتوانێت درۆی گەورە بکات".

(٣) **مۆڵەتدان:** بە هۆی بەکارهێنانی توانینەوەیە، "دەتوانێت چی بیەوێت بیخوات"

(٤) **چاوەڕوانکردن:** "لەوانەبوون"، "دەشێت شتێك ڕووبدات یان ببێت" ، "دەتوانێت خۆی بشارێتەوە"

(٥) **ئارەزوومەندێتی:** "ئامادەتێدابوون، وەك نیشانەی will بەکاردەهێنرێت، "دەتوانی کتێبەکەتم بەقەرز بدەیتێ"

(٦) **هەستکردن:** کە لەگەڵ کارەکانی هەستکردندا بەکاربهێنرێت، "دەتوانم لە دووری سێ کیلۆمەترەوە دارەکان ببینم".


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

"توانین=ability" واته "لەتوانادابوون و لەباردابوون" بۆ نموونە، "زانکۆی ڕاپەڕین دەتوانێت لە زانکۆی دهۆك بەرێتەوە"، "مندالە بەڵام دەتوانێت پاسکیل لێبخوڕێت"، لەم بارانەدا بەکارهێنانی"توانین" بەم واتایانە زۆرباوە، بە تایبەت، کە ئاماژە بۆ ڕووداوی کاتی بکات، کە توانستی بەدەستهێنانیان لە ئەرزی واقیعدا هەیە. بەڵام هەرکات بۆ وەسفی بارودۆخێك لە ماوەیەکی دوورودرێژ و بەردەوامدا بەکارهات لە واتای میتافۆڕی و خەیاڵپلاو نزیك دەبێتەوە، "دەتوانێت کێو لەبن بهێنێت" کە ئاستەمە ڕووبدات.

هەر کات "توانین" ئاماژە بۆ بارودۆخە جێبەجێکەرە هەمیشەییەکان بکات، بۆ نموونە، "دەتوانیت بە ئینگلزی قسەبکەیت؟"، ئەوە تا ڕادەیەك دەبێتە هاوواتا بۆ "دەزانی چۆن ... ؟"، جیاوازی لە نێوان "لە توانادابوون"، "تەواوکردن" و "جێبەجێکردن"دا نامێنێت، ئەو کات "توانین" تاڕادەیەك ناتوانێت وەك "مۆداڵ" کاربکات، چونکە ئەو تایبەتییە لەدەستدەدات، "دەتوانم بیرم بێتەوە"، دەبێت بە "دەتوانم بە بیری خۆمیدا بهێنمەوە"، جیاوازە "لە بیرمدێتەوە"، کە وەك واتای جەختکردنەوە دێت، کاتێك باس دەهێتە سەر"لەتوانادا بوون" لە بواری هەستەکاندا، بەهاکان لە نێوان بوون بە "مۆداڵ" یان نا دەگۆڕێت، بۆ نموونە، جیاوازی لە نێوان "دەتوانم تێبگەم" و "تێناگەم"، لەگەڵ کاری "inert perception هەستپێکردنی سست"دا، "توانین" نەك تەنیا هەر بەهای "مۆداڵ" بەڵکو ئەرکی زیاتر وەردەگرێت، واتە، ئەرکی ئاماژەکردن بۆ "بارودۆخ" زیاتر لەوەی بۆ "ڕووداو" دەبینێت، جیاوازی لە نێوان "دەتوانم گوێم لێبێت" و "دەبیستم"، "دەتوانم ببینم" و "دەبینم"، وەك بارودۆخی perception" هەسپێتکردن" بە پێچەوانەی هەستپێکردنی کاتییەوە کاردەکات.

واتای "کاتی"، "ئەسپێکتی" و"تێنسی" بێگرفت و گشتین، بەڵام ئەوە حاڵەت نییە لەگەڵ هەموو واتای مۆداڵەکاندا، چونکە ئەم جیاوازییە لە واتادا نیشانەکراو و گشتین لە نێوان "زانینگەرایی و "بەڵێن و ئەرکی سەرشاندا". "قوتابییەکانم دەتوانن کوردی بخوێننەوە" خوێندنەوەی "بەڵێن و ئەرك" وەردەگرێت، "توانین" هاوبەشی لە تایبەتمەندیی تایبەتیی بکەرەکەیدا دەکات، کە بە هۆی فرێزی ناوی بکەرییەوە (واتە، قوتابییەکانم)، ئاماژەی بۆ کراوە، کە مەودای مۆداڵەکەی بۆ سنوردارکراوە، بەڵام لە بواری "زانینگەراییدا" "توانین" بۆ هەموو ناوەرۆکەکەیە واتە نابێتە تایبەتمەندیی بکەرەکەی. مۆداڵە "زانینگەراییەکان" ناوەندگیرن لە نێوان مۆداڵی "زانینگەرایی" و "داینامیکیدا"، بۆ نموونە: ڕستەی "ئەوە دەتوانێت ڕاست بێت" زۆر موجەڕەدە، بەڵام لە "دەتوانیت مەلە بکەیت"دا کەمتر موجەڕەدە و "دەتوانم قەڵەمەکەت بەکاربهێنم" ناوەندگیرە. مۆداڵی "توانین" لە هەندێك بەکارهێناندا تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی لە واتاکەیدا وندەکات، و لە بناخەدا وەك "داینامیکی" ڕەفتاردەکات، چونکە بە واتای "لە توانادابوون"، دێت، بە واتای ئەوەی هاوبەشی لە تایبەتمەندێتیی مێشکی یان فیزیکی لە فرێزی ناوی بکەریی گیانلەبەری ئاماژەبۆکراودا دەکات.

لە هەنگاویتردا واتای مۆداڵی "بەڵێن و ئەرکی سەرشان" گەشەیکردووە، ئەمە وا دەکات، کە ئەو تایبەتمەندییەی بە هۆیەوە دەردەبڕدرێت چیتر "مێشکی" یان "فیزیکی" نامێنێت و بەڵکو دەتوانێت کۆمەڵایەتی یان .... بێت. جگە لەوە، "توانین" بە واتای "زانینگەرایی"ی "لەوانەبوون"دا گەشەی کردووە بە شێوەیەك، کە "واتا" ناوەرۆکە کرۆکییە سیمانتیکیەکەی بە ڕێگایەك یان یەکێکی ترەوە، بە گشتی کراوە، بۆیە ئاستەمە چیتر هاوبەشی لە تایبەتمەندیی فرێزی ناوی "بکەری" زیندووی ئاماژەبۆکراو بکات، و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مەوداکەی دەتوانێت بۆ هەموو ناوەرۆکی دەربڕینێکی دیاریکراو فەرەوانبکرێت (Nielson, 1990-22-23).

## ١ . ٥: پێویستە Must

ئەم بەکارهێنانانە لەخۆدەگرێت:

(أ) **پەیماندان**: بە مەبەستی پەیماندان بەکاردەهێنرێت، و هەمیشە ئاماژە بۆ ئاینده دەکات.

- پێویستە (ئێستا) نامەکە بخەمە پۆستەوە.

(ب) **پوختەکردن**: جەخت لەسەر "پوختەکردن" یان "نزیکی لە دڵنیایی"، دەکاتەوە، و لە "دەبێت" و "لەوانەبوون" نزیك دەبێتەوە، بۆ نموونە: "دەوڵەمەند دەبێت/پێویستە، خاوەنی سەیارەیەکی وەها بێت.

(پ) بە مەبەستی **جەختکردنەوە** لە شتێك کە ڕوودەدات: "پێویستە/ وا باشە چیتر دوانەکەوین"

(ت) **وێران**: توانین، پێویستبوون، ویستن: "دەوێرم قسەبکەم" و هەروەها

(ج) **دەبێت**: لە کوردیدا، چەند بەکارهێنان و تایبەتمەندییەکی "will" هەیە و وەك نیشانەی ئاینده کاردەکات.

(چ) **هەڵهێنجان و دڵنیابوون**: سەبارەت بە "پێویستە" (Coates, 1983:41) باوەڕی وایە، "کە دڵنیایی قسەکەر لە ڕاستی ئەوەی دەیڵێت، وەستاوەتە سەر "بەرئەنجام" لە هەقیقەتە زانراوەکان، هەروەها سەبارەت بە "شیان" (131 :1983) دەڵێت: "شانسی قسەکەر لە "دڵنیاییبوون" لە ناوەرۆکی دەربڕاوەکەدایە".

دوو بابەت جێگەی سەرنجدانن، (١) "دڵنیابوون" یان پلەی "پەیمان و ئەرکی سەرشان/ئیلتیزام" لە لایەن قسەکەرەوە، (٢) "دروستکردن" یان "گەیشتن بە سەرەنجام" لە زانیاریی ترەوە، کە لە دەوروبەردا هەیە. سەبارەت بە "پێویستە"، هەندێك جەختکردنەوە لە سەر هەقیقەتەکان هەن، کە لەسەر بنەمای ئەو سەرەنجامەوە وەردەگیرێن. ئەوانە نموونەیەکن لە ناوەرۆکی "پێویستە". چونکە "پێویستە" هەمان واتای ئاوەڵکارەکانی وەك"بێگومانی" و "بە دیاریکراوی" بەخۆوەناگرێت، دوو بیر سەبارەت بە مۆداڵێتی "زانینگەرایی" هەن، کە بریتین لە "بەڵێندان" و "دڵنیابوون"، لە یەکەمدا قسەکەر هەڵهێنجان لەسەر ئەو زانیارییانە دەکاتەوە، کە هەن، لە دووەمدا جەخت لەسەر پلەی دڵنیایی ئەو شتە دەکاتەوە کە دەیڵێت، جیاوازی دیار لە نێوان "پێویستە" و "بە دڵنیاییەوە"، لە دەربڕینی مۆداڵەکان و ئاوەڵکاری "بە دڵنیاییەوە" دەردەکەوێت:

(أ) بەڵام پێویستە ماندوو بێت. بکەر کاری گران دەکات (Nielson, 1990-83-84)

(ب) وای هەستکرد کە ئەوە پێویستە ڕاست بێت. (پلەی دڵنیایی لە هەستکردنی بکەرەوە سەرچاوەی گرتووە)

"پێویستە" وەك "must" کاردەکات، و بە هۆی هەمان یاریدەدەرەوە جێبەجێدەکرێت، "وەك ئاگادارن، لەم کاتانەدا پێویستە ئێمە پشتی خاوەن هەقبگرین". بەلای (Palmer (1979:56وە، بە ئاستەم دەتوانین


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

پرسیار لەسەر مۆدالێتیی "زانینگەرایی" بکەین، کەواتە "پێویستە" لە ڕستەی وەهادا زۆر دەگمەنە، کاتێك قسەکەر پرسیار ئاڕاستە دەکات" کاتێك هەردوو مۆدالێتیی "بەڵێن و ئەرك" و "زانینگەرایی" زۆر لێك نزیك دەبنەوە، ئەو کات پەیوەندییەکە دەکەوێتە سەر "لەوانەبوون" و "پێویستی"، لەم بارەوە Lyons (1977:787) دەڵێت: "بیری چەقی نەریتی لۆجیکی مۆداڵ" بە شێوەیەکی لۆجیکی لە بواری نەرێدا پەیوەندیدارن، چونکە، "نەتوانین" وەك دەربڕینی "نەرێی لەوانەبوون" وا دەردەکەوێت وەك ئەوەی نەرێی زانینگەرایی "پێویستە" بێت".

## ١ . ٦: "will" هاوتا بە "دەبێت"

هاوتایە بە بنیاتی سیمانتیکی مۆداڵی "دەبێت" لە کوردیدا، زوربەی ئەرکەکانی willی ئینگلیزی دادەپۆشێت، سێ پێوانە لە بەکارهێنانی will = "دەبێت" دا جێگەی سەرنجن، بۆ نموونە:

(١) پێکەوەهاتن: بە تایبەت کاتێك، کە لەگەڵ ئاوەڵکاری کاتی ئایندەدا بێت، دەبێتە هۆی جیاوازی لە نێوان بەکارهێنانی ئایندە و نائایندە.

(٢) لە دوای "ئەگەر"ەوە لە کلۆزی مەرجیدا بەکارنایەت.

(٣) Will و shall وەك نیشانەی ئایندە مامەڵەدەکرین.

"بەیانی باران دەبارێت"، و "ئەگەر باران ببارێت، چەتر بەکاردەهێنم"

کاتێك قسەکەر دەیەوێت پەیمانی کاتی (زەمان) بارودۆخێك یان ڕووداوێك جێبەجێبکات، وشەی shall بەکاردەهێنێت، لەم ڕستەیەدا قسەکەر بەرانبەرەکەی دڵنیادەکاتەوە، کە "بەیانی پارەکە" وەردەگرێت: کوردی بۆ ئەو مەبەستە "پێویستە، بەکاردەهێنێت.

ـ بەیانی پێویستە پارەکەت بگاتە دەست. ـ دوای نیوەڕۆ پێویستە سەردانی باوکم بکەم.

بە لای (Palmer)ەوە shall لە "پێویستە/must" بەهێزترە، لەوەدا کە تەنیا بەڵێن نادات بەڵکو گەرەنتی و کات دەدات، کە کردەوەکە بێشك ڕوودەدات ئەوە لە کوردیدا تاکە وەرگێڕانێك کە بۆ ئەو شوێنە دەستبدات، فۆڕمی تێنسی کاری مۆداڵی "پێویستە"یە لە بری "دەبێت"، کە کەمێك لە "دەبێت" بەهێزترە.

**کاتەگۆریی مۆدالێتیی بیری ئایندە:** ئەو دەربڕینانە بەبێ نیشانەی ئایندەی وەك "will" خوێندنەوەی ئایندە وەردەگرن و بنیاتی سیمانتیکی هەریەك لە پێکهێنەرەکان هاریکارن لەم بوارەدا.

**فەرمانی:** بڕۆ! **زۆرلەخۆکەر:** دەبێت بڕۆم. **بە ناچاری:** پێویستە بڕوات.

**ڕاوێژکاری:** باشترە بڕۆیت. **پاڕانەوەیی:** تکایە گوێبگرە! **هاندانی:** ڕێگام بدە بڕۆم.

**ڕێگاپێدان:** ئەگەر ئارەزووبکەیت. **بەڵێندانی:** ناوت تۆمار دەکەم **تەمەنی:** دەشێت ببارێت.

**مەبەستی:** لەبەر ئەوە باڕوات. **ژمارەیی:** یەك و یەك دەکاتە دوو.

**ڕاگەیاندنی:** نازەنین دێت. **نادڵنیایی:** دەشێت دەوڵەمەند بێت، **پێشنیازی:** لەوانەیە مووچە بدرێت.

**لەتوانادا بوون:** دەتوانێت قسەبکات. **مەرجی:** ئەگەر بێت، **گریمانەیی:** ئەگەر بهاتایە

**دانپێدانانی:** لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەمەندە... و هەروەها.

## ١ . ٧: شیان/ ڕەنگە

نیشانە ڕێزمانییەکانی سەر کارەکان ← موود، (بۆ نموونە، موودی فەرمانی، و موودی مەرجی)، لە زمانی کوردیدا ئاسایی هاوتا بە فارسی لەبەرچاون. مۆداڵێتی"شیان" بە چەندان ڕێگای جیاوازەوە، دەخرێتەڕوو، و چەندان لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بۆ نموونە، "ڕێگاپێدان" بە هۆی یاسای "سیستەمی و چاوەڕوانکراو" لە مەودای "سیستەمەکان"دا، دوو جیاوازی لە بەکارهێنانی "شیان" دا، "مۆڵەتدان" لە پرسیار و تێگەیشتن لە "مۆڵەتدان"دا ڕێگا بە فۆڕمی "نە-شیان" دەدات، بۆ نموونە، "ڕێگا بە کەس نادەین قسەبکات" واتە مۆڵەتی نییە."شیان"، دوو بەکارهێنانی هەیە: "ڕێگاپێدان" بۆ نموونە، دەشێت جلەکانی من بەکاربهێنێت"، واتە "ڕێگاپێدراوە"، و "لەوانەبوون"، "دەشێت ڕاست بێت" واتە "لەوانەیە".

## ١ . ٧ . ١: واتای بنچینەیی "ڕەنگە/شیان" بەرانبەر بە "لەوانەبوون"

(أ) دەشێت لەم ژورەدا پێشوازی میوانەکانت بکەیت. "ڕێگاپێدان بەهۆی قسەکەرەوە"

دەکرێت لەبری "شیان/ڕەنگە"، "توانین" بەکاربهێنرێت، کە کەمتر بیری ڕێز و نەزاکەتی تێدایە. لە ڕستەی پرسیاری و کلۆزی ئەگەریدا، "شیان" جەخت لە سەر مۆڵەتدان دەکاتەوە، و قسەکەر ڕۆڵی تێدا نییە، ئەوە واتای "مۆڵەت" وەرگرتنە لە کەسی بەرانبەر، بۆ نموونە: "دەشێت لێرە پشوویەك بدەم"، بە واتای ڕێگام پێدەدەیت لێرە ئەو کارە بکەم. لە کاتێکدا، "دەتوانم ماف بە خۆم بدەم تۆزێك پشووبدەم؟"، وەك پرسیاری نەگونجاو دەبینرێت.

بە لای Palmerەوە، مۆداڵی "دەشێت" لە ئینگلیزیدا بە هۆی "may"یەوە نیشانەکراوە، کە ئەرکی مۆداڵی دروستکردنی "بڕیاردان" سەبارەت بە "لەوانەبوونی" بارودۆخێك دەگرێتە ئەستۆ، بۆ نموونە:

(أ) دەشێت/ڕەنگە may باپیر مەلەوانێکی باشبێت.

وشەی "دەشێت/may" وەك ئامێرێك، لە لایەن قسەکەرەوە بەکاردەهێنرێت، تا بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی (أ) بدات، کە خوێندنەوەی "باپیر مەلەوانی باشە"یە، وەردەگرێت، لێرەدا "دەشێت/may" تەنیا بە جەختکردنەوەیەکی پلەیەکی تۆزێك نزمتر لە "لەوانەبوون" کاردەکات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دوو جۆر مۆداڵی "زانینگەرایی" دیاریدەکرێن، بۆ نموونە، "لاواز" و "بەهێز"، کە دەکرێت لە کوردیدا "شیان" و "پێویستە"، وەك باشترین وەرگێڕان بۆ دەربڕین (تەعبیرکردن) لەم دوو زاراوەیە مامەڵەبکرێن، ئەوە وەك "پلەکانی مۆداڵێتی" لە (Palmer, 1986:57)دا جیادەکرێنەوە، ئەو کارانە جۆرێك لە سروشتی سیمانتیکی جیاواز بەخۆوە دەگرن، و لە کارەکانی تر جیادەکرێنەوە، لەم بوارەدا Palmer (1986:58) دوو ڕێباز جیادەکاتەوە:

**ڕێگای یەکەم:** پەیوەندی لە نێوان ئەوانەدا، دەتوانرێت لە بواری "لەوانەبوون" و "بە ناچاری"دا دابنرێت، چونکە ئەو شتە دەردەبڕن، کە بە شێوەیەکی "زانینگەرایی"، "لەوانەبوون" یان "پێویستە" دەگرنەوە. بەڵام "بە ناچاری" بە واتای "زانینگەرایی" لە زمانی ئاساییدا، بەکارنایەت، "ئەوە بە ناچارییە، کە ..." داڕشتنەوە چاوەڕوانکراوی "پێویستە" نییە، بۆ ئەم دەربڕینانە، (أ) "لەوانەیە، کە ئەو لەوێ نەبێت"، (ب) لەوانە نییە، کە ئەو لەوێ بێت".

**ڕێگای دووەم:** بۆ نزیکبوونەوە لە واتای "شیان" و "پێویستە" لە بواری جۆری ئەو بڕیارە دایە، کە دەکرێت، و ئاسایی لە نێوان "بیرکردنەوە"، "بەخەیاڵداهێنان" و "بەئەنجامکردن"بەرجەستە ببێت، ئەوە لە سەرنجەکانی Coats دا پێشنیازکراوە.

لە زۆربەی زۆری بەکارهێنانەکانیاندا، "زانینگەرایی" مۆداڵێتیی "پێویستە" و "دڵنیایی" قسەکەر سەبارەت بە ڕاستی ئەوەی دەیڵێت، دەگوازێتەوە"، بناخەی لەسەر **دەرئەنجام** لەو هەقیقەت و ڕاستییانەدا داناوە، کە زانراوە (کە دەشێت دیاریبکرێت یان نا)، (Coats, 1983:131 ). سروشتی مەرجی "زانینگەرایی" بە هۆی ئەم هەقیقەتەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە، کە زانینگەرایی "شیان" و "پێویستە" فۆڕمی تێنسی ڕابردوویان نییە، تا بۆ ئاماژەکردنی کاتی ڕابردوو بەکاربهێنرێن" بەڵکو بڕیارەکانی کاتی ئێستا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕابردوو نیشاندەدەن، ئەوە "ناوەڕۆکە"، نەك "مۆداڵێتی"، کە ڕابردووە. دەربڕینی "جێبەجێکەرەکان"ی مۆداڵێتی مەرجی دەتوانرێت تەنیا لە چرکەساتی قسەکردندا بکرێن (Palmer, 1986:60).

## ٢ . ٠: نـــاوەڕۆك

### ٢ . ١: لێکدانەوەی ناوەڕۆکی مەرجێتی

دوو بیری جیاواز لە زانستی زماندا جێگەی سەرنجن، (أ) "ناوەڕۆکی مەرجێتی" کە لە لایەن Seuren (1969)ەوە گەشەپێدراوە و (ب) "لێکدانەوەی پێکهێنەری"، کە لە لایەن Ross (1967)ەوە گەشەپێدراوە. بە لای Farrokhpey (1979:47)ەوە "لێکدانەوەی پێکهێنەری" بەرزترە لە "لێکدانەوەی ناوەڕۆکی مەرجێتی". فەیلەسوف و زمانەوانەکان جیاوازیی گەورە لە نێوان یەکەم، وەك "ڕستەکە سەبارەت بە چییە؟"، و دووەم، وەك "قسەکەر بۆ چ مەبەستێك ڕستەکە بەکاردەهێنێت؟"دا، دەکەن، ئەوەی ڕستەی یەکەم، لە بارەیەوە دەدوێت،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێیدەگوترێت "ناوەڕۆك proposition "، بەڵام ئەوەی دووەم (كە چۆن و بۆچی بەكاردەهێنرێت) پێی دەگوترێت "مەرجێتی"، و پێكهاتەی مەرجێتی، پێی دەگوترێت پێكهاتەی "مۆداڵ".

پێكهێنەری "ناوەڕۆك" هەندێكجار پێیدەگوترێت پێكهێنەری "ناوك"، "ناوەڕۆكی مەرجێتی" لەلایەن (Filmore 1965:1968)ەوە دیاریكراوە لە (Filmore (1965:23دا ڕستە بناخەی بنیاتی سەرەكی هەیە، كە پێكدێت لە، (أ)ناوەڕۆك، كە هەردوو "كار" و "ناو" لەخۆدەگرێت، و (ب)بنیاتی "مەرجێتی"، كە لە یەكەم جیادەكرێتەوە، ئەو مەرجێتییە لەسەر ئاستی ڕستەكە، هەموو پێكهێنەرەكانی، وەك: "تێنس"، "نەرێ"، "موود"، و "ئەسپێكت" و لە هەندێك ڕستە ئاوەڵكارەكانیش لەخۆدەگرێت، ئەوەی خوارەوە لەلایەن Filmoreەوە كراوە:




دایاگرامی (٢)

ئەوەی لەسەر "ناوەڕۆك" دەگوترێت، (Von Wright (1951:28 لە (Farrokhpey (1979:49ەوە، جۆرێكی تر لە "مەرجێتی" دەستنیشان دەكات، لەژێر ناوی "مەرجێتیی داینامیكی"، كە "توانین -can" و "لەتوانادابوون" لەخۆدەگرێت، بەلای (Katz, 1985)ەوە، جیاوازی لە نێوان "مەرجێتی" و "ناوەڕۆك" ئەوەیە، كە ڕستەی "پرسیاری" و "فەرمانی" لە مەودای مۆداڵێتیی "زانینگەرایی"دا دەبێت بۆ ناوك لێكبدرێنەوە، قسەكەرەكان بڕیارەكانی خۆیان سەبارەت بە هەڵوێست و باری هەقیقەتی ناوەڕۆكەكان دەردەبڕن، بۆ نموونە:

١. سەرقاڵبوون بە "بیركردنەوە"، "نادڵنیایی"، و "دووبەختی" لە ناوەڕۆكی دەربڕینی دیاریكراودا.
٢. دەربڕینی هەڵهێنجان، لەو كەرەستانەی توانای سەرنجلێدانیان هەیە بە مەبەستی گەیشتنە ئەنجام.
٣. پێشنیازی گریمانە دەربڕین: بۆ ئەو دەربڕینانەی بە شێوەیەكی گشتی "زانراون" و وەك "ڕاست پەسەند دەكرێن" یان وەك "دڵنیابوون" لە ڕوودانیان بەبێ ئەوەی بسەلمێنرێن و تاقیبكرێنەوە.
٤. توانای بینین و بەڵگە پێشكەشكردن: بەڵگە خستنە پێشچاو سەبارەت بە پلەوپایەی هەقیقەتی ناوەڕۆكەكە، تا باوەڕ بە گوێگرەكان بكرێت.
٥. ڕاپۆرت لەسەردان: ڕاپۆرتدان و كۆكردنەوەی بەڵگە لەسەر ئەو بارودۆخ یان ناوەڕۆكانەی لەسەر بنەمای هەڵهێنجان، كە لە شتی ترەوە سەرچاوەی گرتووە، بە قسە یان نووسین سەبارەت بە بابەتێك، كە لە ژیانی ڕۆژانەیدا زانیاریی لەسەر كۆكردوونەتەوە.
٦. هەستی/هۆشی: ئاماژەكردن بۆ هەستكردنی فیزیكی بە هۆی هەستەكانەوە لە ئەندامەكانی هەستەوە بۆ مێشك.

ئەو دەربڕینانەی مۆداڵێتی دەردەبڕن، دەتوانن، دابڕێژرێنەوە تا لەگەڵ ئەو نموونانەی خوارەوەدا بگونجێن:


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

"باری سەرنج" و "پوختەکردن" بە هۆی قسەکەرەوە بڕیاریان لەسەردەدرێت، بەڵام "ڕاپۆرتدان" جەخت لەسەر جۆری بەڵگە دەکاتەوە، سەبارەت بەو شتەی، کە قسەکەر دەیڵێت. لێرەدا دوو "وەچە سیستەم" هەن، دانەیەکیان "بڕیار"ە، کە "بیرکردنەوە" و "هەڵهێنجان" دەگرێتەوە، ئەوەکەی تر بریتییە لە "دیار و ئاشکراکان"، کە دوو جۆر لە مۆداڵێتdی "زانینگەرایی" لـەخـۆدەگـرێت، دەتـوانـیـن سـەرنـج لـە پێشنیازەکانی Givon (1982:24) لە Palmer, 1986:53) دوە بدەینەوە، کە سێ ناوەرۆك جیادەکاتەوە:

(أ) ئەو ناوەرۆکەی، کە ڕاست و بڕاوەن، بە هۆی هێزی گفتوگۆی هەمەجۆرەوە، وەك ئەوەی توانستی گفتوگۆکردنیان لە لایەن گوێگرەوە لەسەر نەبێت، دێنەبەرهەم، بە شێوەیەك پێویست بە بەڵگە و بیانوهێنانەوەی دیار لەلایەن قسەکەرەوە ناکات.

(ب) ئەو ناوەرۆکانەی، کە لەگەڵ دڵنیاییەکی ڕێژەییەوە لە لایەن قسەکەرەوە بۆ گفتوگۆ جەختیان لەسەردەکرێتەوە، بەم شێوەیە قسەکەر داوادەکات — دانیپێدادەنێت — یان بەڵگەی چەسپاندن دەهێنێتەوە.

(پ) ئەو ناوەرۆکانەی، کە لەگەڵ هەبوونی گومانیشدا وەك گریمانە لە ژێر هەردوو گفتوگۆ و بەڵگەی سەپاندندا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە.

یەکەم ئاماژە بۆ "هەواڵییەکان" و دووەم و سێیەم بۆ " بڕیارەکان" یەك بەرەو دوا دەکەنەوە.

## ٢ . ٢: تایبەتمەندیی ناوەرۆکەکان

ناوەرۆکی دەربڕینەکان، بناخەی هەڵسەنگاندن و خەملاندن دادەمەزرێنێت، Palmer پێی دەڵێت: "بناخەی مۆداڵ-modal base" و سەرەنجامی ئەو خەملاندنەش پێی دەگوترێت: "هێزی مۆداڵ modal force"، بۆ نموونە، لە (١)دا بە پێی هەستکردنەکانمان ئەوە هەڵدەهێنجین، کە "باپیر داهاتێکی باشی هەیە".

(١) باپیر پێویستە خانوویەکی جوانی هەبێت. هاوشێوەی ڕستەکەی Givon ـە.

بناخەی مۆداڵ بریتییە لە "زانیاری قسەکەر"، و هێزی مۆداڵ بریتییە لە "بە ناچاری"، لە (٢)دا دەتوانرێت "توانست و لە باردابوون"، و "تیژی ددانەکان"، هەڵبهێنجرێت، کە وەك کارێکی لۆجیکی و گونجاو بۆ کەسێك کە کاری لەو جۆرە بکات، دەبینین، بناخەی "موود" وەك "مۆدالی هێز" بەهۆی وەچە توانستی باپیرەوە دیاریدەکرێت.

(٢). باپیر دەتوانێت بە ددانەکانی بوتڵەکە بکاتەوە. / پەتەکە بپسێنێت.

ناوەرۆکی "مۆداڵێتی" بە هۆکاری جیاوازەوە دەردەبڕدرێت، وەك کارە یاریدەدەرەکان، لە (١) و (٢)دا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٢ . ٣: لەبەرچاوگرتنی سیمانتیکی

ڕێبازەکانی سیمانتیکی ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ "مۆداڵێتی"دا دەکەن، بناخەی خۆیان لەسەر ڕێباز و دەستوری لۆجیکی دامەزراندووە، کار لەگەڵ بیرێکدا دەکەن، کە دەکرێت ناوەڕۆکەکان لەسەر دەستەیەك لە دونیای چاوەڕوانکراو وێناکرابن، کەواتە، ناوەڕۆکەکان بریتین لە دەستەیەك لە دونیای دەوروبەر، کە تێیدا ناوەڕۆکەکە ڕاستە، بۆ نموونە، ناوەڕۆکی دەربڕینی "مانگا گیا دەخوات"، هاوتایە بە دەستەیەك لە دونیای چاوەڕوانکراو، کە تێیدا "مانگا گیا دەخوات".

مۆداڵەکانی "توانین" و "پێویستە"، وەك دیاریکەر لەبەر ڕۆشنایی دەستەیەك لە دونیای چاوەڕوانکراودا لێکدەدرێنەوە، و بە هۆی بناخەی "مۆداڵ"ەوە دیاریدەکرێن، بۆ نموونە، لە "باپیر پێویستە خانوو و سەیارەی گرانبەهای هەبن"دا بناخەی مۆداڵ بریتییە لەو زانیارییەی، کە قسەکەر سەبارەت بە لە "توانادابوون"ی باپیر لە دونیای هەقیقەتدا هەیەتی، واتە، زانیاری لە سەر توانای ماڵی (داهات)ی بکەر، زانیاری تری پەراوێزی وەك "بە ئەدەبی"، "خۆماندووکرن"، "بەهەدەرنەدان" و "پاشخانی خێزانی" باپیر، کە دەشێت لە دونیای هەقیقەتدا بەم سەرەنجامە بگات.

ئەوەی سەرەوە دەکرێت بەو هاوکێشەیە نیشانبدرێت، ناوەڕۆکی P بەخورتی دەبێت دەستەیەك بێت لە دونیای چاوەڕوانکراو، کە دەکرێت بەدەستبهێن، ئەگەر هەموو ئەم دونیایانە بەشێك بن لە P، و ئەگەر Pیش لە هەموو ئەم دونیایانەدا ڕاستبێت. بە هەمان ڕێگا ناوەڕۆکی P چاوەڕوانکراوە بە پێی دەستەیەك لە دونیا، کە توانستی بەدەستهێنانی هەبێت، و (بناخەی موود) ئەگەر هەندێك لەم دونیایانە بەشێکبن لە P (Palmer, 1986: 110-115).

## ٢ . ٤: ناوەڕۆکی فەلسەفی

بیری ناوەڕۆکی فەلسەفی بریتییە لە بیر و تێگەیشتن لە شتێك، کە هەڵگری بەهای مەرجی ڕاستییە، و بابەتی "باوەڕبوون"، "جەختکردنەوە"، و "بڕیاردان" لەخۆدەگرێت. کەواتە، واتای ڕستەیەك بە هۆی ئەرك و وەزیفەکەیەوە دیاریدەکرێت، کە پەیوەندیی بە کات و دەقەکەوە هەیە، دیاریکردنی ناوەڕۆکی ڕستەکانی زمان ئەرکی تیۆری سیمانتیکییە، کە بۆ هەڵسەنگاندنی سیمانتیکی "سلوك" و "ڕێبازی" ناوەڕۆکەکە پێویستە، ئەمە لە خۆیدا دەبێتە یارمەتیدەر تا "باوەڕ"، "بڕیار" و "لەسەر سوربوون"ەکانی قسەکەر دیاریبکات. چەند بیرێکی بنچینەیی ناوەڕۆك لە سەدەی بیستەمدا دەرکەوتن، بیری Russell (1956) بریتییە لە هێزو توانای بیرکردنەوە و بیری Frege (1960) بیری "مەرجی-ڕاستی"یە.

کەسێك بڕوای هەیە (سوورە لەسەر، نکوڵی دەکات، کە S′ ( بەشێکە لە) بونەوەری i ڕاستە، پەیوەست بە دەقی c، کاتی t، هەلومەرجی هەڵسەنگاندنی e و دیاریکردنی gەوە هەبێت، ئەگەر و تەنیا ئەگەر i بڕوای هەبێت (سووربێت لەسەر، نکوڵی لە e) لە (کاتی t)دا بکات، ئەو ناوەڕۆکەی بە هۆی Sەوە دەربڕراوە و ئەوەی پەیوەندیی بە c, t و g ەوە هەیە. لەگەڵ هاوڕابوونەکانیشدا، جیاوازی لە نێوان ئەو بیرانەدا لە لایەن فەیلەسوفەکانەوە هەیە.

سەبارەت بە بیری "مەرجی ڕاستی"، ناوەرۆکەکان بنیاتی ڕستەکان نیشاندەدەن، زانایانی سەر بە Frege و Russell سەبارەت بە جۆری پێکهێنەرەکان هاوڕانین، ئەوەش بۆ سروشتی "زانین" و هەستکردنەکانیان سەبارەت بە دەوروبەر دەگەڕێتەوە.

بە پێی بیری Fregean کەسانێك باوەڕیان وایە، کە"فۆسفۆر" لە بەیانیاندا دەبینرێت، بەڵام باوەڕیان بەوە نییە، کە ئەستێرەی زوهرە لە بەیانیاندا ببینرێت، بەو پێیە، لە دەقی $c'$، و کاتی $t'$دا پەیوەست بەوەی کە" فۆسفۆر" لە بەیانیاندا دەبینرێت و ئەستێرەی "زوهرەش" لە بەیانیاندا دەبینرێت ناوەرۆکی جیاواز دەردەبڕن. بەڵام ئەوەی خوارەوەش پەسەند دەکەن:

ناوەڕۆکێك، کە بەهۆی ڕستەیەکی سادەی وەك Sەوە دەردەبڕرێت، پەیوەست بە دەقی c، کاتی t، و ئەرکی، بنیاتی بوونەوەرێکە پێکهاتووە لە ناوەرۆکێکی چاوەڕوانکراو پەیوەست بە c, t and g ی پێکهێنەری Sەوە.

Fregeیەکان قسەکانیان بەوە کۆتایی پێدەهێنن، کە "فۆسفۆر" ئەستێرەی بەیان کاروانکوژە و ئەستێرەی "زوهرە" ناوەرۆکێکی چاوەڕوانکراو و دیار لەخۆدەگرن، پەیوەست بە c لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو تێرمەکە هاو-سەرچاوەن، بەدیاریکراوی تیۆری سیمانتیکی فرێجییەکان تێڕوانینی دیار پیادەدەکەن.

ناوەرۆك، بە هۆی ڕاگەیاندنی تەواو و سەربەخۆوە، کە وەك هەموویی وەردەگیرێت، دەتوانێت ڕاست بێت یان هەڵە، "پشیلەکە لەسەر فەرشەکەیە"، بۆ نموونە، — کاتێك ناوەرۆکێکی وەها لە خودی خۆیدا بابەتێك بۆ هەندێك چەندیەتی و چۆنیەتی تر بۆ ئەو جۆرە دروست دەکات، کە هەموو سەرەنجامە ئاڵۆزەکە جارێکی تر لە خودی خۆیدا دووبارە ناوەرۆکە، دواتر ئەو چەندیەتی و چۆنیەتییە دەگوترێن تا مۆدالێتی پێشکەش بکەن، کە ناوەرۆکە بنچینەیییەکە ملکەچ دەبێت" Rescher (1968:24-6) لە (Palmer, 1986:12)ەوە.

لە چوارچێوەی بیری ناوەرۆکدا، گەلێك "زاراوە" و "جۆری مۆدالێتی" ئەرکی دیار دەبینین، لەوانە، ئەو مۆدالانەی ئاماژە بۆ ڕاستی مۆدالێتییەکان دەکەنەوە، بۆ نموونە، "بە ناچاری/زەرورەت" "نەگونجاوێتی"، و "لەوانەبوونی ڕووداوێك" ئاماژە بۆ مۆدالێتی ڕاستی و هەقیقی دەکەن، ئەوە مۆدالێتی "هەڵسەنگاندن"، "هۆکاری"، و "مەرجی"یش دەگرێتەوە، لێکدانەوەی مۆدالێتی بە هەڵە یان ناڕاستەقینە، بریتییە لە (هیوا/ترسان/پەشیمانبوونەوە/ئارەزووکردن)، بۆ نموونە،(X بە هیوایە / دەترسێت، پەشیمانە /دەخوازێت) کە P. ئەوە شتێکی باشە/سەرسوڕهێنەرە/شتێکی خراپە، کە P.

Jespersen(1924:3) سەبارەت بە "content" قسەدەکات، و بۆ جیاکردنەوەی لە "proposition" وەك "واتا" ناوی دەبات، لە کاتێکدا، Lyons (1977:452) سەبارەت بە "proposition"ی ڕستە قسەدەکات، کە ئێمە پێی دەڵێین: "ناوەرۆك"، هەریەك لەمانە دەیانەوێت ئەمانە لە هەڵوێست یان باری سەرنجی قسەکەر جیابکەنەوە" (Palmer, 1986:14)، بەم شێوەیە لە ڕستەیەکدا دەتوانرێت جیاوازی لە نێوان "مۆداڵ" و ڕەگەزەکانی "ناوەرۆك"، لە نێوان "مۆدالێتی" و "ناوەرۆك"دا بکرێت. جیاوازی لە نێوان "ناوەرۆك" و "مۆدالێتی" زۆر نزیکە لەو جیاوازییەی لە نێوان کردەی "لۆکەیشنەری" و کردەی "ئیلۆکەیشنەری"دا هەیە، هەریەکە و بە ڕەفتاری تایبەت بە خۆیانەوە، لە کردەی "لۆکەیشنەری"دا لەسەر بنەمای تیۆری کردەی قسەکردن، قسەکەر شتێك دەڵێت، بەڵام لە کردەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

"ئیلۆکەیشنەری" دا قسەکەر "شتێك دەکات"، وەڵامی "پرسیار" دەداتەوە، "بڕیاری" دادگا ڕادەگەیەنێت، "ئاگادارکردنەوە" یان "بەڵێن" دەدات، سەرەتا لە دایاگرامی (٣)دا

پەیوەندیی موود بە مۆداڵێتییەوە لە سێ باردا ڕووندەکرێتەوە:

پەیوەندیی کات بە تێنسەوە
تێنس بارودۆخ لەکاتدا دادەنێت، کات
وەك پێوانە ماوەی ڕوودانی بارودۆخ
دیاری دەکات.

لۆکەیشنەری Locutionary zct
ئاماژە بۆ کردەوەیەك دەکات، کە لە
لایەن قسەکەرەوە جێبەجێدەکرێت
بە هۆی ئەو دەربڕینەی بنیاتنراوە، کە
بەڵێن، داواکردن، فەرمانکردن، گرتن و ... لەخۆدەگرێت
بە پێچەوانەی Locutionaryەوە کە بە واتای کردەی قسەکردن دێت،
Perlocutionary بە واتای ئەوەی کردەوەکە دیاریدەکرێت
بەهۆی ئاماژەکردن بۆ ئەو کاریگەرییەی، کە لەسەر گوێگرەوە هەیەتی.

ژمارە وەك ناو ژماردن
وەك کردەوەی بژاردن
مامەڵە دەکرێن.

دایاگرامی (٣)

بە لای Lewis (1946: 49) لە (Palmer, 1986:14)ەوە، ناوەرۆك بریتییە لە "لەسەر سووربوون" و "بێگومانی"، واتای "لەسەر سووربوون لەسەر ..."، دەتوانرێت پرسیاری لێوەبکرێت، نکۆڵی بکرێت یان تەنیا پێشنیازبکرێت، و لە "موود"ی تردا بەردەوام بێت و بیری لێبکرێتەوە" و بەلای Rescherەوە لە Palmer, (1986)دا کاتێك ناوەرۆك (کە دەشێت ڕاست یان هەڵە بێت) ملکەچی "لەباردا بوون/مەرج"ی زیاتر دەبێت، ئەو مەرج بۆدانانە "مۆداڵێتی" پێشکەش دەکات، بۆ نموونە، X باوەڕی بە P هەیە، X هیوادارە، کە P. و هەروەها.

## ٢ . ٥: واتای ناوەرۆکی کارە مۆداڵەکان

واتای وشەکانی زمان دوو بەشن، (ا) ئەو وشانەی، کە دەکرێت واتاکانیان بەجیا و دوور لە بەکارهێنانی دەقی دیاریبکرێن، و (٢) واتای ئەو وشانەش، کە تا ڕادەیەکی زۆر دیاریکردنی واتاکانیان دەکەوێتە سەر جۆری ئەو دەقەی تێیدا ڕوودەدەن. بە لای Wittgenstein (1977:49)ەوە "هەموو جیاوازییەکان لە بەکارهێنانی وشەیەکدا، سەرەنجامی ... و بەڵگەیە لە سەر جیاوازیی واتاکەیدا". Bolinger (1972) جەخت لەسەر دەستورە کۆنەکە دەکاتەوە، کە مەرجی سروشتی زمان وەك پارێزگاری لە یەك "فۆڕم" بۆ یەك "واتا" و یەك "واتا" بۆ یەك "فۆڕم" کردنەوەیە، زانایانی بواری زاراوەسازیش بە هەمان شێوە "یەك سیمانتیکین"، واتە، جەخت لە سەر پارچەکانی فەرهەنگ دەکەنەوە لەسەر بنەمای پەیوەندیی سینتاکتیکی نێوانیان، بێشك هەر یەك لەو ڕێبازانە بەڵگەی خۆی هەیە، بۆیە ناکرێت چ وەك ڕاست یان هەڵە وەربگیرێن.

ئەم باسە زیاتر گرنگی بە "یەك سیمانتیکی" دەدات، بۆیە، یەك واتای ناوك لەگەڵ ژمارەیەك لە وەچە ئەرك و واتا بۆ هەریەك لە مۆداڵەکانی کوردی جیادەکاتەوە، دیارە، ئەوەش لەسەر جۆری بەکارهێنانی دەقەکە وەستاوە، لەم بارانەدا نابێت ناوێزە لە هەر یاسایەکی زمانی بە کەم وەربگیرێت، بۆ نموونە، ئاسان نییە یەك واتای ناوك بۆ "ی" لە کوردی و "of" لە ئینگلیزی دیاریبکەیت، لەگەڵ Palmer (1979)دا کۆکین، کە


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

ڕێبازی "واتای کرۆکی" بۆ مۆداڵەکان دەشتنیشان دەکات، لەگەڵ واتای گشتیی باو یان دەستەیەك لە واتای نزیکی پەیوەندیدار بۆ هەر مۆداڵێك، Joos (1964)، واتای مۆداڵەکان لە بواری "سێ مەودایی" ڕستەی سەرەکی — و لە بواری ڕوخسارەکانی وەك "خەریکی ڕوودان-imminent "دا دیاری دەکات و دەڵێت: تەنیا بە ڕێکەوت نییە، کە بۆ فۆڕمێکی تاك دەستەیەك لە فۆڕم، زاراوە یان شتیتر بەکاردەهێنرێن تا زیاتر لە یەك واتای مۆداڵ بگەیەنن، ئەوە نەك تەنیا لە ئینگلزی بەڵکو لە زۆر زمانی تردا ڕوودەدات.

## ٢ . ٦: پەیوەندی لە نێوان ناوەرۆك و دونیای چاوەڕوانکراودا

پەیوەندیی نزیك لەنێوان ناوەرۆك و دونیای چاوەروانکراودا هەیە، هەر ناوەرۆکێك دەبێت ڕاست یان هەڵە بێت، لە هەر دونیایەکی چاوەڕوانکراودا، دواتر بەها و پلەی ناوەرۆکی مۆداڵی لە بواری ئەو دونیایانەدا دێتە تێگەیشتن، کە تێیدا دەبێت ڕاست یان هەڵەبێت، ئەمانەی خوارەوە پوختەی دونیای ناوەرۆکەکانن، بە شوێن (Hilpinen, 1971-23-30)دا:

(أ) **ناوەرۆکی ڕاستی:** ئەوانەن کە ڕاستن لە دونیای هەقیقەتدا، بۆ نموونە، "سلێمانی شارێکی کوردستانە".

(ب) **ناوەرۆکە هەڵەکان**، ئەوانەن، کە هەڵەن لە دونیای هەقیقەتدا، بۆ نموونە، "سلێمانی شارێکی تورکیایە".

(پ) **ناوەرۆکە چاوەڕوانکراوەکان:** ئەوانەن کە ڕاستن بەلانی کەمەوە لە دونیایەکی چاوەڕوانکراودا.

(ت) **ناوەرۆکە ڕێتێنەچووەکان:** یان ناوەرۆکی هەڵەی بەناچاری، لە هەر دونیایەکی چاوەڕوانکراودا، "باپیر لە نازەنین بچوکتر و گەورەترە لەهەمان کاتدا".

(ج) **ناوەرۆکی بە ناچاری ڕاست:** ئەوانەن کە ڕاستن لە هەموو دونیا چاوەڕوانکراوەکاندا، بۆ نموونە، "قادر لە نازەنین بەرزترە = نازەنین لە قادر نزمترە"

(چ) **ناوەرۆکە ڕێتێچوونەکان:** ئەوانەن کە ڕاستن لە هەندێك دونیای چاوەڕوانکراودا، و هەڵەن لە هەندێکی تردا.

بیری دونیای چاوەڕوانکراو دەگەڕێتەوە بۆ Leibniz کە قسە لە سەر دونیای چاوەڕوانکراو دەکات وەك ئەوەی بیرەکان لە هزری خۆدا بن و بەکاردەهێنرێن تا قسە لەسەر ئەوە بکەن، کە دونیای خوڵقاندنە هەقیقەتەکانمان پێویستە "باشتر بن لە نێوان هەموو دونیا چاوەڕوانکراوەکانماندا" .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٣ . ٠: زاراوەی موود و مۆدالێتی Mood, Mode, Modality

### ٣ . ١: بەکارهێنانی موود و مۆدالێتی لە زمانەکاندا

فۆڕمی کارەکان تایبەتمەندیی "موود"، "بارودۆخ"، "جۆر"، "شێوە"، "ژمارە"، "کەس"، "تێنس"، "ئەسپێکت" و "گەردانکردن"، وەردەگرن، کەواتە لەبری پێناسە بۆ "موود" پۆلکردنی "موود" هەیە، ژمارەی "موود" بە پێی Quintilian پێنج دانەن، لە لای کەسانی تر دەبنە حەوت، "گێڕانەوە"، "پرسیارکردن"، "وەڵامدانەوە"، "فەرمانکردن"، "ئارەزووکردن"، "بانگکردن"و ...، و پێیان دەگوترێت فۆڕمی "بناخەی قسەکردن"، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەند بەکارهێنانێك بۆ modus، لە کێڵگەی لۆجیکدا بەکاردەهێنران، بۆ نموونە:

**یەکەم:** "توێژینەوەی پێوانەیی و ئەنجام لێکدانەوە لە گشتییەوە بۆ تایبەت"، یەکێك لە واتاکانی modus ئاماژەکردنە، کە پەیوەندیی بە دیاریکردنی گریمانە و سەرەنجامەوە وەك گشتی"، "تایبەت"، "ئەریّ"، و "نەریّ"وە، هەیە:

- هەموو ئاژەڵەکان دڕندەن.
- پشیلە ئاژەڵە.
- لەبەر ئەوە پشیلە دڕندەیە.

**دووەم:** بەکارهێنان لە لۆجیکی ناوەرۆکدا، modus ئاماژە بۆ بنیاتی "مشتومڕی" دەکات، وەك ئەوەی لە بانگهێشتی گفتوگۆدا دەبینرێت:

- ئەگەر باران بێت، پاشان شەقامەکان تەڕ دەبن.
- بارانە.
- لەبەر ئەوە شەقامەکان تەڕدەبن.

modus ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکات، کە ئێستا پێی دەگوترێت "مۆدالێتی"، کە لە troposی یۆنانییەوە وەرگیراوە، و لە لێدواندا بەکاردەهێنرا، ئەوە لە 1850 [von] prant])ی "ئەرەستۆ"دا بەکاردەهات، و ڕستە بە مەبەستی دەربڕینی ناوەرۆکی پێشنیازیکراو بەکاردەهات، بۆ نموونە، لە ڕستەیەکی وەك "بارانە" بەم واتایەی، کە کەسێك دەتوانێت بڵێت، کە ئەوە، پێویستە، ڕێپێدەچێت، لەوانەنییە، یان لەوانەیە باران بێت، ئەو وەسفانە لە بەشی "کاری"دا خوێندنەوەی "ڕاست" یان "هـەڵە" وەردەگرن و پێیدەگوترێت modi و کاتێك modusێکی وەها هەبێت، و هەموو ناوەرۆکەکە بریتییە لە modalis، (Bochenski, 1961:182) modus واتای ڕێباز manner دەدات و فرەئەرکییە، کە لەسەر باری سەرنجی بەکارهێنەرەکەی وەستاوە، واتای گشتی "موود" کاتەگۆریی زۆر دادەپۆشێت، لەوانە "سەلماندن"، "ڕێکخستن" "فەرماندان"، و "ئارەزوکردن "، موودی mode پێی دەگوترێت، ڕێژەی "هەواڵی" و "فەرمانی".


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

"موودی" ناسەرەکی وا لە ڕستەکان دەکات وەك ئەوەی ببن بە مۆداڵی "ناوەرۆك"، شتێك، کە وەك "مەرجی" و "ڕێکەوت" دەردەکەوێت کاتێك، کە قسەکەر تەنیا "لەوانەبوون" یان "ڕێگاپێدان" دەردەبڕێت. بە پێی ,Wilkins 1668:315 هەروەها Vorlat لێکدانەوەی کارە "مۆداڵەکان" لەژێر ناونیشانی "موود"دا دەگەڕێننەوە بۆ ماوەیەکی دوور، کە بە پێی ڕێزمانی Lily وەك ڕەمزی "موود" دەناسرێن. Sweet (1891:420-428) کارە "یاریدەدەر"ەکان لە بری "موود" بەکاردەهێنێت، بەلای Wilkins (1668)ەوە، کارە مۆداڵەکان تەنیا ئەوە نین، کە وەك واتای زیادەی دەربڕینی "موود"، دەبینرێن، بەڵکو وا لەبەرچاودەگیرێن وەك یەکسانی "لەوانەبوون"ـە بۆ "موود"ی گەردانی کاری، و تەنیا mode بەکاردەهێنێت نەك "mood"، کە لەم کاتانەدا هەردووکیان بەکار دەهێنرێن.

دواتر، Bloomfield (1933) و Hockett (1958) هەردوو "mode" و "mood" بەکاردەهێنن، Kant زاراوەی Modalitat بۆ واتای modus بەکاردەهێنێت تا ئاماژە بۆ "بە ناچاری" و "لەوانەبوون"ی ناوەرۆکەکان بکات، "مۆداڵێتی" وەك دانەیەك لە کاتەگۆرییەکانی "فەرمانی"، "بڕیارەکانی مرۆیی"، "چەندیەتی و چۆنیەتی"، دەبینێت، لە حاڵەتی "مۆداڵێتی"دا پەیوەندیی هەریەکەیان لە سێ کاتەگۆری پێکدێت، کە بریتین لە "گیروگرفتی"، "جەختکردنەوە"، و "بەڵگەداریی". لە ڕێزمانی یۆنانی و لاتینیدا، سێ جۆری "مۆداڵێتی"، لەسێ "موود"دا نیشاندەدرێن: بۆ نموونە، "ڕاستی" بەهۆی هەواڵییەوە، "لەوانەبوون" بەهۆی "بەڵێن" و "بە ناچاری" بەهۆی "فەرمانییەوە" دەردەبڕدرێن، (Koppin, 1877:14).

لە سەدەی بیستەمدا، بەکارهێنانی زاراوەی "مۆداڵێتی" لە Sapir (1921:87-88)دا دەبینرێت، و تەنیا بە واتای "موود" بەکاریدەهێنێت. بە تێگەیشتنی نەریتی moodی جەخت لەسەر "هەواڵی" و "مەرجی" دەکرێتەوە. Zandvoort (1962:102-105) "modal" بەکاردەهێنێت، کاتێك "ڕابردووی سادە" یان "یاریدەدەر" واتایەك بەخۆوەدەگرێت، کە نزیك بێت لە یەکێك لە مامەڵەکانی لەژێر ناوی "Mood"دا. ئاوەڵنای "modal" بە شێوەیەکی دیار ئاماژە بۆ "mode" دەکات، کە وەك هاوواتا بۆ "mood" مامەڵەدەکرێت. بەلای Lyons (1968: 307-309) ەوە، "mood" وەك زاراوەی گشتی، "modality" ڕوودەدات، بەڵام جیاوازی تەنها لە "شێواز" دایە.

لەم سەردەمەدا "مۆداڵێتی" لەسەر حیسابی "موود" بەکاردەهێنرێت، گەشەکردنەکەشی زیاتر بە هۆی Palmer, Von Wright, and Kant ەوە بووە، و دواتر شوێنی "موود"ی گرتەوە، "موود" / "مۆداڵێتی"، ئاماژە بۆ جۆرەکانی ڕستە و/یان کردەوەی قسەکردن دەکەن، پەیوەندی لە نێوان ئەو دووانەدا، **لە هەنگاوی یەکەمدا** "مۆداڵێتی"، شوێنی "موود" دەگرێتەوە، **لە هەنگاوی دووەمدا** "موود" لەخۆدەگرێت، بیری "موود" بەکاردەهێنرێت تا ئاماژە بۆ ڕوخساری ئەو واتایانە بکات، کە لە ژێر ناونیشانی "مەرجی"، و "ئامرازی لێکدەر"دا دادەنرێن، و ئاسایی لە مۆرفۆلۆجیی کارەکەدا تۆماردەکرێت.(Bhat, 1999) وەك زمانەوانەکانی تر "موود" لەبری "مۆداڵێتی"، بەکار دەهێنێت، و "موود"ی فەرمانی وەك کاتەگۆریی "کردەوەی قسەکردن"، وەردەگرێت نەك کاتەگۆریی "موود". بەلای (Hengeveld, 2004)ەوە، "موود" کاتەگۆرییەکی فۆرماڵییە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تەنیا بۆ مۆرفۆلۆجی وەك كاتەگۆریی "كردەوەی قسەكردن"، هاوتایە بە كاتەگۆریی سیمانتیكی مۆداڵێتی و Illucation [1]، واتە كردەی قسەكردن وەردەگرێت.

وەك سەرەنجام، "موود" وا لەبەرچاودەگیرێت وەك ئەو واتایە بێت، كە پێویستە لەمەودای گەردانی كارییەوە تەعبیری لێكبدرێتەوە، و ئەو واتایە دەربڕێت، كە "لە حاڵەتی كۆتاییدا "موود" دەبێت بەو كاتەگۆرییە فۆڕماڵییەی، كە پەیوەندیی بە "مۆداڵێتی"یەوە هەیە، بەو ڕێگایەی، كە تێنس پەیوەندیی بەكاتەوە هەیە، (Palmer, 1986:21-23).

## ٣ . ٢: بیری مۆداڵێتی

بیری مۆداڵێتی كۆنە، كە گرنگیی تەواوی بە هەردوو "لەوانەبوون" و "بە ناچاری" داوە، — دەركەوتنی بیرگەلی وەها بۆ ئەو هەقیقەتەی" كە مرۆڤەكان بەردەوام بیردەكەنەوە و ڕەفتاردەكەن وەك ئەوەی شتەكان دەشێت شتیتربن وەك لەوەی لە واقیعدا هەن دەگەڕێتەوە (سەیری Perkins 1982:5 بكە لە Nielson,1990-34)وە، "بە هۆی بیری "مۆداڵێتی"یەوە بیری "لەوانەبوون"، "ناچاربوون"، و "چاوەڕوانكردن"، یان "ئەو شتەی توانستی تێگەیشتنی هەیە" دەزانرێن، و هەروەها (Nielson,1990: 43) لەم سەردەمانەدا فەیلەسوف و لۆجیكییەكان بە هۆی بەكارهێنانی ئەو دەربڕینانەی سەبارەت بە دونیای چاوەوانكراوەوە گوتوویانە، هاوبەشییان لە توێژینەوەی بیری "مۆداڵ"دا كردووە. ئەوان لە پاڵ دونیای ڕاستیدا دونیای چاوەڕوانكراو تێدەگەن، وەك دانەیەك لە وەها دونیایەكی جێگرەوە (ئەڵتەرناتیف) بۆ گەیشتن بە دونیای هەقیقەت، كە شتەكان تێیدا هەن، بۆ نموونە، لە "پێویستە باپیر لە جێگاكەدا بێت" جەخت لەوە دەكاتەوە، كە "شتەكان" هەن وەك ئەوەی قسەكەر ئارەزوودەكات، كە لە دونیای هەقیقەتدا هەبن، بە چاوپۆشین لە دونیای ڕاستی، دونیای چاوەڕوانكراو بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت، كە پێی دەگوترێت "مۆداڵێتی"، و لە مەوداكەیدا "ڕووداو" یان "ناوەرۆكێك" وەك "تەواو" یان "ڕاست" لەبەرچاودەگیرێت. Perkins, 1982: (10ff) لە (Nielson, 1990-43)وە، سێ ئەركی مۆداڵێتی بنچینەیی جیادەكاتەوە:

١. مۆداڵێتی (ئەو ڕێبازەیە كە) گرنگی بە دەستوری هەڵهێنجان و ئەنجامكردنی مێشكی دەدات.
٢. مۆداڵێتی (ئەو ڕێبازەیە كە) گرنگی بە یاسای كۆمەڵایەتی یان دامەزراندنی دەدات.
٣. مۆداڵێتی (ئەو ڕێبازەیە كە) گرنگی بە پەیوەندی لە نێوان بارودۆخی ئەزموونی و بارودۆخێك دەدات، كە بەدوای ئەوەدا دێت، بۆ نموونە:

[1] ئەمە زاراوەیەكە، كە لە تیۆری كردەی قسەكردندا لە لایەن Austinەوە بەكارهاتووە تا ئاماژە بۆ "ڕەفتارێك" بكات، كە لە لایەن قسەكەرەوە بە هۆی ئەو دەربڕینەی پێشتر بنیاتنراوە، جێبەجێ دەكرێت، بۆ نموونە: Illucationary acts یان Illucationary force ئەو زاراوانەن و لە لایەن Austinەوە بەم واتایانە بەكارهاتوون: (١) locutionary بە واتای كردە، واتە ڕەفتاری دەربڕین و وتن، (٢) Illocutionary act كردەوەی بەجێگەیاندن كە" بەڵێندان"، "ناولێنان"، "داواكردن"، و ... (٣) Perlucutionary بە واتای دیاریكردنی ڕەفتارەكە بە پێی ئەو كاریگەرییەی لەسەر دەربڕینەكە لەسەر كەسانی تر هەیەتی.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

(أ) "دەشێت ئابوری خراپتر بێت" یان "پێویستە نازەنین چواردە بێت" ئەوە بە مۆداڵی "زانینگەرایی" ناسراوە.

(ب) "دەشێت قەڵەمەکەی من قەرزبکەیت"، و "پێویستە هەر ئێستا ئەوە بکەیت" وەك "بەڵێن و ئەرك" ناسراوە.

(پ) "نازەنین دەتوانێت مەلەبکات"، کە وەك داینامیك وەسفکراوە، و ئاماژە بۆ "ئەو پەیوەندییە دەکات، کە لە نێوان بارودۆخەکان و ڕووداوە ناهەقیقییەکاندا هەیە بەپێی یاسای سروشتی" (Perkins, 1982:11).

بە هۆی بیری "لەوانەبوون"دوە شیکردنەوە و لێکدانەوە لە "بیروباوەڕ"، "ڕووداو"، "کردەوە"، و "هەڵوێست"، لە بواری دونیای چاوەڕوانکراودا دەکرێت. ئەوە هاریکارە تا دوو دەربڕین بەهای جیاوازیان پێ ببەخشرێت، بۆ نموونە: "پێویستە گەیشتبن"، "لەوانەبوونی بەرز" و "بە ناچاری" دەردەبڕێت، و جیاوازە لە "ئەوان گەیشتوون" لەوەدا، کە پەیوەندی بە هەندێك پلەی نادڵنیاییەوە هەیە، ئەو دەربڕینانەی، کە خوێندنەوەی "لەوانەبوونی بەرز" بە دەربڕینەکە دەدەن، بریتین لە "بە تەواوی" و "بێگومان" بە مەبەستی "جەختکردنەوە"، "بەدڵنیاییەوە"، "بە گەرەنتی و "بۆ تاقیکردنەوە" سەبارەت بەوەی باسکراوە. مۆداڵی "بە ناچاری"، لە مەودای بیری "دونیای لەوانەبوون"دا دیارە، چونکە "لەوانەبوون" و "بە ناچاری" بە شێوەیەکی لۆجیکی پێکهێنەری تەواکەرین، بە هۆی لێکدانەوەی واتاکانیانەوە لەژێر نەرێدا بەدەردەکەون، دەربڕینە مۆداڵەکان بریتین لە:

(١) ئەوانەی، کە بەهۆی کارە یاریدەدەرەکانەوە بەئەنجام دەگەیەنرێن.

(٢) ئەوانەی، کە بەهۆی گەردانی کارییەوە بەجێدەهێنرێن (فەرمانی و مەرجییەکان).

## ٣ . ٣: مۆداڵێتی لە کوردی و ئینگلزیدا بە شوێن (Nielson 1990-43)دا

مۆداڵێتی، دەشێت:

(أ) بە شێوەیەکی ڕێزمانی (مۆرفۆلۆجی) یان بە شێوەیەکی گەردانی کاریی ڕستەسازی: (بەهۆی کارە یاریدەدەرکانەوە) یان خوێندنەوەی دەقییەوە دەربڕدرێت.

(ب) مۆداڵێتی، بە ڕێگای فەرهەنگی جیاوازەوە دەردەبڕدرێت، بۆ نموونە: "کاری تەواو"، "ئاوەڵناو"، "ئاوەڵناوی کاری و ...، (کە لە کارەوە وەرگیراوە وەك ئاوەڵناو کاردەکات و تایبەتی کار و ئاوەڵناویشی هەیە).

(پ) ئەو "مۆداڵێتییە"ی بە شێوەیەکی ڕێزمانی دەردەبڕدرێت ، پێی دەگوترێت "موود".

(ت) بەڵام ئەگەر "موود" بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆجی دەربڕدرێت، دەکرێت وەك "پێکهێنراو" ئاماژەی بۆ بکرێت، وەچە پێکهێنراوی "موود" دە ئەندامی هەیە، کە بە هۆی ئەو دایاگرامەی خوارەوە، کە لە analytic (Huddleston 1984: 164ff) لە (Nielson 1990-46)دوە وەرگیراوە، دەخرێتەڕوو:




دایاگرامی (٤)

## ٣ . ٤: کەسێتی لە مۆداڵێتیدا

مۆداڵێتی هەر مۆداڵەتییەك بە شێوەی ڕێزمانی نیشانەکرابێت، ئەوە لە جەوهەردا کەسییە، Lyons (1977:452) دەڵێت "زاراوەکانی "بە ڕاشکاوی"، "خۆشبەختانە"، "لەوانەیە"، "بە ژیرانە"، باری "سەرنجی قسەکەر" یان "هەڵوێست" دەردەبڕن بەرەو "ناوەرۆك"، کە بە هۆی ڕستە یان بارودۆخەکەوە دەریدەبڕێت و ناوەرۆك وەسفی دەکات —— " کەسێتی گەورەترین گرنگیی هەیە بۆ تێگەیشتنی ... مۆداڵێتی؟ بەم جۆرە دەگوترێت، کە مۆداڵێتی وەك بە ڕێزمانیکراوی قسەکەرەکانە".

**٤ . ٤ . ١: کاتەگۆریی مۆداڵێتی:** بیری "مۆداڵێتی" لە هەردوو لۆجیك و زمانەوانیدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەندێك تێکەڵ و پێکەڵی سەبارەت بە لۆجیك و مۆداڵێتی زمانی دێنەئاراوە.

**٣ . ٤ . ٢: بیری مۆداڵی لە لۆجیکدا:** مۆداڵێتی وەك پەیوەندیی ناوەرۆك بە ڕاستی بابەتی دیاریکراو، دوو ئاڕاستەیە، (ا) لەسەر بناخەی موود mode سەبارەت بە "لەوانەبوون"، "ڕاستی"، و "بە ناچاری" یان (ب) لە دوو حاڵەتدان "ڕاست" یان "درۆ".

**٣ . ٤ . ٣: بیری مۆداڵێتی لە زمانەوانیدا:** نادیارە و کراوەیە بۆ ژمارەیەك لە پێناسەی چاوەڕوانکراو و جیاواز سەبارەت بەو کاتەگۆرییە، بەو جۆرە "مۆداڵێتیی زمانی وەك کاتەگۆریی سیمانتیکی-ئەرکی (بیری) دیاری دەکرێت، کە پەیوەندیی دەربڕینەکە بە "ڕاستی ـ ناڕاستی"یەوە دیاری دەکرێت وەك ئەوەی لە لایەن قسەکەرەوە دەردەبڕدرێت" (Khomutova, 2014-396) .

**٣ . ٤ . ٤: تایبەتمەندیی ڕاهاتنی قسەکەر:** مۆداڵێتی لە زمانەوانیدا جیاوازە لە مۆداڵێتی لە لۆجیکدا. بۆ نموونە: لە لۆجیکدا ڕستەیەکی وەك "بەغداد پایتەختی کوردستانە" بە هۆی ڕەفتاری ناڕاستی مۆداڵێتییەوە دیاری دەکرێت وەك ئەوەی ناوەرۆکەکە ناڕاستە، لە زمانەوانیدا هەمان ڕستە لە باری سەرنجی قسەکەرەوە، بارودۆخەکە وەك هەقیقەتێك پێشکەشدەکرێت.

**٣ . ٤ . ٥: مۆداڵێتیی زمانەوانی: مەودای سیمانتیکی**

مۆداڵێتی زمانەوانی دەکرێت بە دوو بەشەوە، "مۆداڵێتی ڕاستی" و "مۆداڵێتی ناڕاستی"، یەکەمیان بارودۆخەکان لە دیدی قسەکەرەوە وەك هەقیقەت دیاری دەکات. لە "مۆداڵێتی ناڕاستی"دا ڕوخساری

بارودۆخەکان، لەلایەن قسەکەرەوە وەك ناهەقیقەت لێکدەدرێنەوە، بۆ نموونە: "ئەمڕۆ سێ شەممەیە".- (مۆداڵێتیی ڕاستییە)، (Khomutova, 2014-396-397) بەڵام "حەزدەکەم ئەمڕۆ شەممە بێت"، و "ئەگەر ئەمڕۆ شەممە بێت، ناچم بۆ قوتابخانە"، (مۆداڵێتی ناڕاستییە)، کەواتە مۆداڵێتی بە تەنیا پەیوەندیی بە کارەوە نییە، بەڵکو بە هەموو ڕستەکەوە (Palmer, 1986). مەودای سیمانتیکی و واتای دەربڕینی ناڕاستی وەك یەك نین.

(Khomutova, 2014-396-397) سیمانتیکی ناڕاستی بەهۆی سێ جۆری مۆداڵێتییەوە پێشکەش دەکات:

١. مۆداڵێتیی ناڕاستی، بۆ نموونە: "حەزدەکەم ئەمڕۆ شەممەبێت" واتای وایە، کە ئەمڕۆ شەممە نییە.

٢. مۆداڵێتیی "پێسەلماندن/هاندان" بۆ مۆداڵێتیی زمانی، "بڕۆ شتەکانم بۆ بهێنە"، وەك تایبەتمەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی "هاندان" تا کردەوەیەك جێبەجێبکرێت.

٣. مۆداڵی "گریمانەکاری"، بۆ نموونە: "دەشێت بێت"، "لەوانەیە یارمەتیمان بدات"، کە لە باری سەرنجی قسەکەرەوە چاوەڕوانکراوە، " ئەوانە هەموو وەك بارودۆخی نا-هەقیقی لە باری سەرنجی قسەکەرەوە مامەڵەدەکرێن، لە بواری واتاوە، "مۆداڵێتی زمانی" پێچەوانەی ڕاستی و ناڕاستییە، واتای ڕاستی قووڵ و واتای ناڕاستی فرەوان و گشتگیرە، مۆداڵێتیی زمانی واتای دەربڕینەکانە، بۆ نموونە:

(أ) کاتەگۆریی مۆرفۆلۆجیکاڵیی "موود"، بۆ نموونە: "ئێستا بەهارە"، "حەزدەکەم تۆ بم"، "ئەوە بوەستێنە!"، لە واتا و دۆخ، "ئەگەر لە لەندەن بوومایە دەمویست هەموو ڕۆژێك ئینگلیزی قسەبکەم".

(ب) واتای زاراوەیی ـ سینتاکتیکی: پەیوەندیی بە کارە مۆداڵەکانەوە (دەشێت، شیا، توانی، دەتوانێت، پێویسە، دەبێت، پێویستە) هەیە، کە لەگەڵ چاوگدا, "چاوەڕوانم مەکە چونکە دەشێت لە چاوپێکەوتندابم" دێن.

(پ) واتای زاراوەیی کارە مۆداڵەکان، (ڕەنگە-maybe، دەشێت، بەشکو perhap، لەوانەیە -possibly، بۆی هەیە-probably"، و هەروەها "، "قەت قەرز نادەم بە کەسێکی قەرزکوێر دەشێت تۆ ئەوە بزانیت".

(ت) جۆری سینتاکتیکی ڕستە و کلۆزی ناسەرەکی: "ڕستەی فەرمانی"، "کلۆزگەلێك"، کە بە هۆی "ئەگەر"، "بیرکردنەوە"، "کلۆزی مەرجی" و ... " بنیاتبنرێت، "ئەگەر سەیری هەقیقەتی خۆمان بکەین، دونیا گونجاو نییە تا ئێمە لێی بژین".

## ٣ . ٥: بناخەی هەواڵی و سەرەی کلۆزی

توێژینەوەکان سەبارەت بە "مۆداڵ" وەك یەك نین، بۆیە دەکرێت لە زۆر لایەن و ڕێگاوە توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت، بۆ نموونە: "زانستی دەروونناسی"، و "کۆمەڵناسی"، "لۆجیك" و هەروەها. *کارە "مۆداڵەکان" بە شێوەیەکی فۆنۆلۆجیکی سەربەخۆن، و ڕاستەوخۆ ڕۆڵی جیاواز لێکدەدەنەوە، کە بە هۆی "بناخەی هەواڵی" و "سەرەی کلۆزییەوە" دەبینرێن، دیارە لە هەموو ڕستەکاندا کاری مۆداڵی ڕوونادات، کە تێیدا "بناخەی کاری هەواڵی" بریتییە لە مۆرفیمی تێنس، و بەشێوەیەکی فۆنۆلۆجیکی بە یەکەم کارەوە دەلکێت و سەرەی کلۆزی دروست دەکات. جیاوازی لە نێوان "بناخەی هەواڵی کاری" و "سەرەی کلۆزی"، ئەوەیە، کە لە کوردیدا کارەکان*


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

*ئەرکی سەرەی کلۆز دەبینن، و جۆرێك لە بنیاتی گشتی پێشکەش دەکەن، ئەو شتەی ف-ن و کلۆزی دیاریکراو هاوبەشی تێدا دەکەن ئەوەیە، کە بە بناخەکراون، کەواتە هەر ڕووداننێکی قسەکردن هاوبەشی لە بناخەدا دەکات، کە پێکدێت لە "کات"، "شوێنی قسەکردن"، و "هاوبەشەکان لە ڕووداوی قسەکردن" و هەروەها.*

*بناخەی "زانینگەرایی" پرۆسەیەکە، دەربڕینە زمانییەکان بە بناخەوە دەبەستێتەوە، دیاریکەرەکان بناخەی دەربڕینە ناوییەکان دادەمەزرێنن ئەوە بە هۆی ڕێکخستن و نیشاندانی نموونەیەکی وەك "زانای فەلەکناسی"یەوە دەکرێت نیشانبدرێت، پرسیار دەکرێت، ئایا "فەلەکناسی زانستە؟" پەیوەندی لە نێوان کەسەکە وەك زانا و فەلەکناسی گونجاوە؟، چونکە ئاماژەبۆکراو لە دەقی فیزیکی ڕاستەوخۆدا بوونی هەیە؟ و هەروەها:*

*بە هەمان شێوە (أ) ناوەکان بەهۆی دیاریکەرەکانەوە (ب) کلۆزەکان بە هۆی تێنس و مۆداڵەکانەوە دادەمەزرێن، و پرۆسەکە بە ڕووداوی دیاریکراوەوە گرێ دەدەن، و بە هۆی کاتەگۆڕیی "تێنس" و "نیشانەی تێنسەوە" سەرجەم پرۆسە و ناوەرۆکەکە پەیوەست بە کاتی قسەکردنەوە دادەنێن، لە ناویاندا، کارە "مۆداڵەکان" بارودۆخی ڕاستیی پرۆسەی دیاریکراو لە تێڕوانینی قسەکەرەوە دادەمەزرێنن.*

مـوود

| بەڵێن و ئەرك ، دیۆنتیك | زانینگەرایی |
| --- | --- |
| ئاماژە بۆ بەڵێن و ئەرکی سەرشان دەکات وەك بیری کردەوەی تایبەت بە ڕەوشتی جوانی یان ڕەفتاری چاك و پەسەند، ڕێگاپێدان، ڕێگالێگرتن بۆ نموونە، "باپیر دەبێت لە کۆبوونەوەکە ئامادەبێت" | جۆرێکە لە نیشانەی ڕێزمانی/ بڕیارەکانی قسەکەر پەیوەست بە زانیارییەکانی سەبارەت بە "لەوانەبوون"، "ڕێتێچوون"، یان "دڵنیابوون" لەو ناوەرۆکەی بەهۆی ڕستە و دەربڕینی دیاریکراو، "شیان" و "ڕەنگە"وە دەردەبڕدرێت، بۆ نموونە، "باپیر بەو نزیکانە لێرە دەبێت"، |
| فۆرمی لۆجیکی ("ئەوە ڕێگای پێدراوە کە P") وەردەگرێت. | فۆرمی لۆجیکی ("ئەوە زانراوە کە p") وەردەگرێت. |

*دایاگرامی (٥)*

*"مـوود" گرانە بە تەواوی بەسەر ئەو دوو کاتەگۆرییانەدا دابەش ببێت، چونکە واتا، ڕەفتار و لێکدانەوەکانیان زیاتر پشت بەو دەقە دەبەستێت کە تێیدا ڕوودەدات، بۆ نموونە، "باپیر دەتوانێت ئەو پارەتییە وەربگرێت"، وەك مۆداڵی ئەرك و بەڵێن ڕەفتاردەکات، بەڵام "نازەنین دەتوانێت ١٠٠م ڕابکات"، وەك کاری فەرهەنگی ڕەفتار دەکات.*

### ٣ . ٦: موود و مۆداڵە یاریدەدەرەکان

کارە یاریدەدەرەکان پشت بە کاری سەرەکی دەبەستن، و بە دیاریکراوی بە مەبەستی نیشانەکردنی "تێنس"، "ئەسپێکت"، "موود" و ڕێژەی "کارادیار" بەکاردەهێنرێن، و بە واتای ڕێژەی کاریش دێن و mood


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

mode =و فیچەرە سەرەکییەکانی کاریان لەدەستداوە، بۆیە پشت بە کارە سەرەکییەکان دەبەستن، مەبەست لەم کارە دیاریکردن و تاقیکردنەوەی سیمانتیکی کارە یاریدەدەرە مۆداڵەکانە، بە بەراورد بە ئەوانەی ئینگلیزییەوە، و ئەم تایبەتمەندییانە بەخۆوەدەگرن:

١. *کارە یاریدەدەرە مۆداڵەکان ناتوانن لە بواری تێنس و ئەسپێکت گەردان بکرێن، -musted, musting.*
٢. *نیشانەی کەسی سێیەم وەرناگرن، بۆ نموونە، نابێت بگوترێت "she musts".*
٣. *فۆرمی چاوگیان نییە، ناگوترێت، "to must"، هەرنا لە حاڵەتی بکەریدا "پێویستین".*
٤. *نیشانەی پرۆگرێسڤ وەرناگرێت I am musting لە کوردیدا "ناگوترێت "وا/خەریکە من پێویستە بڕوا".*
٥. *کارە مۆداڵەکان فۆرمی کاری سادەیان بە شوێندا نایەت، بەڵام چاوگی ڕووتیان بە شوێندا دێت" ناگوترێت "باپیر پێویستە ڕۆیشت "Lily must went"، بەڵام دەگونجێت بگوترێت "پێویستە بڕوات یان he must to go". لە ئینگلیزیدا بە جووت ڕوو دەدەن، بۆ نموونە، "can-could" "will – would" لە کوردی ئەوە ڕوونادات.□*
٦. *نموونەی "زنجیرەی تێنسی" فۆرمی تێنسی ڕابردوو و ڕانەبردوویان هەیە، لە ڕستەی تەواوکەردا، بۆ نموونە: (١) "وام بیردەکردەوە کە نازەنین حەزی لە خۆپەرستییە" و (٢) بیرمکردەوە لەیلا حەزی لە خۆپەرستی بوو".□*
٧. *فۆرمی مۆداڵی ڕابردوو لەسەر دەقی تێنسی ڕابردوو سنووردار ناکرێت، پۆلکردنی نەریتی مۆداڵەکان بۆ فۆرمی "ڕابردوو" و "ڕانەبردوو" بابەتێك نییە، هەموو بیر و زمانەوانەکانیش لەسەری کۆك بن.□*
٨. *نیشانەی "نەرێ" لە کوردیدا لەپێش مۆداڵەکان "نەشیان" و لە ئینگلیزی لە دواوە دێت "not possible".□*
٩. *دەتوانن پێش بکەر بکەون "پێویستە/دەبێت ئاگام لەخۆم بێت/بڕۆن/".□*
١٠. *دەتوانن لە بری کاری فەرهەنگی تەواو بەڵام بە کەمی بەکار بهێنرێن "تری دەبێتە ئەندازیار". "دەتوانم هەزار مەتر ڕابکەم".□*
١١. *دەتوانرێت لە ڕەمزدا بەکاربهێنرێن.*□
١٢. مرۆڤەکان لە دونیای دەرەوە تێدەگەن و بەهۆی بیرەکانی وەك "کات"، دیاریکردنی "جۆر"، "ڕەگەز"، "نێر" و مێ،... وە "شیکردنەوە"، "خستنەڕوو"... ، لەم بوارەدا هەریەك لە کاتەگۆرییەکانی وەك "تێنس"، "ئەسپێکت"، "موود"، "ژمارە" و... ڕۆڵ دەبینن.□
١٣. لە زانستی زماندا کارە یاریدەدەرەکان هەمان بەها و ڕەفتار وەك کارە فەرهەنگییەکان بەخۆوەناگرن، ئەوەش بۆ بنیاتی وشەسازی، ڕێزمانی، و سیمانتیکییەکانیان دەگەڕێتەوە، کارە یاریدەدەرەکان ئاماژە بۆ کارێك دەکەن، کە حوکمی فۆڕمی نادیاریکراوی کارێکتر دەکەن، نموونە بۆ کاری فەرهەنگی، "پاراستن"، "بەڵێندان"، "هیواخواستن"، "بەدەستهێنان"، "ویستن"، "حەزکردن"، هەروەها کە وەك کارە یاریدەدەرەکان وان لە کاتی کۆبوونەوەیاندا لەگەڵ فۆڕمی کارە نادیاریکراوەکان، بۆ نموونە: "بەڵێنمدا، کە پێیبڵێم، لەلایەن پۆلیسەوە گیراوە"، کە جیاوازە لە "پێیدەڵێم, لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرا" ( سەیری Nielson, 1990:16-8بکە).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زاراوەی "موود"، "مۆداڵێتی" ئەرکی فرەوان دیاری دەکات، و جێگەی گرنگی پێدان و باری سەرنجی زانایانی بواری "سیمانتیك" و "لۆجیکییەکان"ـە، ئەرکی مۆداڵی بە هۆی گەردانی کارییەوە نیشانە دەکرێت، چونکە "زۆربەی زۆری واتای پەیوەست بە مۆداڵێتی، بە شێوەیەکی باو لە کاتی گەردانی "پێشگر" و "پاشکر"ەکانەوەیە، کە لەسەر کارەکان ڕوودەدەن" (Bybee, 1985:165). زۆرجاریش وا ڕێکدەکەوێت، کە دوو واتای ڕێزمانی یان زیاتر هەمان دەربڕینی موودیان هەبێت لە زماندا، بۆ نموونە: "فەرمانی" و "مەرجی" (Jespersin, 1924:33) لە (Palmer, 1986:9 -10)ەوە، دەڵێت:

مۆداڵەکان هەڵوێستی دیاریکراوی مێشکی قسەکەر دەردەبڕن بەرەو مەبەستی ڕستەکە، بە هەرحاڵ لە هەندێك حاڵەتدا هەڵبژاردنی موود، تەنیا بە هۆی هەڵوێستی قسەکەری هەقیقییەوە دیاریناکرێت، بەڵکو بە هۆی تایبەتمەندیی خودی کلۆزەکە و پەیوەندییەکەی بە کاری سەرەکییەوەیە، کە پشتی پێدەبەستێت، زیاتریش، زۆر گرنگە، کە ئێمە قسە لەسەر "موود" بکەین، تەنیا ئەگەر هەڵوێستی مێشك لە کارەکەدا پێشکەش بکرێت، بەم شێوەیە موود ڕێزمانییە.

M.Y. Blohk دەڵێت: "موود" لێکدانەوەکانی قسەکەر دەردەبڕێت سەبارەت بە بارودۆخەکان وەك هەردوو "هەقیقەت" و "خەیاڵی"، و دوو "موود" جیادەکاتەوە، "هەواڵی" و "مەرجی"، کە دژ بەیەکن و یەکیەتیی سیستەم بنیات دەنێن. بە لای (Bybee, 1985:165)ەوە موود بریتییە لە نیشانە لەسەر کارەکە، و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن قسەکەر ناوەرۆك هەڵدەبژێرێت تا بیخاتە نێو دەقی گفتوگۆوە".

زاراوەی "موود" لە مۆرفۆلۆجیی کاریدا دەردەبڕێت، کە لە بنەڕەتدا کاتەگۆرییەکی مۆرفۆسینتاکتیکیی کارەکەیە وەك "تێنس" و "ئەسپێکت"، لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەرکی سیمانتیکیی "موود" پەیوەندیی بە هەموو ڕستەکەوە هەیە، بە لای (Jesperson, 1924:373)ەوە، "موود":

"بریتییە لە کاتەگۆرییەکی سینتاکتیکی نەك بیری، کە لە فۆڕمی کارەکەدا نیشاندەدرێت"— "مۆداڵێتی لە هەموو زمانەکاندا لە مەودای مۆرفۆلۆجیی کارییەوە دەرنابڕێت، ئەوە دەشێت بە هۆی کارە مۆداڵەکانەوە دەربڕێت، — یان بە لانی کەمەوە لە مەودای ڕەگەزی کاری ڕستەکەوە یان بەهۆی بەندە زمانەکانەوە، کە دەشێت بە تەواوی لە کارەکەوە جیابێت" لە (Palmer, 1986: 21)ەوە، بە لای (Lyons (1977:848ەوە، "موود" کاتەگۆرییەکی ڕێزمانییە، کە لە هەندێك زمان، نەك هەموو زمانەکاندا دەبینرێت"، و بە زۆری لە مەودای ڕێزمانی و هەندێکجار لە مەودای کارەکاندا دەبینرێت. "موود" هەموو جۆرەکانی ئەرك و وەزیفەی سیمانتیکی لەخۆدەگرێت، کە زیاتر بە شێوەی ڕێزمانییە وەك لەوەی بە هۆی واتای مۆداڵێتییەوە بێت، یەکێك لە ئەرکەکانی "مەرجی" ئەوەیە" کە "موود"، زیاتر لە ڕستە سەرەکییەکەدا ڕوودەدات و لە ڕستە فەرمانییەکاندا بە تەواوی بە ڕێزمانیکراوە، و ئەرکە سیمانتیکییەکەی لەسەر کاڵ دەبێتەوە، گرفت لە لێکدانەوەی بواری "موودی نەریتیدا"یە، کە لەسەر "جەختکردنەوە"، "مەرجی"، "فەرمانی" و "تەمەنی/ هیواخوازی" سنوردارکراوە.

"موود" ئەو شتە دەخاتەڕوو، کە قسەکەر لە ناوەرۆك، بارودۆخ و گفتوگۆیەکی تایبەتدا دەریدەبڕێت، بۆ نموونە: "فەرمانکردن" کە ناوەرۆکی تایبەت بە "ئامۆژگاری" و "هاندان" دەردەبڕێت، بارودۆخی "موودی" ئەو

ڕۆڵە دیاری دەکات، کە ناوەڕۆك لە ڕستەیەکی "مەرجی"دا دەیگێڕێت، ڕستە "هەواڵییەکان" زیاتر تایبەتییەکانی موودی "زانینگەرایی" دەردەبڕن، کە بەڵێنەکانی قسەکەر سەبارەت بە ڕاستی ناوەڕۆك نیشاندەدات.

کاتەگۆریی "موود" سێیەم کاتەگۆرییە، لە پاڵ کاتەگۆریی "تێنس"و "ئەسپێکت"دا کە پەیوەستن بە فۆڕمی کارەوە و لە سنوری کاردا توێژینەوەیان لە بارەوە دەکرێت، جیاوازی لە نێوان ئەو کاتەگۆریانەدا، ئەوەیە، کە "ئەسپێکت" و "تێنس" بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆجیکەڵی لەسەر فۆڕمی کارەکان نیشانەکراون، بەڵام کاتەگۆری "موود" بە زاراوەکراوە، و هەر کارێکی مۆداڵی بە لانی کەمەوە دوو "واتا" بە خۆوە دەگرێت، کە خۆیان لە واتای "بەڵێن و ئەرك ..." و "زانینگەرایی"دا دەبیننەوە. (Khomutova, 2014: 395) باوەڕی وایە، کە "موود" هەڵسەنگاندنێکی کەسییە[٢]، سەبارەت بە ڕاستی و نا-ڕاستی بارودۆخی باسکراوەوە، بۆیە بە تەنیا ڕێگایەك لێکنادرێتەوە، لەم بارەیەوە "هەندێك لە زمانەوانەکان ددان بەوە دادەنێن، کە ئەوە بۆ ئاڵۆزی خودی کاتەگۆرییەکە دەگەڕێتەوە، — و زۆر گرانە هەموو لایەك بگەنە هەر ڕازیکردن و پەسەندکردنێکی گشتی و ئەنجامێك سەبارەت بەم کاتەگۆرییە" (Ilyish, 1971: 100) لە (Khomutova, 2014: 395)ەوە. بە لای (Khomutova, 2014: 395)ەوە کلیلی گرفتەکان لەگەڵ "موود" لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١. زۆرجار "موود" لە گەڵ "مۆدالّێتی"دا تێکەڵ و پێکەڵ دەکرێت.
٢. مەودای سیمانتیکی کاتەگۆریی "موود" بە ڕوونی دیارینەکراوە.
٣. زامانەوانەکان پێوانەی جیاواز بەکار دەهێنن (بە دەستور، سیمانتیك، ئەرکی، یان تێکەڵاوکردن دەربارەی "موود").
٤. هەبوونی جیاوازی لە باری سەرنجی قسەکەرەوە، کە پێیدەگوترێت شیکردنەوەی فۆڕمەکانی "موود"، واتە تێکەڵاوکردنی کارەکانی "موود " لەگەڵ چاوگەکان.
٥. زۆربەی زۆری ڕێزمانەکان تا ڕادەیەکی زۆر بە زاراوەی زمانی نەریتیی نوسراون و سیستەمەکانی "موود" وا پێشکەشکراون، کە زۆر لە ئەوانەی لاتینی، یۆنانی و ئینگلیزی کۆن دەچن.
٦. باری سەرنجی جیاواز لەسەر وشەی "هاوبێژ"، و "فرەواتایی"، و فۆڕمی کاری، کە واتای "مۆدال" دەردەبڕن هەیە.

## ٣ . ٧: جۆرەکانی موود

"مۆداڵ" بریتییە لەو "وشەیە"ی کە "مۆدالّێتی" دەردەبڕێت، و ڕاگەیاندنەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە:، "باپیر دڵخۆشە"، پاشان دەگوترێت، "باپیر ئاسایی دڵخۆشە"، کە دەربڕینی "ئاسایی" وەك "مۆداڵ" ڕەفتاردەکات،

---

(٢) Subjective Appraisal بە واتای هەڵسەنگاندنی کەسی، واتە نرخ لەسەرداناناn لە لایەن قسەکەرەوە، ئەوەش دەکەوێتە سەر تێگەیشتن و باری سەرنجی قسەکەر، نەك هۆی ڕاستەقینەی دەرەکی، ئەوە پێچەوانەی objectiveـە، کە لێرەدا باری سەرنجی قسەکەر و خەیاڵپلاوی دەوری نامێنێت، بەڵکو ئەوە لەگەڵ واقیعدا هاوتا دەبێتەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

"موود/mood" یان "mode" گرنگی بە پەیوەندیی کار لەگەڵ ڕاستی و ویستی قسەکەر دەدات. لە زمانەکاندا فۆڕمی جیاواز بۆ بیری "موود" بەکاردەهێنرێت، کوردی وەك ئینگلیزی ئەو ئاڵۆزییە لە "موود"دا بەخۆیەوە ناگرێت، بە پێی مۆدێلی Hebrew لەسەر بنەمای سینتاکتیکی دەتوانرێت ئەو جۆرە "موود"انەی خوارەوە جیابکرێنەوە:

## ٣ . ٧ . ١: ڕێژەی هەواڵی Indicative mood

ئەم جۆرە، کە دووبارە declarative mood=ڕاگەیاندنیشی پێدەگوترێت، واتە بەکارهێنانی "ڕێژە" یان "شێوەی کار" لە ڕستەی "هەواڵی"دا تا ئەوە دەرخات، کە کارەکە پەسنی بابەتێکی هەقیقی دەکات نەك تەنیا شتێکی موجەڕەد و چاوەڕوانکراو لە هزری قسەکەردا، هەروەها ڕێگا بە قسەکەرەکان دەدات، کە "لەسەر سووربوون"، "نکوڵی" و "پرسیاری ڕاستییەتی" یان "لەوانەبوونی بەهێز" دەربڕێت، کەواتە "موود"ی هەواڵی ئەو دانەیەیە، کە پەیوەندیی بە هەقیقەتە جەخت لەسەرکراوەکانەوە هەیە، بۆیە هەمیشە لە دۆکیومێنت و ئەو باسانەدا بەکار دەهێنرێت، کە پەسنی هەقیقەت دەکەن. بۆیە، "موود"ی هەواڵی زۆرترین بەکارهێنانی باو و بەربڵاوی "موود"ـە، بۆ نموونە، "کتێب دەخوێنمەوە"ـ و پرسیاری "ئایا کتێبەکەت خوێندەوە؟"، هەردوو دەچنە خانەی مووی هەواڵییەوە، بە پێچەوانەی "موود"ەکانی وەك "مەرجی"، "فەرمان"، "داواکردن"، "پێشنیازکردن"، و ... کە بە پێچەوانەی هەقیقەت و ڕاستییەوەن لە کاتی دەربڕیندا.

## ٣ . ٧ . ٢: موودی فەرمانی Imperative

مـوودی سەرزەنشتیشـی پێـدەگوترێت، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـەکاردەهێنرێت تـا "فـەرمانکردن"، "سـەرنجدان"، "داواکـردن"، "ڕێنمـایی" و "ئامۆژگاریکردن" و "فـەرمانی بـەهێز دەربڕێـت"، ئـەوە بـە ( Will Mood)یـش ناسـراوە، و وا ڕەفتاردەکـات وەك ئـەوەی ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـات، کـە ڕێگـا بـە قسـەکەر دەدات تـا فەرمانی ڕاستەوخۆ یان هەندێکجار ناڕاستەوخۆ بـدات بـە کەسـی بەرانبـەر تـا کارێـك جێبـەجێبکات، (وانەکـەت بنوسە!).

## ٣ . ٧ . ٣: موودی مەرجی Subjunctive/Optative Mood

واتە فۆڕمی ئەو کارانەی "چاوەڕوانکردن/لەوانەبوون" دەگەیەنن، فۆڕمی کارەکە ئاماژە بـۆ پێشـنیازدەکات، کە تێیـدا "ئەگـەر/if" بـەکار دەهێنرێت، بـۆ نموونـە، "ئەگـەر مـن تـۆ بوومایـە وام دەکـرد" و ..... یـان مـوودی "تەمەنی / هیواخوازی" واتە تایبەت بە باری "مەرج"، "گومان"، "شیان"، یان ئاواتەخوازی.

## ٣ . ٧ . ٤: موودی شیتەڵی Analytic Mood

فۆڕمی کاری نا-نیشانەی ڕێزمانی، کە واتای مۆداڵ دادەمەزرێنێت: بە پێی (Huddleston) مۆداڵی سەنتەری بریتین لە، (can, could, may, might, shall, should, would, must, will) ئەوانە لە

کوردیدا دەتوانرێت بە مۆداڵەکانی وەك، "توانین"، "دەتوانێت"، "دەشێت"، "دەشیا"، "لەوانەیە"، "لەوانەبوو"، "پێویستە"، "پێویستبوو"، "ویستی"، "دەیەوێت"، و "دەبێت". دەبڕرێن.

### ٣ . ٧ . ٥: موودی پەراوێزی

بۆ نموونە، (dare, need, ought) کە ئەو زاراوانەی لای خوارەوە لەخۆدەگرن، "جەسارەتکردن"، "وێران"، "پێویستیبوون"، "پێویستە"، "پێویستبوون بە"، "لە باردابوون بە"، "بە مەبەستبوون (بۆ)"، "نیەتبوون بە"، "بەڕێوەبوون بۆ"، "پێویستە کە"، "خەریکە کە"، "پەیوەندی دارە بە"، و... .

### ٣ . ٧ . ٦: موودی بە مەرجی Conditional

کردەوەکە وا لەبەرچاودەگیرێت وەك ئەوەی لە واقیع و ژیانی ڕاستیدا ڕوونادات، بەڵکو تەنیا وەك سەرەنجامی "لەوانەبوون"ی هاتنەدی و بە ئەنجامگەیاندنی هەندێك مەرجی چاوەڕوانکراو و لەباردابوونە، "مووی بە مەرجی" بارودۆخی چۆنیەتی دەربڕینی بەشی "مەرجی"یە لە ڕستەیەکی مەرجیدا، کە بە "if" یان "unless" دەستپێدەکات.

ڕێژەی کاری، کە ئاماژە بۆ تەواوی ڕوودانەکە بە مەرجی ڕوودانی شتێکیتر دەکات، "موودی بە مەرجی"، "ویست"، "ئاوات"، "خۆزگە"، "خواستن"، و "پێشنیاز" دەردەبڕن، تەنانەت خودی قسەکەریش وای دەبینێت، کە لە ڕاستیدا بەدەستنایەت، و لە قسەکردندا بەکاردەهێنرێت، "ئەگەر لێرە بوومایە، نەمدەهێشت بکوژرێت".

جۆرەکانی مەرجیش بریتین لە:

### ٣ . ٧ . ٦ . ١: مەرجی نا-ڕابردوو

"سەرەنجامی مەرجی"، ڕاپۆرتدان سەبارەت بەو شتەی کەسێك دەیڵێت، یان دەریدەبڕێت، و لە لێدوانێکی بە نەزاکەتدا، "ئەگەر یارییەکە ببەمەوە کەوا و سەڵتەیەکت بۆ دەکڕم".

### ٣ . ٧ . ٦ . ٢: مەرجی ڕابردوو

ئەنجامی گریمانەیی دەردەبڕێت، کە دەشێت لە ڕابردوودا ڕوویدابێت و ناتوانرێت چیتر بەدەستبێت، "ئەگەر پێت بگوتمایە، دەهاتم بۆ هاوبەشیکردن لە ئاهەنگەکەدا"، ڕابردووی مەرجی (تەنیا لە وشەکانی "بـ -" دا هەیە)، و جیاوازە لە ڕابردووی هەواڵی بۆ کەسی یەکەم و سێیەمی تاك (were) لە ئینگلیزیدا و (بوون) لە کوردیدا، کە ئاماژە بۆ بارودۆخی گریمانەیی جیاواز دەکەن.

زمانەوانـەکان لەسـەر چـەندیەتی و بنیـاتی مۆداڵەکان هـاوڕانین، بـۆ نموونـە، Deutschbein (1928) شـازدە (١٦) سیسـتەمی "مـوود"ی پێشـنیازکردووە، جـەختی لەسـەر "واتـا" کردووەتـەوە و" فـۆڕمی" پاشـگوێ خستووە، بـە پێچـەوانەی (Whitehall, 1956) و (Palmer, 1986) باوەڕیـان وایـە، کـە کاتـەگۆریی "مـوود" مـردووە، و جـەختیان لەسـەر تـەنیا "فـۆڕم" کردووەتـەوە و کەرەسـتە زمانییـەکانی تریـان پاشـگوێ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خستووە، زمانەوان A. I. Smirnitsky (1959) لە (Khomutova, 2014: 396)ەوە. چەند جۆرێکیتری "موود" دیاری دەکات جگە لەوانەی سەرەوە، بۆ نموونە:

(١) مەرجی ١-subjunctive "پێشنیازدەکەم جەنابتان لەسەر کورسییەکە دانیشن".

(٢) مەرجی subjunctive 2 "حەزدەکەم لەوێ بوومایە".

(٣) گریمانەکاری -suppositional "پێویستە بیبینیت پێی بڵێ بابێت".

## ٤ . ٤: موود و مۆداڵێتی

### ٤ . ١: موود یان مۆداڵێتی

تێرمی ڕێزمانی "موود" و "مۆداڵێتی" واتایەکی سیمانتیکی دیاریکراو و بڕیار لەسەردراو بەخۆوەناگرن، بۆیە لە فەرهەنگی تایبەت بە زانستی زماندا وەك "هاوواتا" سەیردەکرێن، بە لای Palmerەوە "موداڵێتی" بە پێچەوانەی "تێنس" و "ئەسپێکتەوە"، کە پەیوەندییان لەگەڵ خودی سروستی ڕووداوەکەوە هەیە، "مۆداڵێتی" مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکانە دەکات، کە وەسفی ڕووداوەکان دەکەن. — لە زۆربەی زمانەکاندا بەهۆی دانەیەك(ی زمانی) یان زیاترەوە دیاری دەکرێن، — لە زانستی ڕێزمانزانیدا بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە مۆداڵێتیەوە هەیە، بە تەنیا لەسەر بناخەی فۆڕماڵی تەواوەوە دیاریناکرێن، دیارە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ئاڵۆزی ئەو دوو کاتەگۆرییە لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا، هۆکاری ڕێزمانی بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی ئەو شتەی کە Palmer بە کاتەگۆریی "بیری" ناوی دەبات، کە دەشێت تەنیا لەمێشکدا بێت و لەوانەشە نا-ڕاست و خەیاڵی بێت.

### ٤ . ٢: مۆداڵێتی

Palmer دوو جۆر لە مۆداڵێتی جیادەکاتەوە، "مۆداڵی ناوەڕۆکی" و "مۆداڵێتی ڕووداو"، مۆداڵێتی زیاتر جەخت لەسەر ناوەڕۆك دەکاتەوە، بۆ نموونە، مۆداڵێتیی "خواست "volition" و "حەزکردن" "wish" دەکرێت بەم ڕستانە ڕوونبکرێنەوە، "باپیر دەیەوێت زمانی ئینگیزی فێرببێت" و "باپیر جگە لە زمانی کوردی فەرەنسیش فێربوو"، کە باس لە "ڕوون و ئاشکرایی" دەکەن، و گرنگی بە "سەرچاوە"، یان جۆرێك لە "بەڵگە" دەدەن سەبارەت بە لێدوانی قسەکەرەکان، بەڵگەکان دوو جۆرن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، یەکەمیان لە سەرچاوەوە وەك "دەستی یەکەم" و دووەمیان لە کەسانیترەوە، وەك "دەستی-دووەم"، وەرگیراون، و لە سەر بنەمای بەڵگەی "وردبینی/ژیری کاردەکەن، "پێویستە شانۆگەرییەکی باش بێت" مرۆڤی ژیر دوای سەرنجدان دەگاتە ئەو سەرەنجامە، یان "گوێلێبوون"، لەسەر بنەمای "وتت"، بۆ نموونە، "شەیتان میوانیانە".

نیشانەکانی مۆداڵێتی فرەئەرکین، بۆ نموونە: "توانین"، "شیان"، و "پێویستە"، "پێویستبوون"، "لەوانەبوون" و "توانین" مۆداڵی "بەڵێن و ئەرك" و "زانینگەرایی" دەردەبڕن، "باپیر دەتوانێت ئێستا بڕوات"، نەك "باپیر دەتوانێت ئێستا لە ماڵەوەبێت"، "توانین" جیاوازە لە "لەوانەبوون" لەوەدا، کە تەنیا "توانین"


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

دەتوانێت "بەشداربووی-ناوەکی لەوانەبوون" دەربرێت، بۆ نموونە: "باپیر دەتوانێت بە فەرەنسی قسەبکات" جیاوازە لە "باپیر لەوانەیە بە فەرەنسی قسەبکات"، هەندێك نیشانە دەتوانن هەردوو "پێویستی" و "لەوانەبوون" دەربڕن، "توانین" دەتوانێت هەردوو "بەڵێن و ئەرك"ی "لەوانەبوون" و "پێویستی" دەربڕێت، بۆ نموونە: "ئێستا تۆ لەوانەیە/پێویستە چیرۆکێك بگێڕیتەوە".

## ٤ . ٣: کاتەگۆریی مۆداڵێتی وەك بەرهەمی دەقی

مۆداڵێتی ئەرکی دەقییە، (Esenova, 2015) دەڵێت: کاتەگۆریی مۆداڵێتی وەك کاتەگۆرییەك، کە مرۆڤ بە چەق و دوا ئامانجی ڕوخساری چالاکییە هەمەجۆرەکانەوە دەبەستێتەوە، جگە لەوە پەیوەندیی کەسی لەگەڵ شت و دیاردەکانی واقیعی دەرەوە نیشاندەدات، چونکە سلوك و شێوازی زانیاریی دەقی جیاواز بۆ شت و ڕووداوەکانی دونیای دەرەوە دەردەبڕێت، کەواتە لە مەودای فۆرمی دەقیدا دەردەبڕێت و لێکیشدەدرێتەوە، و جەخت لەسەر لێکدانەوەی ڕوخساری "پێڕەو و بەرهەمهێنانی زانیارییەکان"ی دەقی دەکەنەوە، سەرەنجامی ئەوە هەندێك ناوبەند پەیوەندییەتی پێشکەش دەکرێن، لەوانە ناوبەند پەیوەندیی "درککردن".

مۆداڵ ئەرکی دەقییە چونکە "زانیاری" دەقییە و لە دەقدا بەدەستدێت، لەوێدا بکەر کردەوەکان جێبەجێ دەکات، کاتێك بکەر دەقەکە دەنێرێت، گوێگر لێکیدەداتەوە و نموونەی دونیای تایبەت و دیاریکراوی خۆی تێیدا بنیات دەنێت و کردەوەی لێکدانەوەکە گەشەدەکات، ئەوە کاتەگۆرییەکی چەقی مرۆڤایەتییە و چالاکی هەمەجۆری ڕوخساری مرۆڤ نیشاندەدات، بنیاتی سینتاکتیکی جیاواز لە زماندا دادەپۆشێت.

## ٤ . ٤: مۆداڵی هەقیقی و ناهەقی

ئەوانەی لە نزیکەوە پەیوەندییان بە واقیع و هەقیقەتەوە هەیە، ڕستە هەواڵییەکانن، واتە "موود"ە دیار و بەڵگە پێشکەشکەرەکانن، کە ئاماژە بۆ ئەو بارودۆخانەی لە واقیعدا هەن/گوتراون/دەگوترێن دەکەن، بە پێچەوانەوەی ناهەقیقییەکانەوە، کە ئاماژە بۆ ئەو بارودۆخانە دەکەن، کە وادەزانرێت وەك ئەوەی لە واقیعدا نەبن، مووده ناهەقیقییەکان وەك "مۆداڵی بە مەرج"[٣] conditional کە ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکات، کە دەشێت لەژێر بارودۆخێکی دیاریکراودا ڕووبدات، یان ئەو بارودۆخانەی conditions[٤] کە بە شێوەی داڕشتنەوە دەردەبڕرێن. "موودی مەرجی" ئاماژە بۆ ئەو شتانە دەکات، کە بە لای قسەکەرەوە باشترن و دەبێت ڕووبدەن، بۆ نموونە، "باپیر ڕۆیشت"، "داوادەکەم باپیر بڕوات" یان "ئەگەر بتوانم بڕۆم".

دوو بیری مۆدالی وەك "هەقیقی" و "نا-هەقیقی" لەلایەن (Lyons, 1977:794) جیادەکرێنەوە، کە کاری مۆدالی و مۆداڵی ئاوەڵکاری لەخۆدەگرن.

---

[٣] ملکەچە بۆ دانەیەك یان مەرجی زیاتری ئەو داواکارییانەی بەدەستدێن، دروستدەکرێن یان بە مەرجی تایبەت دەدرێن.

[٤] دەگەڕێتەوە بۆیان ئاماژە بۆ مۆدێلی کاری دەکات، ئەو شتە دەردەبڕێت کە بەخەیاڵدا دێت، دەویسترێت یان چاوەڕان دەکرێت ڕووبدات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەشێت نازەنین ڕۆیشتبێت ~~بۆ پاریس~~.               جەختەکان لەسەر کارە مۆداڵەکە کورت دەبێتەوە.

ڕستەکە لە بواری مۆداڵێتیدا لێکدەدرێتەوە، چونکە کاری مۆداڵێتی تێدایە، و سەرنجی خوێنەر/گوێر زیاتر ئاڕاستەی کاریگەریی کارە مۆداڵەکە لە پێش هەر پێکهێنەرێکی تری ڕستەکە دەکەن، و نا-دڵنیایی قسەکەر نیشاندەدات سەبارەت بە ناوەرۆکی دەربڕینی ژێر توێژینەوە، بە پێچەوانەوە، دەربڕینە هەقیقییەکان ڕاستەوخۆ جەخت لەسەر هەقیقەتی بێ پێچ و پەنای ناوەرۆکەکان دەکەنەوە، و وەك نا-مۆداڵی و بە شێوەیەکی "زانینگەرایی" وەسف دەکرێن، و قسەکەر خۆی پابەند دەکات بە ڕاستی ئەو شتەی دەیگوازێتەوە. بە لای (Lavandera, 1983:211) لە (Palmer, 1986:17)ەوە "ئەو دەربڕینانەی لە حاڵەتی مەرجێتیدان ئاماژە بۆ بارودۆخ یان ڕووداوێك ناکەن کە ڕوودانەکانیان گومانلێکراو یان تەنیا ترساو، ئارەزوو، گومان و هەروەها بن، بەڵکو بۆ بارودۆخێك کە ڕوودانەکەی بە سانایی دەتوانرێت نکوڵی یان جەختی لەبارەوە بکرێتەوە، یان لەبری ئەوە بە ناگومانی/گوماناوی بەجێی بهێڵرێت".

## ٤ . ٥: هەقیقەتی پێچەوانەیی

لە پاڵ مۆداڵی "هەقیقی" و "نا-هەقیقی"دا هەقیقەتی پێچەوانەییشمان هەیە، کە ئاماژە بۆ ئەو شتانە دەکەن، یان دەردەبڕن کە ڕوونادەن، یان پێچەوانەی ڕاگەیاندنی مەرجین، "ئەگەر سەگ کلکی نەبووایە نەیدەتوانی ئێسقان بشکێنێت"، واتە، ئەوانەی بە پێچەوانەی بارودۆخە هەقیقییەکانەوەن، ئەوە، بە هۆی بەکارهێنانی فۆڕمی "تێنس"ەوە لە "ئەگەر-کلۆز"دا دەردەبڕرێن، لەم بارانەدا ئاماژە بۆ کاتێك دەکرێت، کە لە پێش ئەو کاتەی بە شێوەیەکی هەقیقی و سیمانتیکی لە ئەگەر-کلۆزدا ئاماژەی بۆکراوە، بۆ نموونە: "ئەگەر بمزانیایە، بۆم نییە پرسیار بکەم"، جیاوازی لەخۆدەگرێت "ئەگەر بمزانیایە"، ئاماژە بۆ کاتی ڕابردوو دەکات، و نکوڵی لە ناوەرۆکی "دەزانم کە I know that ..." دەکات، ئەمە جیاوازە لەگەڵ بنیاتی "ئەگەر بزانم کە if I know that-", بە هەمان شێوە، "ئەگەر بمزانیبووایە، کە ... دەچووم بۆ ئەوێ"، پێچەوانەی هەقیقەت لەخۆدەگرێت "ئەگەر بمزانیبووایە" نکوڵی لە ناوەرۆکی "دەزانم I know"دەکات.

## ٤ . ٦: کاتەگۆریی مۆداڵەکان

توێژینەوەکان سەبارەت بە "مۆداڵ" وەکیەك نین، بۆیە دەکرێت لە زۆر لایەن و ڕێگاوە  توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت، بۆ نموونە، زانستی دەروونناسی، و کۆمەڵناسی، کە بە هۆیانەوە مۆداڵێتی پۆلدەکرێت:

## ٤ . ٦ . ١: بناخەی هەواڵی (کاری) سەرەی کلۆزی

*کارە مۆداڵەکان بە شێوەیەکی فۆنۆلۆجیکی سەربەخۆن، و ڕاستەوخۆ ڕۆڵی جیاواز لێکدەدەنەوە، کە بە هۆی بناخەی هەواڵی و سەرەی کلۆزییەوە دەبینرێن، هەروەها مەرج نییە هەموو ڕستەکان کاری مۆداڵیان تێدابێت،*


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

*بناخەی كاری هەواڵی بریتییە لە مۆرفیمی تێنس، و بەشێوەیەكی فۆنۆلۆجیكی بە یەكەم كارەوە دەلكێت و سەرەی كلۆزی دروست دەكات، جیاوازی لە نێوان بناخەی كاری هەواڵی و سەرەی كلۆزی، كە دەشێت بە شێوەیەكی مۆرفۆلۆجیكەڵی پێكەوە بەندبن، ئەوەیە كە لە كوردیدا كارەكان ئەركی سەرەی كلۆزی دەبینن، و جۆرێك لە بنیاتی گشتی پێشكەش دەكەن، ئەو شتەی ف-ن و كلۆزی دیاریكراو هاوبەشی تێدا دەكات ئەوەیە، كە بەبناخەكراون، كەواتە هەر ڕوودانێكی قسەكردن هاوبەشی لە بناخەدا دەكات، كە پێكدێت لە "كات"، "شوێنی قسەكردن"، و "هاوبەشەكان لە ڕووداوی قسەكردن" و هەروەها.*

*بناخەی "زانینگەرایی-epistemic" پرۆسەیەكە، دەربڕینە زمانییەكان بە بناخەوە دەبەستێتەوە، دیاریكەرەكان "بناخەی دەربڕینە ناوییەكان" بە هۆی ڕێكخستن و نیشاندانی نموونەیەكی كاتەگۆرییەوە، دادەمەزرێنن، نموونەیەك، لە (Lavandera, 1983:211-214)ەوە "زانای فەلەكناسی"، پرسیار دەكرێت، ئایا "فەلەكناسی زانستە؟" پەیوەندی لە نێوان كەسەكە وەك "زانا" و "فەلەكناسی"دا گونجاوە؟، ئەوەی ئاماژەی بۆدەكرێت لە دەقی فیزیكی ڕاستەوخۆدا بوونی هەیە؟ و هەروەها*

*بە هەمان شێوە ناوەكان بەهۆی دیاریكەر، كلۆزە دیاریكراوەكان، و تێنسی مۆداڵەكانەوە دادەمەزرێن، و پرۆسەكە بە ڕووداوی دیاریكراوەوە گرێدەدەن، بە هۆی كلۆزێكی دیاریكراوی وەك كاتەگۆریی "نیشانە" و "تێنس"ەوە پرۆسەكە پەیوست بە كاتی قسەكردنەوە دادەنێت، كارە مۆداڵەكان بارودۆخی ڕاستیی پرۆسەی دیاریكراو لە تێڕوانینی قسەكەرەوە دادەمەزرێنن،* كارە بەیاریدەكان بەهۆی تێكەڵاوی مۆرفۆلۆجیكەڵییەوە لە كارە فەرهەنگییەكان جیادەكرێنەوە، واتە، وشەسازی، ڕێزمانی، و سیمانتیك لەم بارەوە گرنگن. بە جۆرێك كارە بەیاریدەكان ئاماژە بۆ كارێك دەكەن، كە حوكمی فۆڕمی نادیاریكراوی كارێكیتر، بۆ نموونە كاری فەرهەنگی دەكەن، "پاراستن"، "بەڵێندان"، "هیواخواستن"، "بەدەستهێنان"، "ویستن"، "حەزكردن"، و هەروەها كە وەك كارە یاریدەدەرەكان لە كاتی كۆبوونەوەیاندا لەگەڵ فۆڕمی كارە نا-دیاریكراوەكان كاردەكەن، بۆ نموونە: "بەڵێنمدا، كە پێی بڵێم، لەلایەن پۆلیسەوە گیرا، جیاوازە لە "پێیدەڵێم، لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرا" (سەیری Nielson, 1990:16 - 18بكە).

## ٤ . ٧: جیاوازی لە نێوان "موود" و "مۆدالێتی" بە شوێن (Khomutova, 2014: 396 – 398)دا

١. كاتەگۆریی "موود" وەك كاتەگۆریی "مۆدالێتی" پەیوەندیی بە جیاوازی لە نێوان "هەقیقەت" و "ناهەقیقەت"ەوە هەیە، لە چوارچێوەی تیۆری گشتیدا، "موود" هەندێك جار وا وەردەگیرێت وەك ئەوەی وەچەبەشی "مودالێتی" بێت، و پەیوەندی بە نیشانە "مۆڕفۆلۆجییەكان"ی سەر كارەكانەوە هەیە (Palmer, 1986)، هەموو ئەو ڕوخسارانەی، كە پەیوەندییان بە "مۆدالێتی"یەوە هەیە، بە شێوەیەكی مۆررفۆلۆجیكەڵی نیشانەنەكراون، بەڵكو بە شێوەیەكی "زاراوەیی" یان "سینتاكتیكی" یان هەردووكیان و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەو چوارچێوەیەدا کاردەکەن، بۆیە دەبێت مامەڵە لەگەڵ سیستەمی تێکەڵی ئامێری دەربڕینی "مۆداڵێتی" بکرێت.

٢. "مۆداڵێتی" بریتییە لە "کاتەگۆرییەکی -ئەرکی-سیمانتیکی"، لە کاتێکدا "موود" دانەیەکە لەو ئامێرانە، بە واتایەکیتر "مۆرفۆلۆجیکەڵی دەربڕینی مۆداڵێتییە و دەکرێت بە شێوەیەکی فۆڕماڵی لێکدانەوە لە مۆداڵی "زانینگەرایی" و "بەڵێن و ئەرك" بە جیا بە ئەنجام بگەیەنرێت.

٣. "موود" دەربڕینی کردەوە یان بارودۆخێکە، بەڵام "مۆداڵێتی" بە نۆرەی خۆی بریتییە لە دەربڕینی "لەوانەبوون"، "بەناچاری/زەرورەت"، و "مەرجی". دەتوانرێت "مۆداڵێتی" لە مەودای کارە مۆداڵەکانەوە دەربېڕدرێت.

٤. کاتەگۆریی نەرێ تەنیا لە حاڵەتی "بەڵێن و ئەرکدا"دا بەکاردەهێنرێت، "نازەنین پێویست نییە لە ئۆفیسەکە بێت"، بەڵام لە حاڵەتی "زانینگەرایی"دا "پێویستە" دەگۆڕدرێت بە "توانین" بۆ نموونە: "نازەنین ناتوانێت لە ئۆفیسەکەدا بێت".

٥. بەلای (Palmer,1986-7)ەوە، زاراوەی "موود" و "مۆداڵێتی" بەکار دەهێنرێن، بەڵام بە جیاوازیی ڕوون و دیارەوە، "ئەو جیاوازییە هاوتا دەکات بە جیاوازی لە نێوان "تێنس" و "کات"، "ژمارە" و "ژماردن"، لە هەریەك لەمانەی سەرەوەدا یەکێکیان "ڕێزمانی" و ئەوەکەی تر بیری "سیمانتیکییە".

٦. جیاوازیی سیستەمی، سیستەمی "مۆداڵ" ڕێزمانییە، چونکە جەخت لەسەر "مۆداڵێتی" دەکاتەوە، لە زماندا، فۆڕم هەن کە واتاکانیان تەنیا وەك "مۆداڵی پەراوێزی" کاردەکات و هەندێکی تریشیان بە تەواوی "مۆداڵ" نین، زۆربەی زمانەکانی جیهان جۆرێك لە سیستەمی ڕێزمانی مۆداڵەتییان هەیە، (Palmer, 1986:7) ئەو سیستەمانە بە سێ ڕێگای جیاوازەوە دەناسێنێت:

**یەکەم**، زمانەکان بە شێوەی جیاواز لە سیستەمی سیمانتکیدا بە تێکرایی بە ڕێزمانی دەکرێن، بۆ نموونە: زۆر زمان "ڕاپۆرت دان"، "وتت و واتگوت"، بەڕێزمانی دەکەن، تا جەخت لەسەر ئەو شتە بکەنەوە، کە دەگوترێت بۆ قسەکەر وتراوە، (لەبەرئەوە، بە هەقیقەتەکەی وابەستە نییە)، وەك ئەوەی لە ڕوخساری مۆداڵی "چەندیەتی" و "چۆنیەتیدا" مامەڵە دەکرێت. **دووەم**، دەشێت کێڵگەی سیمانتیکی بە ڕێگای جیاواز بۆ سیستەم ڕێکبخرێت، **سێیەم**، ئامێری ڕێزمانی جیاواز بەکاردەهێنرێت: نموونەی دیار لە موودی لاتینیدا و مۆداڵی کاری لە ئینگلیزیدا هەن، ئەوانە لە (Steele et al, 1981:21) وەرگیراون.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٤ . ٨: جیاوازی لە نێوان مۆداڵێتی زانینگەرایی و بەڵێن وئەرك Epistemic vs. [6]Deontic [5] Modality

١. مۆداڵی "زانینگەرایی" ئاماژە بۆ "لەوانەبوون"، "زانیاری" یان "بە ناچاری" دەکات، مۆداڵەکان جەخت لەسەر، "هەڵهێنجان"، کردەوەی تری لێکدانەوە و بیرکردنەوە دەکەنەوە، سەبارەت بە شتێك لە لۆجیك یان هەندێك کردەوەیتری بیرکردنەوەییدا، کە هاوبەشی لە بەدەستهێنانی سەرەنجامی ڕاگەیەنراو دەکەنەوە لەو ڕستەیەی، کە مۆداڵەکە لەخۆدەگرێت. یەکێك لە کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی مۆداڵی "بەڵێن و ئەرك"، بریتییە لە لاوازی وابەستبوونی قسەکەر بۆ ڕاستی ئەو ڕستەیەی مۆداڵەکەی تێدا ڕوودەدات، دەپرسین ئایا ئەرکی مۆداڵەکان ئەوەیە تا ئاماژە بۆ لاوازی "بەڵێن"، "پەیمان" و "ئیلتیزاماتەکان" بکەن؟ یان ئەو لاوازییە بەرهەمی ڕێکەوتنی هەندێك ڕوخسار و واتای مۆداڵی ترە؟ نموونە بۆ مۆداڵی "زانینگەرایی" لاواز، "لەوانەیە لەوێبێت"، لاوازتر و گوماناوی، "دەشێت لەوێ بێت"، چاوەڕانکردنی بەرزتر، "دەبێت ئێستا لەوێ بێت"، یان یەقین و و بێگومانی "پێویستە ئێستا لەوێبێت".

٢. لە زۆربەی زۆری زمانەکانی دونیادا کاتەگۆرییەکانی "موداڵ" بە هۆی مۆرفۆلۆجیی کارییەوە دەردەبڕدرێن، بۆیە، هەر کات ئەو نیشانە کارییە مۆدالانە لە زمانەکەدا بە خورتی بوون، ئەوە پێیان دەگوترێت نیشانەی "موود"، نموونە دیارەکانی "موود" لە هەندێك زمانە ئەورووپییەکاندا وەك "مەرجی" و "بە شەرتی" و "هەوالی"[7] ئاماژەیان بۆ دەکرێت، ئەوە پێیدەگوترێت مۆرفۆلۆجیی کاری/مووەدی و وەك ڕێزمانی مامەڵە دەکرێت (سەیری Elliott, 200 بکە).

٣. مۆداڵێتیی "بەڵێن و ئەرك"، جەخت لەسەر "لەوانەبوون" لەبواری "ئازادی ڕەفتارکردن"دا دەکاتەوە، بۆ نموونە، "لەتوانادابوون"، "ڕێگاپێدان" و "ئەرك"، "باپیر دەتوانێت بڕوات"، "ڕێگا بە باپیر دەدرێت کە بڕوات"، "دەبێت بڕۆیت"، داوای بە ئەنجامگەیاندنی کار یان ڕەفتارێك دەکات، "پێوستە بڕۆیت!" فەرمان بە کردنی کارێك دەکات، لە کوردیدا، دەکرێت هەمان وشە بۆ هەردوو مۆداڵێتیی "بەڵێن ئەرك"، و "زانینگەرایی" بەکاربهێنرێن، ئەو کات واتاکە لە دەقەکەوە هەڵدەهێنجرێت، "باپیر پێویستە ئێستا لێرەبێت"، بە خوێندنەوەی زانینگەرایی و "باپیر پێویستە سبەی نیوەڕۆ لێرەبێت"، "بەڵێن و ئەرك" جیاوازی لە نێوان"زانینگەرایی" و "ئەرك و بەڵێن"، لە نێوان ئەو کارانەی، کە حوکمی بەهای ڕاستی دەردەبڕن، بۆ نموونە، "دەشێت بارودۆخی کوردستان تەنانەت خراپتر بێت" و ئەو کارانەش، کە ئەو تایبەتمەندییەیان نییە، بەڵکو ئەمانە مامەڵە لەگەڵ ئەو شتە دەکەن، کە پێویستە ڕێگاپێدراوبن، بۆ نموونە: "دەشێت شارەکە بەجێبهێڵێت"، یان لەگەڵ "چۆنیەتی" یان "ویست"دا کە سەرچاوەکەیان بریتییە لە

---

(٥) ئاوەڵناوە، ئاماژە بۆ زانیاری یان پلەی گونجاویەتی دەکات.

(٦) پەیوەندیی بە ئەرك و ئیلتیزام وەك بیری ئەخلاقییەوە هەیە.

(٧) ئاماژەدەکات بۆ موودی کاری، کە دەربڕین و گوتنێکی هەقیقی سادە دەردەبڕێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاماژەبۆکراوی فریزی ناوی بکەری یان مۆداڵێتیی داینامیکی، بۆ نموونە: "باپیر دەتوانێت بە شاخەکەدا هەڵگەڕێت" (سەیری Nielson, 1990: 18 بکە).

- دەشێت لە هەرکاتێکدا بێت، بێت (بۆ لامان) "زانینگەرایی" دەشێت قەڵەمەکەی من قەرز بکەیت"بەڵێن و ئەرك"

٤. مۆداڵی "زانینگەرایی" و "بەڵێن و ئەرك" جیاوازن سەبارەت بە توانستی پێکەوەهاتنیان لەگەڵ چاوگی پێرفێکت بە واتای ڕابردووە و کارەکانی یەکەم ناسنوردارکردن نیشاندەدەن.

٥. ئەوەی "زانینگەرایی" لە "بەڵێن و ئەرك" جیادەکاتەوە، ڕوودان و ڕوونەدانیانە لەگەڵ ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤدا (Nielson, 1990:20) .

- لەوانەیە خەریکی هاتنبێت لەهەر کاتێکدا.     لە وانەیە خەریکی قەرزکردنی قەڵەمەکەی من بێت.

## ٥ . ٠: زانینگەرایی و ڕەگی مۆداڵەکان Epistemic and root Modals

### ٥ . ١: لە نێوان کوردی و فارسیدا

بە لای Farrokhpey (1979:65)ەوە "کارە مۆداڵەکان لە فارسی مۆدێرندا، بریتین لە بناخەی کاری ڕستەی سەرەکی، (Ross, 1967) بە هەمان واتا و شێوە قسە لەسەر کارەکانی ئینگلیزی دەکات، بە شێوەیەکی سینتاکتیکی کارە مۆداڵەکانی کوردی وەك فارسی بەسەر دوو جۆر/بابەتدا دابەش دەبن:

(١) مۆداڵی "بەڵێن و ئەرك" و (٢) ڕەگ، هەردوو زاراوەکە لە لایەن (Hofmann, 1966)ەوە، بەکارهاتوون، ئەو ڕستانەی خوارەوە هاوشێوەی ڕستەکانی Farrokhpeyن، واتای سێ جۆر لە بەکارهێنانی ئەو سێ مۆدالانە لە تێگەیشنی "ڕەگ و بەڵێن و ئەرکەوەن":

١. تۆ دەتوانیت بڕۆیت. (ڕەگ، ڕێگاپێدان / مۆڵەتپێدان)
٢. دەتوانێت ئێستا کارەکەی تەواوبکات. (لەوانەبوون / ڕێتێچوون / بەڵێن و ئەرك)
٣. گونجاو نییە ئەو کارە بکەیت. (گونجاو/ شایستەو پڕ بەپڕ ڕەگ)
٤. دەشێت ئێستا بڕوات. (لەوانەبوون / بەڵێن و ئەرك)
٥. پێویستە ئێستا بڕۆم. (پێوستبوون / بەڵێن و ئەرك)
٦. ئەو ئێستا پێویستە ڕۆیشتبێت. (هەڵهێنجان / بەڵێن ئەرك)


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)




**دایاگرامی (٦)**

**کاره مۆداڵەکان دەبن بە دوو بەشەوە، واتای "ڕەگ" وەك ئەوە لە tavanestan (تەڤانستەن) بە واتای (ڕێگاپێدان)، shaystan (شایستەن) بە واتای (فیت /گونجاو) هەروەها "شیان" و "لەوانەبوون"، و "بایستەن" بە واتای "هەڵهێنجان".**

**تایبەتمەندییەکانی کاتەگۆریی "بەڵێن و ئەرك":**

**(١) مۆداڵی "بەڵێن و ئەرك" مامەڵە لەگەڵ بەهای ڕاستیی ڕستەکەدا دەکات، لەم بوارانەدا قسەکەر شتێك سەبارەت بە بەهای ڕاستیی ئەو ڕستانە دەڵێت لەبری ئەوەی لە بەشی کاریدا شتێك سەبارەت بە بکەر بڵێت.**

**کاتێك باس دێتە سەر دەربڕینی "بە ناچاری" ئەو فرەواتاییەی سەبارەت بە کەرەستەیەکی زمانی دەگوترێت گرنگ نییە، جیاوازی لە نێوان "ڕەگ" و "زانینگەرایی" بە دیار و ڕوون و ئاشکرا دەمێنێتەوە، بۆ نموونە، لە (١)دا واتای ڕەگی "بەڵێن"، و "ئەرکی سەرشان"دەردەبڕێت، لە (٢)دا واتای لاوازی (ڕەگی) "بە ناچاری" دەردەبڕێت، و لە (٣)دا بەناچاری-necessity" زانینگەرایی دەردەبڕێت.**

**(أ) پێویستە پێشنیوەڕۆ نامەکە بنووسیت. (ڕەگ)**

**(ب) قوتابییەکان پێویستە ڕەزامەندیی بەڕێوەبەر وەربگرن. (ڕەگ)**

**(پ) پێویستە / (دەبێت) هەلامەتم بێت. (زانینگەرایی)**

**دەشێت هەندێك تێکەڵاوی سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان "ڕەگ" و "زانینگەرایی"دا ببینی، کاتێك سەبارەت بە "لەوانەبوون" بەکاربهێنرێن، نموونەکان ئەوە نیشاندەدەن کە (أ) جیاوازیی سیمانتیکی لە نێوان "ڕەگ" و "لەوانەبوونی زانینگەرایی"، تا ڕادەیەکی بەرچاو لاوازترە لە هەر جووت مۆداڵی "ڕەگ/زانینگەرایی"یەکی تر، (ب) کاتێك، هەمان فۆڕمی زمانی هەردوو "ڕەگ" و " لەوانەبوونی زانینگەرایی"، دەردەبڕن نموونەی یەکگرتنەکان دەشێت باوبن، (پ) کاتێك فۆڕمی زمانی بە زۆری خوێندنەوەی "ڕەگی لەوانەبوون" دەردەبڕن، خوێندنەوەی "زانینگەرایی" چاوەڕوان دەکرێت، کە "توانین" گەشەپێبدات.**

## ٥ . ٢: جیاوازی لە نێوان "ڕەگ" و "بەڵێن و ئەرك"دا

**بە لای (Farrokhpey, 1979:67-69)ەوە جیاوازی لە نێوان "بەڵێن و ئەرك" و "ڕەگ"دا، پەیوەندییەکی دیار لە نێوان واتای ڕوخساری "ستەیتیف" و "نا-ستەیتیف" و لە لایەکەی ترەوە لە نێوان "ڕەگ" و "بەڵێن و ئەرك"دا هەیە، بۆ نموونە:**

**(١) عەلی دەتوانێت mi-tavanest-o وەڵامی پرسیارەکان فێربێت ڕێگاپێدان ، ڕەگ نا-ستەیتیف**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(٢)    عەلی دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بزانێت.                    ڕێگاپێدان ، ڕەگ –ستەیتیف.

(أ)    کارە مۆداڵەکان پێوستییان بە "نا-ستەیتیف" هەیە، تا واتای ڕەگەکانیان بگوازرێتەوە، و وەك کاری "تێپەڕ" لێکدەدرێنەوە، مۆداڵەکان لە ڕستەی دواتردا کاری ستەیتیف دەخوازن ئەگەر مەبەست لە گواستنەوەی واتای "زانینگەرایی" بێت، ڕەگی مۆداڵەکان وەك کاری تێپەڕ لێکدەدرێنەوە لە ڕستە بناخەییەکاندا، مۆداڵی "بەڵێن و ئەرك"ەکان تێنەپەڕن لە ڕستە بنچینەییەکاندا.

ـ عەلی پێویستە زیرەك بێت.  //  عەلی لەوانەیە/دەشێت بڕوات.  //  عەلی لەوانەیە ئەمڕۆ بێت.

مۆداڵەکان بە مەبەستی گەیاندنی شتی جیاواز بەکاردەهێنرێن، جیاوازی لە نێوان "ڕەگ" و "بەڵێن و پەیمان"دا، بە پێی Hufmann (1966-248)ەوە لە واتای "بەڵێن و ئەرك"، "مۆداڵەکان"، "بارودۆخی زانیاری"، "باوەڕ"، و "باری سەرنجی قسەکەر" سەبارەت بە ناوەڕۆکەکە دایە. "مۆداڵەکان" بنیاتی ڕووکەشی بکەری ڕستەکە دەگۆڕن، کە جەحت لەسەر "خواست"، "بەڵێن"، "ئەرکی سەرشان"، "توانست"، دەکەنەوە. بە لای Collinsەوە "توانین" وەك ڕەگی مۆداڵ مامەڵەدەکرێت، کاتێك لە دەربڕینەکاندا "ڕێگاپێدان" یان "لە توانادابوون" دەربڕێت، بە لای کەسانی تروەوە بۆ نموونە، Pullum & Wilson (1977:784) "توانین" هەندێك جار نادیارە، لە نێوان لێکدانەوەی "بەڵێن و ئەرك" و "ڕەگدا"، بۆ نموونە:

**(١)** ئازاد <u>دەتوانێت</u> شێرەکە بکوژێت،              (بە دوو لێکدانەوەوە)

(أ)  ئازاد <u>توانستی</u> کوشتنی شێرەکەی هەیە.      (واتای ڕەگ)

(ب) <u>دەشێت</u> ئەوە ڕووبدات، کە کەسێکی وەك ئازاد  ئاژەڵێك لە وێنەی شێردا بکوژێت.

(Steele, 1981:38) بە شێوەیەکیتر "توانین" لێکدەداتەوە، و دەڵێت:

(أ)  نەرمین <u>دەتوانێت</u>  لە دوو دەقیقەدا میلێك مەلەبکات.

"توانین" بە واتای (چاوەڕوانکراو، توانست) وەك ئەوەی مۆداڵێتی دەربڕێت مامەڵە ناکرێت، چونکە ئەوە "جەخت لەسەر "لەوانەبوون"ی بارودۆخەکە ناکاتەوە، کە ڕستەکە دەریدەبڕێت، بەڵکو زیاتر "لەوانەبوون" بکەری شاراوەی ڕستەکە نیشاندەدات"، "ڕەنگە" مۆداڵە، تەنیا، کە "ڕێگاپێدان" بگوازێتەوە. کەسانی وەك Boyd & Thorne (1969) وەك Steele "توانین" وەك مۆداڵ لەبەرچاو دەگرن، کاتێك، کە وەك فۆرمێکی جێگرەوە بۆ "شیان" بە تێگەیشتنی "ڕێگاپێدان" دەبینرێت، بە لای ئەوانەوە دەتوانرێت "بەلانی کەمەوە سێ نا-مۆداڵی "توانین" جیابکرێنەوە، لەوانە:

(١)  <u>توانین</u> وەك لەوانەبوونی بکەری: وەك لە، "نازەنین دەتوانێت لە سەروی میلێکەوە مەلە بکات".

(٢)  <u>توانین</u> وەك نیشانەی "پرۆگرێسڤی ئەسپێکت": وەك لە "دەتوانم گوێم لە مۆسیقا بێت".

(٣)  <u>توانین</u> وەك نیشانەی "ئەسپێکتی تاك و تەرا/پچڕ پچڕ، وەك لە "ئاهەنگەکە دەشێت چۆڵ بێت".

Palmer (1979, 115) وەسفی بەکارهێنانی "توانین" دەکات:

(١)  دەتوانێت سەدکیلۆ بەرزبکاتەوە.         (٢) دەتوانم مانگ ببینم.                 (٣) دەتوانێت درۆی گەورە بکات.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

لە (١) دا "توانین" واتای "لەباردابوون"، لە (٢) هەستکردن، و (٣) تایبەمەندێتیی "توانین" نیشاندەدات، کەواتە سێ واتا یان بەکارهێنانی هەیە. (Perkins, 1982:25) دەڵێت ئەگەر at time بۆ (١) و (٢) زیادبکرێت لێکدانەوەی تایبەتمەندی وەردەگرن.

مۆداڵە "ڕەگەکان" گروپێکن، کە بە شێوەیەکی سینتاکتیکی لە مۆداڵە "زانینگەراییەکان" جیاوازن، "لە کاتێکدا هەبوونی بەراوردکاریی جیاوازیی سینتاکتیکی، لە نێوان موداڵەکانی"بەڵێن و ئەرك" و "زانینگەرایی" بە دەگمەن پێشنیازدەکرێت"، جیاوازی لە نێوان Agent-oriented and “speaker-oriented، بۆ نموونە:

"کاتێك "توانین" بە شێوەیەکی داینامیکی بەکاردەهێنرێت تا دەلالەت لە توانستدابوونێك بکات، ئەو کات ئاماژە بۆ تایبەتمەندیی کارکەرێك دەکات، بۆیە ئەوە وەك agent-oriented دەناسرێت، هەر کات بە شێوەیەکی "بەڵێن و ئەرك" بەکارهات تا مۆڵەتدان نیشانبدات ئەوە لەوانەبوون دەردەبڕێت، کە لە قسەکەرەوە بەرزدەبێتەوە لەبەرئەوە وەك speaker-oriented دەناسرێت، (Mouton, 2015:1342).

مۆداڵی "مەرجی" لە زۆربەی بنیاتەکاندا ڕوودەدات، بۆ نموونە: "سەرزەنشتی"، "ئارەزوو" و "مەبەست"، و هاوبەشی لە سیفاتی سیمانتیکیدا دەکات، فۆڕمە"مەرجی"یەکان بە شێوەیەکی دیار نیشانەکراون، وەك ئەوەی جەخت لەسەر بەهای ڕاستیی ناوەرۆکەکان ناکەنەوە، کە تێیدا ڕوودەدەن، بە پێچەوانەی هەواڵییەکانەوە، کە نیشانەنەکراون، مۆداڵی "مەرجی" بە هۆی ڕوخسارە ئاڵۆزەکانیانەوە دیاریدەکرێن و لە زۆر زماندا دەبینرێن.

جیاوازی لە نێوان فۆڕمی "مەرجی" و "هیواخوازی"، ئەوەیە، کە دووەم بە شێوەیەکی گشتی لەو دەربڕینانەدا بەکار دەهێنرێن، کە نادڵنیاییان پێوەدیارە، و پێی دەگوترێت "هیواخوازی"، (Fortson, 2004) دەڵێت: جیاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا بارێکی پێویست نییە، "هیواخوازی" و "مەرجی" دوو کاتەگۆریی لێکجیا و سەربەخۆن، بۆیە بە شێوەیەکی سیمانتیکی لێکجیا پێشکەش دەکرێن، وەکیەکی ئەو دووانە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە وا دەکات لە هەردوو فۆڕمی نا-ڕابردوو و ڕابردوودا بەدی بکرێن، ئەوەی هەیە برێکی زۆر لە نا-دڵنیایی لە تەمەنیدا دەردەکەوێت، بە تایبەت لە تێنسی-ڕابردوودا، کە ئەمە وا دەکات بتوانێت ناوەرۆکی سیمانتیکی مۆداڵی بگوازێتەوە (Palmer, 2001:204-207) لە (Mouton 2015: 1344)ەوە، ڕستەیەك کە مەرجی بە جیا و جیاواز و دیاری تێدا بەکارهاتووە، لە (أ) دایە.

(أ) سوورم لەسەر ئەوەی، کە دەبێت ئەوە بکات.

مۆداڵی "مەرجی" لە دەربڕینەکانی تریشدا، بۆ نموونە، دەربڕینەکانی تێنسی ڕابردوودا دەردەکەوێت، و کاری "be" = "بوون" تاکە کارێکە، کە بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆجی جیا لە دەربڕینێکی وەهادا دەردەکەوێت. بەکارهێنانی تێنسی ڕابردوو لە دەربڕینێکی وەهادا بە مەبەستی جەختکردنەوەیە لەسەر نادڵنیایی:

(ب) حەزدەکەم لەوێ بوومایە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٦ . ٠: پۆلکردن و ناوبەند پەیوەندیی کاتەگۆڕییە زمانییەکان

### ٦ . ١: لە ڕووی سیمانتیکییەوە

پۆلکردنی کاتە گۆڕییە زمانییەکان، ئاسایی لەسەر هاوبەشی لە تایبەتمەندیەتییە سیمانتیکییەکانیان بیناکراون، چونکە بە هەمان "واتا" دەستناکەون، و دواتر دەبینی لە هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکاندا جیاوازن لە یەکتر، لە کاتێکدا، لە بواری پۆلکردنی کاتەگۆڕییە زمانییەکاندا، دوو هەنگاو هاوبەشی دەکەن، " هەنگاوی یەکەم، دیاریکردنی هەندێك کاتەگۆڕیی زمانی لە زمانی جیاوازدا، و هەنگاوی دووەم، دیاریکردنی ئەو کاتەگۆڕییانە وەك ئەوەی بە گشتی هەمان شتبن لە هەموو زمانەکاندا" (palmer, 1986:2)، ئەوە لە لای (Thrane, 1983:155) پێی دەگوترێت "پۆلی هاوتا"، و دەڵێت، سیستەمی "هاوتایی" دوو ئاڕاستە وەردەگرێت، هاوتایی بە شێوەیەکی کەرتی لە بواری "واتا" لە نێوان سیستەمی زمانی بە بەراورد بە زمانیتر، بە تایبەت لە نەبوونی زاراوەی هاوبەش، ئەو کات دەبێت هەندێك وەرگێڕانی هاوتایی ڕووبدات، کە ئەوە زۆرجار بەرەو پڕاگماتیك سنور دەبەزێنێت، تەنانەت لە بواری واتاشدا زۆرجار ڕێکدەکەوێت، کە پێناسەی بێزیاد و کەم و تەواو بە دەستنەیەت.

### ٦ . ٢: مۆدالێتی بەڵێن و ئەرك Diontic Modality(٨)

بڕیار و پەیمانەکانی قسەکەر دەردەبڕێت سەبارەت بە بەڵێن، (مۆڕاڵ یان کۆمەڵایەتی) ڕێگاپێدان یان ڕێگالێگرتن، بە هۆی کارە مۆداڵەکانی وەك "پێویستە/دەبێت"ەوە دەردەبڕدرێن، (1986) Palmer ئەرکی مۆداڵێتیی "بەڵێن و ئەرك" لەوەدا کورتدەکاتەوە، کە مامەڵە لەگەڵ کاریگەریی، "کردەوە"، "بارودۆخ" یان "ڕووداوەکان"دا دەکات، بۆ نموونە، هەوڵدانی قسەکەر تا کاریگەریی کردەوەی "جگەرە" یان "عارەق"خواردنەوە لەسەر بۆ نێردراو چەقبکاتەوە و پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی بکات.

(أ) پێویستە باپیر لەهەموو ئەو شتانە دووربکەوێتەوە. (ب) فەرمانـدە لە کاتی خۆیدا دەبێت(٩) هەوڵبدات.

کارە مۆداڵەکان، تا ڕادەیەکی زۆر ناتوانن بە سەر دوو جۆر لە "مۆداڵێتی"ی تەواو و سەربەخۆدا دابەش ببن، چونکە لە لایەکەوە واتا و ڕەفتارەکانیان مروونەتی زۆریان هەیە و لەلایەکیترەوە ئەو دەقەی تێیدا ڕوودەدەن کاریگەریی خۆی هەیە لە سەر دیاریکردنی جۆری مۆداڵێتی، وەك لە "پێویستە" لە (پ) و (ت)دا.

(پ) باپیر پێویستە یارمەتیم بدات. (زانینگەرایی) (ت) تۆ دەتوانیت ئێستا بڕۆیت. (بەڵێن و ئەرك)

(٨) بە واتای ئاماژەکردن بۆ ئەرك و بەڵێن و پەیمان وەك چەمکی ئەخلاقی، لەم باسەدا لە بری deontic modality بەڵێن و ئەرك بەکاری دەهێنین.

(٩) لێرەدا دەبێت لە بری should بەکارهاتبێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٦ . ٣: تایبەتمەندییەکانی "تێنس" و "موود": بە شوێن Langackerدا

(١) مۆداڵەکان بۆ فۆڕمی "ئاوەڵناوی کاری" یان "چاوگ" گەردان ناکرێن، چونکە لەگەڵ ئەرکەکانیاندا گونجاو نییە، و "چاوگ" و "ئاوەڵناوی کاری" پەیوەندی کاتین، لەکاتێکدا مۆداڵەکان پرۆسەیەکی نەخشەیین.

(٢) "مۆداڵەکان" هاوبەشی لە ڕێککەوتنی کار-بکەردا ناکەن، بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا ناگوترێت " Bapir* musts succeed"، چونکە مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاك s- لە خودی خۆیدا بەشێکی کاری بناخەییە لەگەڵ یان بە بەهایەکی ڕاستیی پێچەوانەوە، بۆیە هەردووکیان پێکەوە چاوەڕوان ناکرێت ڕووبدەن، چونکە دوو ئاڕاستە و بەهای ڕاستی پێچەوانەی یەکترن.

(٣) فۆڕمی "چاوگی ڕووت"ی کاری دووەم لە زنجیرەکەدا فۆڕمی کاری "مۆداڵ"ی بەدوادا دێت، چونکە بەشی کاری بناخەییە و ڕەگەزەکە پێویستە هاوتابن، لە بواری کاتەگۆرییەکانەوە، مۆداڵەکە نەخشەی پرۆسە پێشکەش دەکات، و ڕەگەزی بناخەییەکە پێویستە کردەوەبێت، و فۆڕمی کاری دوای مۆداڵەکە پێویستە وەك کاری سادە مامەڵەبکرێت.

(٤) مۆداڵەکان لە بواری چاوەڕوانکردنی ڕاستییەوە وەك ئەوەی لە واقیعدا هەن دیاریدەکرێن، جیاوازی لەم ئاستەدا، جیاوازییە لە نێوان مۆداڵەکانی "زانینگەرایی" و کاتی ئایندە لە will و may –دایە. مۆداڵی will ڕاستی بەخەیاڵداهێنان بە کۆد دەکات، کە کوردی ئەو ئامرازەی نییە، لە جۆری نا-ڕاستیی ڕاستەوخۆ، لەبەرئەوە فۆڕمی تێنسی "دەبێت" هۆی لێکدانەوەی کاتی ئایندەیە، بە پێچەوانەوە، may تەنیا ڕاستی "لەوانەبوون" بە کۆد دەکات، لە جۆری "نا-ڕاستیی نا-ڕاستەوخۆ"، لەبەرئەوە ڕاستیی "زانینگەرایی" لاواز بەرهەم دەهێنێت. Langacker، نموونەی "هێزی-دینامیکی" وەردەگرێت تا جیاوازی لە نێوان "ڕاستیی واقیعی" و "چاوەڕوانکراو"دا بکات، بۆ نموونە: ئەگەر ڕووداوەکە وا لێکبدرێتەوە وەك ئەوەی هێزی پاڵنانێکی بەسی هەبێت، کە تێیدا قسەکەر بتوانێت دڵنیابێت لەوەی، کە دەگاتە بارودۆخی ڕاستیی چاوەڕوانکراو- ئەوە ڕاستیی چاوەڕوانکراوە و بە پێچەوانەوە، هێزی "پاڵنانی لاواز" تەنیا بارودۆخی ڕاستیی چاوەڕوانکراو بەخۆوەدەگرێت.

## ٦ . ٤: تێنس و ئەسپێکت و موود

### ٦ . ٤ . ١: بارودۆخی ئەسپێکتی

باشترین پۆلکردن سەبارەت بە بارودۆخەکان ئەوەکەی Vendle -ە، کە بارودۆخەکان بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکات، بەڵام کارەکان بەسەر دوو لایەندا دابەش دەکات، یەکەم ستەیتیڤەکان، کە بریتین لەم کارانەی وەسفی ڕووداوێك دەکەن، کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبن لە کاتدا، گۆڕانی ناوەکی لەخۆناگرن، ناکەونە ژێر کاریگەریی بکەرەوە، و ....، دووەم کارە "دینامیك"یەکان، کە گۆڕانی ناوەکی لەخۆدەگرن، لەژێر کاریگەریی بکەردان و هەروەها.

بارودۆخەکان دەبن بە پێنج بەشەوە"


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(أ) **بارودۆخە ستەیتیڤەکان:**[١٠] بەردەوام و ئەتێلیکین. "باپیر زانی کێ پشتگیری دەکات"

(ب) **دەستکەوتەکان:** داینامیك، کورت خایەن و تێلیکین. "کاژێر دە گەیشت"

(پ) **بەجێهێنراوەکان:** داینامیك و تێلیکی بەردەوامین. "بە سێ مانگ خانوەکەی دروستکرد"

(ت) **داینامیکیەکان:** بەردەوام و ئەتێلیکین. "نازەنین ڕادەکات"

(ج) **چرکە ساتیەکان:** "گەیشتنە لوتکە" .

## ٦ . ٤ . ٢: تایبەتمەندیی ئەسپێکتی

تێنس: ناوبەند پەیوەندە لە گەڵ بیری ڕێزمانی "ئەسپێکت"دا، "ئەسپێکت" ئەوە دیاری دەکات، کە چۆن تەوژمی کات لە ڕستەی دیاریکراودا لەبەرچاودەگیرێت. "ئەسپێکت" لە کوردیدا زۆر موجەڕەدە، و ئەرکی دەربڕینی دیوی ناوەوەی بارودۆخی پێ سپێردراوە.

(١) ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤ: کردەوەکە وا پێشکەش دەکات وەك ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی لە پڕۆسەی ڕوودانددا بێت، و قسەکەر جەخت لەسەر خاڵێك دەکاتەوە، کە نە سەرەتایە و نە کۆتایی، بەڵکو ناوەڕاستە، "باپیر وا نامە دەنوسێت".

(٢) ئەسپێکتی پێرفێکت: کردەوەکە وا لەبەرچاودەگرێت وەك ئەوەی تەواوبووبێت بەڵام کاریگەریی کردەوەکە ئەگەر بەشێکیشی نەکەوتبێتە دوای خاڵی قسەکردنەوە، ئەوە کاریگەرییەکەی بەردەوام دەبێت، واتە باسی ڕووداوێك لە ڕابردوو بە کاریگەریی ئێستاوە.

(٣) ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤ: کردەوەکە وا دەبینێت، وەك ئەوەی لە پێش کاتی قسەکردنەوە ڕویدابێت، و بەردەوام بێت بە کۆتاییەکی نادیاریکراوەوە، لە دوای کاتی قسەکردنەوە.

(٤) ئەسپێکتی پێرفێکتیڤ: کردەوەکە لەبەرچاو دەگرێت وەك ئەوەی لە پێش کاتی قسەکردنەوە تەواوبووبێت.

---

[١٠] بۆ زانیاری زیاتر سەیری : محمود فتح الله "جۆری بارودۆخ لە زمانی کوردی"، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٧) بکە.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

### ٦ . ٤ . ٣: جیاوازی لە نێوان تێنس و ئەسپێکت و موود

(أ) "موود": دوو بەشە، "مۆداڵێتیی زانینگەرایی" و "مۆداڵێتیی بەڵێن و پەیمان/ئەرکی سەرشان"، کە ڕوون و ئاشکرایی، ئاماژەکردن، هەڵوێستی قسەکەر دەردەبڕێت بەرەو ئەو زانیارییەی، کە لە کلۆژەکاندا دەردەبڕدرێت، بە تایبەت ڕێگاپێدانی قسەکەر بۆ بارودۆخەکانی ڕاستی، "لەوانەبوون" یان "پێویستی". Mood بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بۆ کاتەگۆرییەکی گەردانی زمانە کلاسیکییەکان دەکات، کە Illocationary forceای دەربڕینێك بەکۆد دەکات. (هەواڵی، پرسیاری، فەرمانی، مەرجی)، بەڵام لەسەر بنەمای ئەوە لێکدەدرێتەوە، کە لە بنچینەدا ئاماژە بۆ جیاوازیی دووانە لە نێوان ڕووداوی هێنانەدی و نـا-هـێـنـانـەدی دەکـات . Chung &) (Coupe 2013:1106) لە Timberlake 1985, Mithum, 1999, Palmer, 2001)ەوە. لەو سێ کەتەگۆرییانە تەنیا، "تێنس" و "موود" دەتوانرێت وەك کاتەگۆریی ئاماژەیی لەبەرچاوبگیرێن.

ڕوداوێك[١١] کە لە دوای کاتی قسەکرنەوە ڕوبدات، ئەوە نا-ڕاستە و لەوانەبوونە، لێرەدا پەیوەندی لە نێوان تێنسی ئاینده و موودی نا-ڕاستیدا هەیە، و بەشێوەیەکی ژێرخانی لە نێوان نا-ئاینده و موودی هەقیقی، ڕووداوێك کە لە کاتی قسەکردندا بەردەوامە و تەواو نەبووە، لێرەوە پەیوەندی لە نێوان تێنسی نا-ڕابردوو و ناتەواوبوو-incompletive (ئیمپێرفێکتیف یان پرۆگرێسڤ) و ئەسپێکتدا هەیە، بە شێوەیەکی ژێرخانی، لە نێوان تێنسی ڕابردوو و تەواوبوودا-completive هەیە (پێرفێکتیف یان ئەسپێکتی نا-پرۆگرێسڤ). سەرەنجامی ئەو پەیوەندییانە ئەوەیە، کە جیاوازیی کاتی دەشێت بە هۆی کاتەگۆرییەکانی مۆرفۆسینتاکتیکەوە دەرببڕێت کە ئەرکی فرەوانی مۆداڵی یان ئەسپێکتیان هەیە.

وەچە دابەشکردنێك لە مەودای مۆداڵێتی کە وەسفی توانستی تێگەیشتنی قسەکەر دەکات، بۆ نموونە، بارودۆخی ڕاستی چۆنە، یان چۆن قسەکەر دڵنیایە لە هەقیقەتی جەختکردنەوەدا.

(ب) تێنس خاڵێك دەردەبڕێت وەك پەیوەندیی کاتی. کوردی تەنیا دوو تێنسی هەیە، تێنسی ئاینده بە فۆڕمی تێنسی نا-ڕابردوو دەردەبڕدرێت، ئینگلیزی Will and Shall بەکاردەهێنێت، ئەوە نەك تەنیا وەك نیشانەی ئاینده، بەڵکو وەك "موود"یش، "کاری یاریدەدەری مۆداڵی"، و "واتای بناخەیی" ئەم دووانە ناگەیەنێت، ئەوانە یەك واتای سەربەخۆی خۆیان هەیە، Will بەواتای "خواست"، و "ویست"، Shall بە واتای "پەیمان" و "بەڵێندان"، و هەردووکیشیان ئاماژە بۆ بارودۆخی ئاینده دەکەن، (Comrie, 1976) باسی تێنس دەکات وەك "بەڕێزمانیکردنی دانانی ڕووداوێك لە کاتدا پەیوەست بە چەقی ئاماژەکردن، واتە کاتی قسەکردنەوە"، سەنتەری ئاماژەکردن دەکرێت بگوازرێتەوە بۆ خاڵێك لە پێش یان دوای چرکەساتی قسەکردنەوە، بۆ بە کۆدکردنی تێنسی پەیوەندیدار، وەك ئەوەی لە ئاینده یان ڕابردووی پێرفێکتدا دەبینرێت، بۆ نموونە: "بە هاتنی مانگی یەکی داهاتوو، بۆ هەژدە ساڵە هاوسەرگیریمان کردووە". زمانەکان بە شێوەیەکی نیشانەکراوی لەوەدا جیاوازن، کە ئاماژەکردنی کاتی بە شێوەیەکی ڕێزمانی بە کۆدکراون، و بە سێکوچکەیی سیستەمی تێنس

[١١] (Mushin, 2001) لە (Jakobson, 1957)ەوە دەڵێت: کە بەڵگەی "evide ntial" کاتـەگۆریی مـۆداڵێتی ئاماژەییـیە، لەوەدا کە پلەی بەڵێنەکانی قسەکەر بۆ ڕاستی ناوەرۆکەکانیان دەردەخات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەگمەنە. لەکاتێکدا، کە جیاوازی لە نێوان ڕبردوو و نا-ڕابردوو دانەیەکی تێنسییە، جیاوازی لە نێوان ئایندە لە لایەك و ڕابردوو و نا-ڕابردوو لە لایەکەی ترەوە، جیاوازیی موودییە.

(پ) پەیوەندی لە نێوان "فۆڕم" و "واتا" لە سیستەمی TAMی کاری کوردیدا، ئاماژەکردنە بۆ بارودۆخی ڕووداو، ڕووداوەکان بە سەرەتا و کۆتاییەکی دیاریکراوەوە، بۆ نموونە: "هاتن"، "ڕۆیشتن"، "لێدان"، کە بەدرێژایی ماوەیەك بەردەوام دەبن. بارودۆخیتر، کە پێویستیان بە سەرەتا و کۆتایی دیاریکراو نییە، بۆ نموونە: "بوون بە"، "زانین"، "ژیان"، و "مانەوە".

(ج) ئەسپێکت: کاتەگۆرییەکی ڕێزمانییە، باس لەوە دەکات، کە چۆن، کردەوە، ڕووداو یان بارودۆخێك، کە بە هۆی کارەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت دەستپێدەکات و کۆتایی دێت، ئاماژە بۆ تەوژمی "کات" و دیوی ناوەوەی کاتی بارودۆخ و کردەوەکان دەکات. بە لای (Comrie, 1976)یەوە ئەسپێکت لە کلۆزی تردا بە هۆی هۆکاری ترەوە دیاری دەکرێت، بۆ نموونە، ئەسپێکتی "سروشتی بارودۆخی دەقی ڕێزمانی"، "تایبەتمەندیەتیی هاوبەشەکان"، و "ئامادەبوونی ڕەگەزە ئاوەڵکارەکان"، بۆ نموونە، "ئامرازەکان"، "ئاوەڵکارەکان"، و "فرێزی ئامرازی"[١٢]. دابەشکردنی سەرەکی لە بیری جۆری شێوەی کاتی، لە نێوان پێرفێکتیڤ، ئیمپێرفێکت و ئەسپێکتی پێرفێکتدایە. ئەسپێکت بە واتای سەربەخۆیی بەڕێزمانیکراوی دانانی ڕووداوێك لە کاتدا، کە حاڵەتی کاری هەواڵیpredicate verb[١٣] یان بارودۆخ لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ماوەیەك لە کات، کە تێیدا ڕوودەدات بە کۆددەکات" (Coupe, 2013:1106).

## ٦ . ٤ . ٤: بەڕێزمانیکردن Gramaticalization

لە بواری کاتەگۆرییەکی ئاڵۆزی وەك "مۆدالێتی "دا، دەبێت لە چەند لایەنێکەوە سەرنج لە بابەتەکان بدرێت، یەکێك لەم لایەنانە لەبواری بە ڕێزمانیکردنە grammaticalization،ە[١٤] لە بەر ڕۆشنایی ئەو هەقیقەتەی، کە ڕوخساری سیمانتیکی تاڕادەیەکی زۆر هاوبەشن بۆ زۆر لە زمانەکانی دونیا، دەشێت ئەوە بە هۆی فۆڕمی ڕێزمانی و سیستەمی سیمانتیکی زمانە تاکاکانەوە بەدەستبێت، "یەکەم هەنگاو دیاریکردنی واتای پەیوەندیدارە، کە لە بواری مۆدالێتیدا ئاسان نییە" (Palmer, 1986:4). ئەو بیر و ئاستانەی لەم بوارەدا دەخرێنە ژێر توێژینەوە، بریتین لە (أ) "هەڵوێستی" کەسی بەرانبەر بە دونیای دەوروبەر، "بیروباوەڕ"، "کردەی قسەکردنەکان" بە پێی یاساکانی Auostin، (ب) "کەسێتی" (تێڕوانینی هەمووشتێك لە گۆشەی

(١٢) Prepositional phrase دەستەواژەیەکە لە پریپۆزیشن و ناوی پاشکۆ پێکهاتووە و ئەرکی ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار دەبینێت، بۆ نموونە: "بە خێرایی نووسین". "دەربڕینی ئیزافە" (جار و مجرور و توابعە)

(١٣) فعل خبری: کارێك، کە هەواڵ بۆ بکەر پێکدەهێنێت، بۆ نموونە، grows لە she grows دا. Al Khuli (1982: 223)

(١٤) مەبەست گۆڕانی بەندێکی زمانی لە دانەیەکەوە، کە واتای فەرهەنگی هەیە بۆ دانەیەك، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی ڕێزمانی هەیە، بۆ نموونە، وەك لە He's.دا، بە واتایەکی تر وشەیەك کە سترێسی لەسەر نەبێت، کە ئاسایی تەنیا لە پەیوەندیدار بە وشەی ترەوە ڕوودەدات، بۆ نموونە، M لە I'm دا.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

هەست و بیروڕای خۆیەوە)، کە "لەوانەبوون"، "بە ناچاری"، لەخۆدەگرێت، "جەختکردنەوە"، "باری سەرنج"، "بیروڕا" لەگەڵ "نا-هەقیقی" یان "نا-جەختکردنەوەیی"دا ناوبەند پەیوەند. گرفت لە گەڵ مۆدالێتیدا تەنیا "ئەوە نییە، کە گۆڕانی زۆر لە واتادا هەیە و دەبێت، بەڵکو لەوەدایە، کە هیچ ڕوخساری بناخەیی دیار نییە. دووەم، دەکرێت هەمان شت تەنانەت لە ئاستی ڕێزمانی فۆڕماڵیشدا ڕووبدات، – بەڕێزمانیکرن بابەتی پلەیە، بۆ نموونە، "کەم تا زۆر"، "جگەلە"، "بەڵێ" یان "نەخێر"، گەردانی "موود" نموونەیەکی نیشانەی ڕێزمانیی ڕوونە، بەڵام نیشانکەرەکانی "مۆدالێتی" دەشێت کارەکانی "مۆداڵ"، "کلیتیك"[١٥] یان "ئامڕاز"بن (Palmer, 1986:4-5).

## ٦ . ٤ . ٥: موود و تێنس Mood and Tense

کاریگـەریی سـیمانتیکی لـە بـواری کۆکردنـەوەی مـۆداڵی "مـەرجی"، "گومـان" و "ئاواتـەخوازی" لەگـەڵ مۆرفۆلۆجیی تێنسی ڕابردوودا دەخەینەڕوو، بۆ نموونە، لە فارسی، کوردی و ئینگلیزیـدا، گـەردانی[١٦] ڕابـردووی مەرجی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بنیاتەکاندا بەکاردەهێنرێت، و هاو شێوە سینتاکتیکییەکانیان دەشێت لە نێوان زمانەکاندا بگۆڕدرێت:

(أ) ئەگـەر بژیایـە دەیتـوانی وشـەکانی ببیسـتێت// if he were living, you would hear his words.

(from Allen et al , 1903 :328)

دەشـێت ئـەو ڕابـردووە مەرجیانـە، (لـە بـاری قووڵدا) بـە هـۆی ئـەو دەربڕینانـەی پلەیـەکی بـاڵا لـە واتـای "گریمانەیی" یـان "لەوانـەبوون" بـەخۆوە دەگـرن دیاریبکرێن، زیـاتر لـە هاوتـا تێنسـە-نـا-ڕابردووەکانیـان. ئـەو دیاردەیە زیاتر لەگەڵ تێنسی ڕابردوودا بەدیـدەکرێت، تەنانـەت ڕابـردووی مـەرجی دەتوانێـت بـەکاربهێنرێت تـا واتای مەرج گەلێك یان گریمانە دەربڕێت، تەنانەت لە کلۆزی سەرەکی و لە غیابی نیشانەی مـەرجی دیـاری وەك ئەگەریشدا، بۆ نموونە:

(ا) دەتوانێت مەلە بکات ئەگەر شوێنی باش هەڵبژێرێت.

"دەتوانێـت" نـاوەڕۆکی "مـەرجی" و "گریمانـەیی" بـە هـۆی بـەکارهێنانی گـەردانی ڕابـردووی مەرجییـەوە دەربڕرێت.

ئەگـەر مۆداڵـەکان هـەردوو "تێـنس" و "مـوود" بـەخۆوە بگـرن، دواتـر چـاوەڕوانی چـوار لێکـدان و پێکەوەبەسـتن دەبـین، بـۆ نموونـە، "نـا-ڕابـردووی هـەواڵی"، "نـا-ڕابـردووی مـەرجی"، "ڕابـردووی هـەواڵی" و

---

[١٥] وەك وشەی بەند(مقید) مامەڵە دەکرێت، کە لە ڕستەدا بۆشاییەك پڕدەکاتەوە، و وابەستەی وشەیەکی ترە، بۆ نموونە is لە he’sدا.

[١٦] گۆڕانکاری لە فۆڕمی وشە (بە شێوەیەکی ئاسایی)، تا ئەرکی ڕێزمانی دەربڕێت، یان تایبەتمەندیی کاتەگۆرییە ڕێزمانییەکان دیاریبکات یان سیفەتیان بداتە پاڵ، بۆ نموونە، تێنس، موود، کەس، ژمارە، حاڵەت و ڕەگەز.

مەرجی یان subjunctive پەیوەندی بە... هەیە یان ئاماژە بۆ موودی کارەکان دەکات، کە ئەوەش بە دەوری خۆی بەخەیاڵداهێنان، ئارەزوو یان چاوەڕوانکراو.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

"ڕابردووی مەرجی"، دیاریکردنی "نا-ڕابردووی هەواڵی" بەکاردەهێنرێت تا لە ڕاستی "ناوەڕۆك" لەگەڵ ئاماژەکردنی کاتی دەربڕیندا دڵنیابین، "ڕابردووی هەواڵی" بەکاردەهێنرێت تا لەسەر ناوەڕۆك لەگەڵ ئاماژەکرن بۆ کاتێك پێش کاتی دەربڕین دڵنیابین.

(١) گوڵە دەتوانێت مەلە بکات (٢) تەنانەت کاتێك گەنج بوو، توانی مەلە بکات. (٣) دوای نیوەڕۆ گوڵە دەتوانێت مەلە بکات.

ڕستەی (١) و (٢) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە گوڵە توانستی مەلەکردنی هەیە، و وەك "نا-ڕابردوو" و "ڕابردووی مەرجی" مامەڵەدەکرێن، بە پێچەوانەوە، (٣) دڵنیاییيەك نادات سەبارەت بەوەی گوڵە توانستی مەلەکردنی هەبێت.

ناوەڕۆکی مۆداڵی "پێویستە" بەهێزترە لە ناوەڕۆکی مۆدالی "دەشێت"، هەر یەك لەمانە دوو ئەرك دەبینن، بۆ نموونە، (أ) ئەرکی، لێهاتوویی و باوەڕی قسەکەر، (ب) پێڕەوی ڕەفتاری ڕێکوپێك (مۆداڵی زانینگەرایی) پرسیارکردن سەبارەت بە "دڵنیایی"، "لەوانەبوون"، و "ڕوونکردنەوە" و "دەربڕین". مۆداڵی "پەیمان و ئەرك" سەبارەت بە پێدانی مۆڵەت بە خوێنەر و گوێگرەکانی.

## ٦ . ٥: واتا و فۆڕم سەبارەت بە تێنس، ئەسپێکت، و موود

لێکدانەوەی فۆڕم-واتا دەکرێت لە دوو ئاستدا کاری لەسەر بکرێت، بۆ نموونە، واتای سەربەخۆیی دەقی بۆ فۆڕمی دیاریکراو، کە بە شێوەیەکی گشتی هەردوو کاتەگۆریی تێنس و ئەسپێکت دەگرێتەوە، جگە لە بوارەکانی تریش، ئەو فۆڕمانەی کە واتاکانیان تا ڕادەیەکی زۆر ئەگەر بە تەواویش نەبێت، ئەوە بێشك پشت بە بەکارهێنانی دەقی تایبەت دەبەستن، بێگومان ئەو فۆڕمانە زیاتر توێژینەوەی موود لەخۆدەگرن Perkins) .1982:245-6)

بە لای (Comrie, 1976:19)یەوە "جیاوازی لە نێوان واتای دەقی سەربەخۆ و لێکدانەوە بە هۆی دەقە دیاریکراوەکانەوە جێبەجێدەکرێت، دیارە جەختیش لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە زۆرجار فۆڕمێکی ڕێزمانی دیاریکراو زیاتر لە واتایەکی هەیە"، لێرەوە دوو گریمانە دەکرێت جیابکرێنەوە، تیۆرییەك کە جەخت لەسەر یەك-بۆ-یەك هاوتایی لە نێوان فۆڕم و واتادا دەکاتەوە، لەم بارانەدا دەبێت هەر فۆڕمێکی ڕێزمانی بە چاوپۆشین لەو دەقەی فۆڕمەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت، فۆڕمەکە پارێزگاری لە واتا ڕێزمانییەکەی بکات. تیۆرییەکیتر، کە جەخت لەسەر یەك فۆڕم بۆ زیاتر لە واتایەك دەکاتەوە, کە بریتین لەو فۆڕمانەی وابەستەی دەقین.

واتای وشە بە دوو ڕێگاوە لێکدەدرێتەوە، واتە لە دەرەوەی دەق یان لە ناوەوەی دەق، لەو بارەیەوە ڕێبازی سەر بە .(Wertheimer (1977:49 و Wittgenstein گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە "هەموو جیاوازییەکان لە بەکارهێنانی وشەیەکدا سەرەنجام و بەڵگەن بۆ جیاوازییەك لە واتاکەیدا"، ڕێبازی یەك سیمانتیکی هی (Bolinger (1972:xـە، کە"جەخت لەسەر ڕێبازە کۆنەکە دەکاتەوە، کە مەرجی سروشتی زمان بریتییە لە پارێزگاریکردن یەك فۆڕم بۆ یەك واتا و یەك واتا بۆ یەك فۆڕم". هەریەك لەم دوو ڕێبازانە بەڵگە و قسەی خۆیان هەیە، سەبارەت بە مۆداڵەکان (Palmer, 1979: 10ff) جەخت لەسەر "ڕێبازی "واتای بناخەیی" بۆ مۆداڵەکان دەکاتەوە، بەڵام نکوڵی لەوەش ناکات، کە دەکرێت سەرنج لە "واتای باوی گشتی تا ڕادەیەکی زۆر، یان

دەستەیەك لە واتای پەیوەندیداری نزیك بۆ هەر واتایەکی مۆداڵ"، دەکاتەوە، "کاتێك وردەکاری داوادەکرێت، یان نەگۆر پێشنیازدەکرێت ... بیری واتای بناخەیی دەبێت بە ناواقیعی" (Joos, 1964) واتای مۆداڵەکان لە بواری ڕوخسارەکانیانەوە دیاری دەکات، بۆ نموونە، "خەریکە ڕوودات، لایەنگر و لەسەر هەوەسی کەسی تر بەندە"، زۆربەی زۆری زمانەوانەکان کۆکن لەسەر ڕێبازی واتای بناخەیی بۆ سیمانتیکی مۆداڵەکان"، سەبارەت بە هەندێك جۆری ڕێبازی واتای بناخەیی شایانی ئاوڕلێدانەوەن، بۆ نموونە، (Huddleston, 1969: 779ff) شەش واتای دیار بۆ "ڕەنگە- may"جیا دەکاتەوە، جگە لەوە " بە دڵنیاییەوە ئەوە تەنیا بە ڕێکەوت نییە، کە فۆرمێکی تاك، یان دەستەك لە فۆرمی کاری یان هێز، بەکاردەهێنرێن تا زیاتر لە واتایەکی مۆداڵی دەربڕن نەك تەنیا لە زمانی ئینگلیزی، بەڵکو لە زۆر زماندا... بوونی هەیە (Iten, 2005:245)، ئێمە لە نێوان ئەو ڕایانەداین.

(Ranson, 1977) دەڵێت: تەواوکەری ناوی "مۆداڵێتی" وا لەبەرچاوناگیرێت وەك ئەوەی کە بەند بێت لەسەر واتای فەرهەنگی کاری ڕستە ناسەرەکییەکان، بەڵکو دوو جۆر لە تەواوکەری مۆداڵەکان بەکاردەهێنرێن، دواتر دەبینرێت کە "واتا" و سنورداركردنەكانیان دیار دەمێننەوە، "ڕستەی مۆداڵێتی زۆر بە ئاسانی وەك ئەو زانیارییە وایە، کە لە ڕستەیەکدا دیاریدەکرێت، و جیایە لە واتای ناوەڕۆکەکە" (Ranson, 1977:357)، بۆ نموونە:

(١) تۆ دەیبەیتەوە. (٢) بیبەرەوە!

واتای ناوەڕۆکی (١) و (٢) هەمان شتن، بۆ نموونە، بکەر کەسی دووەمی تاك "تۆ"، و کاری ڕستەکە "بردنەوە"یە، بۆ نموونە، لە یاریدا، بەڵام مۆداڵێتی لە هەردووکیاندا وەك یەك نییە، لە (١)دا قسە لەسەر ڕاستی ناوەڕۆکی "تۆ دەیبەیتەوە" یە، کە پێی دەگوترێن باری "ڕاگەیاندن" یان "هەواڵی" لە (٢)دا سەبارەت بە ناچارکردنی کەسێکە، کە شتێك بکات"، بۆ نموونە: "تۆ پێویستە بیبەیتەوە"، و پێی دەگوترێت فەرمانی (Ranson, 1977:357).

پێشتر زانایانی بواری ڕێزمانی گواستنەوە بە هەمان شێوە، ڕێگای زانایانی بواری نەریتیی مۆداڵێتیان گرتبووە بەر، بەشێوەیەکی سەرەتایی جەختیان لەسەر فۆرمی "موود"ی کارەکە دەکردەوە، ناڕاستەوخۆ ئاوڕیان لە "واتا"ی مۆداڵێتی دەدایەوە، سەرنج لەو ڕستانە بدە، کە هاوشێوەی ڕستەکانی Ranson ـ نن:

(٣) نازەنین دەنگی بەوە دا. (٤) من دەڵێم، کە نازەنین دەنگی بەوە دا.

(٥). دەنگ بەوە بدە! (٦) من فەرمانت پێدەکەم دەنگ بەوە بدە.

ناوەڕۆکی مۆداڵێتی لە (٣)دا هەواڵییە، چونکە "دەنگیدا" فۆرمی موودی هەواڵی هەیە، لە (٥)دا ناوەڕۆکی فەرمانییە، چونکە فۆرمی فەرمانی هەیە، بەڵام لە (٤) و (٦)دا [١٧] نا، کەواتە، فۆرمی "موود"ی کارەکە وەك

---

[١٧] بە شوێن (Ranson, 1977:357)دا زاراوەی "مۆداڵێتی" بەکاردەهێنین، تا ئەو زانیارییانە بگەیەنێت، کە پێمان دەڵێن ئەگەر ئەو ڕستەیەی، کە سەبارەت بە "بە ناچاری"/necessary یان لەوانەبوون/possibility گوترا، ئەوە ناوەڕۆك ڕاست دەبێت، بۆ نموونە:

ـ نازەنین دەزانێت کە ئەوان پشتیوانی ئەوە دەکەن.

ـ نازەنین هیوا/ ئومێد/دەکات کە ئەوان پاڵپشتی ئەوە بن. هیوای ڕاستیی بۆ دەکرێت، هیواخوازە ڕاست بێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاماژەکەری ڕووگەشی مۆداڵێتی بەکارهاتووە " ڕێبازێکی وەها، کەسێك ناچاردەکات تا دەست لە هەر هیوایەك سەبارەت بە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان فۆڕمی "موود"و "واتاکانیان"دا هەڵبگرێت، چونکە لێرەدا هاوتاییەکی یەك-بەرانبەر-بە -یەکی لە نێوان ئەو دووانەدا نییە، چونکە فۆڕمی "موود"ی زیاتر لە واتایەکیان هەیە، و هەندێك واتا زیاتر لە یەك فۆڕمی "موود"یان هەیە، تا ئەوانە نیشانبدەن" (Ranson, 1977:358).

(3′) من نیشانیدەدەم/ئاشکرایدەکەم، کە (نازەنین دەنگ بۆ ئەو دەدات).

(4′) من دەڵێم (نازەنین دەنگ بۆ ئەوە دەدات).

هەردوو ڕستەکانی (3′) و (٤′) دەبێت پێیانبگوترێت هەواڵی، چونکە لە هەردووکیاندا واتای کاری ناسەرەکی هەواڵییە.

(5′) من فەرمانت پێدەکەم ( تۆ دەنگ بدە بە ئەوە).

(6′) من پێت دەڵێم (تۆ دەنگ بدە بە ئەوە!)

ناوەرۆکی "(تۆ) دەنگ بدە بە ئەوە"، لە هەردوو ڕستەکاندا (٥′) و(6′) پێی دەگوترێت فەرمانی چونکە لە هەردووکیاندا کاری ناسەرەکی واتای فەرمانیان هەیە.

بەو جۆرە زانایانی بواری سیمانتیك لەسەر ئەوەن کە "مۆداڵێتی" بە هۆی واتای کاری ناسەرەکییەوە دیاریدەکرێت، و بڕیاری لەسەردەدرێت.

مۆداڵێتی ڕستەی ناسەرەکی لە ڕستەی (٧)دا وەك "بەڵێن" و (٨) وەك "نیازی" مامەڵە دەکرێن.

(٧) من بەڵێن دەدەم بە دەنگدان بۆ ئەوە.

(٨) من نیازم هەیە بەدەنگدان بۆ ئەوە.

بەڵام چی هەیە سەبارەت بە "مۆداڵێتی" ڕستەی ناسەرەکی لە (٩) بۆ (١١)دا

(٩) من بڕیارم دا بە دەنگدان بۆ ئەوە.

(١٠) ئەوانم ناچارکرد بەدەنگان بۆ ئەوە.

(١١) بیرم کردەوە ئەوان دەنگیان بۆ ئەوە داوە.

بە لای (Ranson, 1977:359)ەوە بە "مۆداڵێتیی" (٩) دەگوترێت "مۆداڵێتیی" بڕیاردان، "مۆداڵێتیی" (١٠) مۆداڵێتیی " زۆرلەخۆکردن و "مۆداڵێتیی" (١١) مۆداڵێتیی " لە بیری قوڵ و خەمناکدا بوون".

---

- نازەنین پێشبینی دەکات، کە ئەوان پشتگیری ئەوە دەبن.
- نازەنین هیوایان بۆ دەخوازێت تا پشتگیری ئەوە بن.    ئەو ڕووداوەی کە ڕوودەدات.
- نازەنین چاودێری ئەوان دەکات، کە گفتوگۆی بابەتەکە دەکەن.
- نازەنین خۆزگە بۆ ئەوان دەخوازێت، کە گفتوگۆی بابەتەکە بکەن.    یان کردە، ڕووداو، یان بارودۆخەکە بهێنەدی بە هۆی کەسێکەوە.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

کارکردن لە مەودای چوارچێوەی زانستی سیمانتیکی-بەرهەمهێناندا، (Ranson, 1977: 359) ئەوە ڕادەگەیەنێت کە "مۆدالێتیی ڕستەی "سادە" و "ناسەربەخۆ" پێویستە وا مامەڵە نەکرێت وەك ئەوەی تایبەتمەندیی کارەکان بن، بۆ هەرکام لە ڕستەی سادە یان ناسەرەکی" _____ بە مەبەستی پشتگیریکردنی ئەو داوایە"، Ranson بەڵگە پێشکەش دەکات کە واتای مۆداڵەکان بەندنین لەسەر واتای کارە ناسەرەکییەکان، و بەپێچەوانەوە، کە واتای کارە ناسەرەکییەکان بەند نییە لەسەر واتای مۆداڵەکان"، تاکە بەندبوونێك لە نێوان ئەوانەدا ئەوەیە، کە هەر کارێکی ناسەرەکی پێویستە دیاریبکرێت بۆ هەر مۆدالێتییەك یان مۆڵەتییەکان، کە دەتوانێت ئەوانە وەربگرێت:

**یەکەم:** دوو مۆدالێتی، کە Ranson پێیان دەڵێت مۆدالێتیی "ڕاستی" و "چاودێریکرن"، و هەر دانەیەك لەوانە بە هۆی دەستەیەك لە واتای دیار و سنوردارەوە دیاریدەکرێن، ئەوە نیشاندەدەن، کە دیاریکردنەکە بەردەوام دەمێنێتەوە، گەرچی کاری "ناسەرەکی"، "ڕاگەیاندن"، "کردەوە"، "سۆز"، یان "زانین" بێت.

(١٢) نازەنین ڕایگەیاند/سەلماندی/دڵخۆشبوو/باوەڕیکرد، کە مامە دەڕوات/دەردەچێت.

(١٣) نازەنین فەرمانیدا/بڕیاریدا/حەزیکرد تا پشتگیری ئەوە بکات.

**دووەم:** کاری ناسەرەکی وا پێشکەش دەکرێت، کە بتوانێت زیاتر لە جۆرێك لە مودالێتی وەربگرێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو کارە ناسەرەکییانە واتای دیار و نەگۆڕیان هەیە، بەچاوپۆشین لە مۆدالێتیی ئەو ڕستە ناسەرەکیانە:

(١٤) نازەنین پێی گوتن/بڕیاریدا/بەبیریهاتەوە کە مامە ناچاربوو.

(١٥) نازەنین پێی گوتن/بڕیاریدا/بیریهاتەوە بۆ پشتگیریکردنی ئەوە.

## ٧ . ٠: ناوبەند پەیوەندی لە نێوان کوردی و فارسیدا

### ٧ . ١: گرفتەکان لەگەڵ ئیمپێرفێکتیڤدا

لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا فۆڕمی ئەو کارە گرفتاوییە، دەکرێت بەم شێوەیە گرفتەکان دیاریبکرێن:

(١) گرفتێك سەبارەت بە ژمارەی کەسەکان لەگەڵ ئەو فۆڕمەدا.

(٢) بۆچی فۆڕمی ئیمپێرفێکتیڤیەتی کاری دیاریکراو، بۆ کەسی دووەمی تاك هیچ پاشگرێك وەرناگرێت، و بە شێوەیەکی فۆڕماڵی هاوتایە لەگەڵ فۆڕمەکانی نا-ڕابردووی مەرجی. بە لای (Farahani, 1990:36-40)یەوە، هەندێك لە زمانەوانە فارسەکانی وەك (Birjandi, 1978) و (Barjaste, 1983) لەسەر ئەوەن کە "فارسی دوو فۆڕمی ئیمپێرفێکتیڤی هەیە، دانەیەکیان NP بکەری بنچینەیی و بناخەیی "تو/ you/ تۆ"یە لە تاکدا، دووەم کە تێیدا بکەری بنچینەیی بریتییە لە "ئێوە/شما" لە فارسی و کوردی و لە باری کۆدا، بە لای ئەو زمانەوانانەوە، تەنیا دوو زاراوەی نموونەیی بۆ "فەرمان"ی لە فارسیدا هەن، چونکە ئەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی چاوەڕوانکراو نییە، تا داوا لە کەسێك بکەیت، کە لە کات و شوێنی قسەکردندا ئامادەبێت تا داوای


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێبکرێت، کە شتێك بکات، بەڵام ئەوە ڕەتدەکرێتەوە، چونکە مەرج نییە کەسی فەرمانپێکراو هەمیشە ڕاستەوخۆ لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادەبێت.

(أ) Be man dastur be.dah (ke) berav.am

(ب) دەستور یان فەرمانم پێبکە کە بڕۆم.

(ت) Let/order me to go

هاوتا نیشانەکانی "تاك" و "کۆ" لە فارسی، be.rav.id و go لە ئینگلیزی و بڕۆ(ن) لە کوردی لە باری کۆدا کاردەکەن. بە شوێن (Austin, 1962)دا، دەتوانرێت ئەو بارانە لە ڕستە جێبەجێکەر و ناڕاستەوخۆکاندا، کە وابەستەن و توانستی لێوە هەڵهێنجانیان هەیە، لێکبدرێنەوە.

(پ) Man be to dastur mi.dah.am (ke) berav.i / N

(ج) I order you to go /you go

(ح) من فەرمانت پێدەکەم، کە بڕۆیت/بڕۆن.

(Austin, 1962:4-5) جیاوازی لە نێوان جۆری ڕستەکانی (١) و (٢) دەکات.

(١)

(أ) نانی ئێوارەم خوارد.

(ب) کاتێك جاکم بینی دەڕۆیشت بۆماڵەوە.

} "دەتوانن ڕاست بن یان هەڵە"

(٢)

(أ) ئەو پاپۆڕە ناو دەنێم مەلیك ئێلیزابێت.

(ب) لەسەر دۆلارێك گرەوت لەگەڵ دەکەم بەیانی باران دەبارێت.

(پ) ناوت دەنێم پیاو یان ژن.

ڕستەکان لە (٢)دا لە بری بەهای ڕاستی، چەندان بەهای مەرجی بەخۆوە دەگرن، بۆ نموونە، (ت) دەکرێت لە لایەن کەسێکەوە بگوترێت کە دەسەڵاتی فەرمانی هەیە. بەلای Austinەوە ڕستەکانی (١) وەسفی یان بەردەوامین[١٨]، لە (٢)دا جێبەجێکەرین. بە لای (Ross, 1967:222)ەوە، ڕستە جێبەجێکەرەکان وەك لە (٢)دا نیشاندراون، پێویستە کەسی یەکەمی بکەری و ئاسایی کەسی دووەم بەرکاری ڕاستەوخۆ یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە بنیاتی قووڵدا لەخۆبگرن.

ئەوەی کوردی و فارسی پێکەوە کۆ دەکاتەوە ئەوەیە، کە فارسی و کوردی تەنیا یەك فۆڕمیان هەیە بۆ هەردوو کاتەگۆریی "مەرجی نا-ڕابردوو" و کاتەگۆری "فەرمانی" وابەستە بەو هەقیقەتەی، کە مەرجی نا-ڕابردوو تەنیا لە ڕستەی وابەستەدا بەکاردەهێنرێت، و سەرەنجام ئەوە هەڵدەهێنجین، کە مەرجی نا-ڕابردوو خوێندنەوەی ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیفیەتی وەردەگرێت، وەك ئەوەی بارودۆخی باسکراو بەردەوام و لە کاتدا درێژبووبێتەوە و پێشکەشکرابێت.

---

[١٨] بە واتای ئاماژەکردن بۆ کردەوەی قسەکرن یان ڕستە دێت، کە بریتییە لە دەربڕینێك و باس لەوە دەکات کە شتێك حاڵەتە، واتە، باس لە شتێك دەکات بە ڕێگایەکی گونجاو و فۆڕماڵییەوە.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

گرفتەکە لەوەدایە، کە هەمان فۆرمی کاری دیاریکراو، بە پێشگری ,-be و ڕەگی نا-ڕابردوو و جێناوی لکاوی گونجاوەوە بنیاتدەنرێت، و لە ڕستەی فەرمانیدا خوێندنەوەی ئەسپێکتی پێرفێکتیڤیەتی وەردەگرێت، بۆ نموونە، مەرجی نا-ڕابردووی مەرجی بەهۆی لکاندنی پێشگری بـ-be- لە هەردوو زمانی فارسی و کوردیدا بنیات دەنرێت، لەگەڵ پاشگرێکی گونجاو لە شێوەی جێناوی لکاو، کە بە ڕەگی کاری نا-ڕابردوودا دەلکێت، بۆ نموونە، وەك "ڕۆیشتن/رفتن" دەبینرێت.

| کەسی یەکەم | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| 1st per. | be.rav.am / بڕۆم | be.rav.im پێویستە بڕۆین |

لەو بارەوە (Allen, 1966:207) دەڵێت:

"کاتێك کەسێك پرسیار لە کەسێکیتر دەکات یان داوا دەکات تا کردەوەیەك بە ئەنجام بگەیەنێت، داواکە وا دەخوازێت، کە هەموو ئەوانە بکات کە ئەو دەیەوێت، نەك تەنیا بەشێك لەوە... بەم شێوەیە ئاماژەکردنی نا-گشتگیری (ئیمپێرفێکتیڤ) وا دەرناکەوێت، وەك ئەوەی لە ڕستە فەرمانییەکاندا ڕوودەدات، بەڵام ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤ لە ڕستەی نا-سەرەکیدا مەرجی نا-ڕابردوو لەخۆدەگرێت".

کەواتە ڕستە فەرمانییەکان ناتوانن کلۆزی ناسەرەکی بن لە بنیاتی قووڵدا، چونکە وەك زمانەوان (Windfur's) لە (Farahani, 1990-39)ەوە ئاماژەی بۆ کردووە، کە "فۆرمی کارەکان بە پێشگری -beەوە لە کلۆزی وابەستەدا خوێندنەوەی ئەسپێکتی "ئیمپێرفێکتیڤیەتی"یان هەیە، لە کاتێکدا فرێزی کاری فەرمانی خوێندنەوەی ئەسپێکتی "پێرفێکتیڤیەتی" هەیە"ئەوە لە فارسیدا بە لای (Farahani)یەوە بە تەواوی ڕاست نییە، چونکە، (أ) بە پێی (Andreas, 1939:431-433) لەبەرئەوەی لە فارسی ناوەڕاستدا ئەرك و وەزیفەی پێشگری -be نیشانەکردنی "پێرفێکتیڤیەتی" بووە، پشتگیری ئەو بانگەشە دەکات، کە ئەرکی ئەو پێشگرە لە دەربڕینی "پێرفێکتیڤیەتییەوە" لە فارسی "کۆن" و "ناوەڕاست" گۆڕاوە بۆ "ئیمپێرفێکتیڤیەتی" لە فارسی تازە و مۆدێرندا.

(ب) بە پێی Smith (1983) لە کلۆزە کاتییەکاندا، کە بە لێکدەری "لەپێش" و "لەپاش" دەستپێدەکات، کارە نا-ستەیتیڤەکان خوێندنەوەی ئەسپێکتی پێرفێکتیڤیتیان هەیە، چونکە "ئەو لکێنەرانە بارودۆخەکان بە شێوەیەکی یەك لەدوای یەك دادەنێن بە شێوەی یەك بۆ ئەوەکەیتر پەیوەندیدار، و پێوستی لانی کەمی سیمانتیکی بۆ یەکبەرە و دوایەتی لە نێوان بارودۆخەکاندا ئەوەیە، کە خاڵی کۆتایی بارودۆخێك پێویستە شوێن بۆ خاڵی کۆتایی بارودۆخێکی تر بکاتەوە؟ ئەو ڕستەیەی لای خوارەوە فۆرمی کاری "be.yay.ad"، "come" و "بێت"، لە کوردیدا خوێندنەوەی پێرفێکتیڤیەتییان هەیە زیاتر لەخوێندنەوە ئیمپێرفێکتیڤیەتی.

(١) man mi.rav.am bâ.yay.ad Qabl az.in.ka

(٢) I will go before he comes

(٣) پێش ئەوەی ئەو بێت من دەڕۆم.

ڕستەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە "مەرجی نا-ڕابردوو" وەك "فەرمانی" خوێندنەوەی "پێرفێکتیڤیەتی" وەردەگرێت زیاتر لەوەی ئاماژەکردنی "ئیمپێرفێکتیڤیەتی" بێت، دەکرێت نیشانەی -be لە کوردی و فارسیدا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەك نیشانەی پێرفێكتیڤیەتی بناسرێت نەك نیشانەی فەرمانی و مەرجی، بە بەڵگەی ئەوەی، كە لە زمانە هیندۆئەوروپییەكانی وەك ئینگلیزی "مەرجی و فەرمانی" وا دەرناكەون وەك ئەوەی نیشانەكراوبن, بەڵكو زیاتر بە هۆی فۆڕمی سادەی كارێكەوە نیشانەدەكرێن، كە ئاماژەكردنی پێرفێكتیڤی هەیە، كەواتە، نیشانەی -be ئەرك و وەزیفەی نیشانەكردنی پێرفێكتیڤیەتی هەیە.

بە كورتی، هاوڕاین لەگەڵ (Farahanni, 1990) كە (أ) -be نیشانەی پێرفێكتیڤیەتییە و بۆ "مەرجی نا-ڕابردوو" و فۆڕمی "كاری فەرمانی" سنووردارکراوە، و دەكرێت پێیبگوترێت نیشانەی پێرفێكتیڤ، زیاتر لەوەی پێیبگوترێت نیشانەی مەرجی/ئیمپێرفێكتیڤ (ب) ڕستە فەرمانییەكان وەك جێبەجێكەری ناڕاستەوخۆ لە بنیاتی قووڵدا و بۆ فۆڕمی كارێك بۆ هەردوو "فەرمانی" و "مەرجی-ناڕابردوو"، كە ئاسایی و زۆرجار لە كلۆزی ناسەرەكیدا بەكاردەهێنرێن.

## ٧ . ٢: كارە مۆداڵە یاریدەدەرەكان (ئۆگزیلەرییەكان)ی كوردی و فارسی

"باید" بەرانبەر "دەبێت" ڕەفتاردەكات، ئەوانە مۆداڵن و وەك "بەڵێن و پەیمان"، "زانینگەرایی" و "داینامیكی" بەكاردەهێنرێن، تا "بە ناچاری"، "بەڵێن"، "پەیماندان"، "پێویستی"، "هەڵهێنجانی لۆجیكی" یان "بەتەمابوون"، و... دەربڕن. مۆداڵی "دەبێت" لەكوردیدا لاوازترە لە must ی ئینگلیزی، بە هەردوو لا "دەبێت" و "پێویستە" واتای must, should, ought, have, تەنانەت زۆر لە واتای willیش دادەپۆشن، لە زمانی ئینگلیزیدا، سیستەمی سێ-تێرمی بەهێز (must and will)، ناوەند (should and ought) و لاواز (may, can and might) هەن، لە فارسی و كوردیدا سیستەمی دوو-تێرمی هەیە، واتە "لاواز" و "بەهێزتر" هەن، بۆیە وەرگێڕانی دەقاودەقی must بۆ فارسی و كوردی توانستی بەكارهێنانی نییە، بە لای (Rahimian, 1999)ەوە "باید" لە فارسیدا ئەوەندە بەهێز نییە تا ناوەرۆك بگەیەنێت.

(١) Ali dar xâna n-ist-ø u bâyad dar medrese ø-bâš-ad
(٢) Ali is not at home; he must be at school
(٣) عەلی لە ماڵ نییە دەبێت لە قوتابخانە بێت.

Rahimian دەڵێت، كە "must" پێویستە بە شێوەیەكی سیمانتیكی ناوەرۆك بگەیەنێت، ئەوە واتای وایە كە قسەكەر وابەستەیە بەوەی، كە بارەكە ئەوەیە كە "عەلی لە قوتابخانەیە"، Rahimian "ناوەرۆك" و "واتا" تێكەڵ دەكات، یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی "ناوەرۆك" بە پێچەوانەی "واتا"وە ئەوەیە، كە دەبێت "هەڵە" یان "ڕاست" بێت، هەر دەربڕینێك بە تایبەت، كە كار و بكەری تێدابێت ئەوە ناوەرۆكێك بەخۆوە دەگرێت، جا ڕاست یان هەڵە، لەبەر ئەوەی "واتا" لە سنوری زاراوەی فەرهەنگی تێناپەڕێت، ناتوانێت هەڵە بێت، بۆ نموونە: "ڕێوی" هەر ئەو ئاژەڵەیە كە لە فەرهەنگدا ئەو زاراوەیەی بۆ تەرخانكراوە لە هەموو كات و سەردەمێكدا، جگە لەوە، "لاوازی و بەهێزی وشەكان"، "باری سەرنجی قسەكەر، "كات" و "شوێن" هاوكارن لە دەبڕین و جۆری لێكدانەوەی "ناوەرۆك"، كە ئەوە لەگەڵ واتادا هەرگیز نەگونجاوە.

"دەبێت و باید" لە کوردی و فارسیدا بەقەدەر must ی ئینگلیزی بەهێز نین، تا بە هۆیانەوە گەرەنتی ڕاستی ناوەرۆك بدرێت، کەواتە ناوەرۆك شتێکە و ڕاستی و ناڕاستیی ناوەرۆك شتێکیتر، بەزیادکردن یان لابردنی وشەیەك لە دەربڕینەکەدا، ناوەرۆکیش دەگۆڕدرێت.

(١) ãšyad be sinamã refta-e Ø baš-ad

(٢) Perhaps, he has gone to the cinema

(٣) ڕەنگە/دەبێت ئەو چووبێت بۆ سینەما.

## ٧ . ٢ . ١: زانینگەرایی "باید" و "دەبێت"

بە لای (Rahimian, 1999:158)ەوە ئەو ڕستەیەی لای خوارەوە بە شێوەیەکی سیمانتیکی ناوەرۆك ناگەیەنێت:

١. Mehdi bâyad servatmand ø-bâš-ad [ke yek mâšin-e dah melyun tumân-I xarid-e ast-ø

٢. .Mehdi must be wealthy [because he has bought a car for 10-000-000 tuman

٣. دەبێت مەهدی سەروەتمەند بێت (چونکە سەیارەیەکی بە ٠٠٠ ٠٠٠ ١٠ تمەن کڕیووە.

لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی بیرەکانی (Rahimian)ەوە هەر دەربڕینێك دەبێت خاوەنی ناوەرۆك بێت، ئەوەی وا دەکات ناوەرۆك ڕاست بێت یان هەڵە ئەوە بەهێزی و لاوازی فۆڕمی کاری مۆداڵی ڕستەکەیە، چونکە واتای مۆداڵەکان زەقترن لە واتای هەر پێکهێنەرێکی تری ڕستەکە، بۆیە لەم بوارانەدا مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆکدا دەکرێت، ئەوە پێچەوانەی لێکدانەوەی (Rahimian) دەوەستێتەوە کە ناوەرۆك دەبەستێتەوە بە "مۆداڵ"ی بەهێزەوە، بە لایەوە ڕستەیەك بە مۆداڵی بێهێزەوە بێ ناوەرۆکە، لەبەرئەوەی مۆداڵی "پێویستە" لە کوردی بەهێزترە بەرانبەر بە must لە ئینگلیزیدا، ئەوە وا دەکات ناوەرۆك بە لای ڕاستیدا بەرێت، بۆیە بە پێچەوانەی "کوردی" و "فارسی"یەوە ناوەرۆکی ڕستەکە بەهۆی کاریگەریی "must"ەوە وەك ڕاست دێتەبەرچاو، جگە لە واتای "دەبێت" بنیاتی لۆجیکی ڕستەکەش هاوکاری لە گریمانەی ڕاستی ناوەرۆکی ڕستەکە مسۆگەرتر دەکات، ناکرێت "واگەیاندن" و "گریمانەی پێشەکی" وەکیەك سەیربکەین، یەکەم لەسەر بنەمای "هەقیقەت" و "واتای فەرهەنگی" وشەکان و دووەم، لە سەر کولتور و باری سەرنجی قسەکەر بینا دەکرێن، بویە مۆداڵی "دەبێت" لە (٤)دا ناوەرۆکی ڕاستی هەیە، (٥) تەنیا گریمانەیەکە، بە واتایەکیتر (٤) یەك لێکدانەوە و (٥) دوو لێکدانەوە (ڕاست یان درۆ) بەخۆوەدەگرن، کە ئەمە وا دەکات مەودای لێکدانەوەکەی لە (٤) فرەوانتر و کراوەتر بێت.

٤. هەموو دانیشتوانی ئەم گوندە، موسوڵمانن، عەلی دانیشتوی ئەم گوندەیە، بۆیە دەبێت عەلی موسوڵمان بێت.

٥. وەفدەکە بەرەو بەغداد بەڕێکەوتن، دەبێت بگەنە ڕێککەوتن.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### ٧ . ٢ . ٣: دیۆنتیکی "دەبێت" و "باید"

سەرجەم پێکهێنەری هەر ڕستەیەك کەم تا زۆرێك هاوبەشە لە بنیات و جۆری ناوەڕۆك، و پێدانی هەڵوێستی بەهێز و لاواز بە مۆداڵەکان، بۆ نموونە کاتێك، کە باس سەبارەت بە مردن و ژیانی کەسەکان دەکرێت، بەرگری وەك ئەرکێکی بە ناچاری بکەر دێتە بەرچاو، بۆ نموونە، (Rahimian, 1999-159):

١. [ĉun mi-xâ-hd to râ be-koš-ad], bâyad az xod defâ kon-i)
٢. [since she/he wants to kill you], you must defend yourself]
٣. ( لەبەرئەوەی دەیەوێت بتکوژێت)، دەبێت بەرگری لەخۆت بکەیت.

لە ڕستەکانی سەرەوەدا، کاری مۆداڵی "دەبێت" لە هەندێك باردا هاوتادەبێت بە "پێویستە"، بە تایبەت لەوبارانەدا، کە پەیوەندیی بە ژیانی کەسێکەوە هەبێت، ئەو کات بکەر بەرگریکردن لەخۆی دەبێتە ئەرك، ئەوە خواستی قسەکەرە، بۆیە ناوەڕۆك تەنیا لە سنوری ئەم ئاواتە دەرناچێت، هێزی "دەبێت" لە پێویستە نزیك دەبێتەوە، واتە دەکرێت "پێویستە" لەبری "دەبێت" بەکاربهێنرێت.

لە هەرسێ زمانەکەدا، "baš-ad ، must و دەبێت" بە شێوەیەکی مۆداڵێتیی"بەڵێن و ئەرك" بۆ بانگهێشتن بەکاردەهێنرێن، کە بە شێوەیەکی پراگماتیکی "هێز" لەدەستدەدات، و داوای قسەکەر لە سنوری پێشنیاز تێناپەڕێت، مەرج نییە نامە بۆ نێردراو بە داواکەی قسەکەرەوە خۆی ببەستێتەوە.

٤. baš-ad emšab be âhang-e man biâ-i
٥. you must come to my party to night
٦. دەبێت ئەمشەو بێیت بۆ ئاهەنگەکەم.

### ٧. ٢. ٤: "Tavân" و "توانین"

"توانین" بەکارهێنانی "داینامیك" و "بەڵێن و ئەرکی" هەیە، لەم بارەوە وەك "شودەن-دەبێت" وایە، گەرچی "دەبێت" بە شێوەیەکی فرەوانتر لە بری "توانین" بەکاردەهێنرێت، "توانین" تەنیا بنیاتی نا-کەسی وەردەگرێت، و بکەری تایبەت بەخۆوە ناگرێت، بۆیە زیاتر لە دەقێکدا بەکاردەهێنرێن کاتێك قسەکەر ئارەزومەندە تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ توانستی خۆی تاقیبکاتەوە و بە پێچەوانەی "دەبێت"ەوە زیاتر لە بەکارهێنانی فۆرماڵیدا بەکاردەهێنرێت.

(أ) بابەکر دەتوانێت کتێبێك بۆ براکەی قەرزبکات.

### ٧ . ٣: ناوبەند پەیوەندی لە نێوان تێنس، ئەسپێکت و موود لە کوردی فارسیدا

ئەوەندەی ئێمە بزانین، یەکێك لە کەموکوڕییەکان لە بواری زماندا ڕێکنەکەوتنی زمانەوانەکانە لەسەر فۆڕمی کاری کوردی و دیارینەکردنی هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان کاتەگۆرییەکانی "تێنس"، "ئەسپێکت"، "موود"


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

و "کات" له کوردیدا، وەك هەر زمانێکیتری دونیا دەشێت بە شێوەیەکی پراکتیکی هێڵێکی جیاکەرەوەی دیار لە نێوان ئەو سێ کاتەگۆرییەدا بکێشرێت، و هەریەکەیان وەك کاتەگۆرییەکی سەربەخۆ بناسێنین بە تایبەتمەندیی و ئەرکی زمانیی جیاوازەوە.

بەڵگەی سەربەخۆبوونی ئەو سێ کاتەگۆرییانە ئەوەیە، کە "لەگەڵ ئەوەشدا، کە "مـوود "بە شێوەیەکی فۆڕمەڵی، شان بەشانی "تێنس" و "ئەسپێکت"، و ڕێژەی "کارابزر" و "کارادیار voice" پەیوەندیدارە بە سیستەمی کاریی زمانەکەوە ... سیستەمی "مۆداڵی" "لە زۆربەی زۆری خێزانە زمانییەکان بە شێوەیەکی سیمانتیکی تەنیا پەیوەندی بە کارەکە یان — نییە بەڵکو بە هەموو ڕستەکەوە" (Palmer, 1986:2)، واتە سەرجەم واتای پێکهێنەری دەربڕینێکی دیاریکراو هاوبەشن لە دەربڕینی موود، ڕێزمانی کاتەگۆرییەکانی وەك " تێنس"، "ئەسپێکت"، و "موود"، ئەوە نیشاندەدات کە:

(أ) "تێنس" کاتەگۆرییەکی ڕێزمانییە، پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، (ب) "ئەسپێکت" بە هەمان شێوە کاتەگۆرییەکی ڕێزمانییە، پەیوەندی بە باری سەرنجی قسەکەرەوە هەیە، سەبارەت بە کردەوەیەکی دیاریکراو لە دونیای هەقیقەتدا، (پ) "موود" کاتەگۆرییەکی ڕێزمانییە پەیوەندی بە "بەڵێن و وابەستەبوونی قسەکەرەوە هەیە، لە بواری بارودۆخی هەقیقەتی ئەوەی کە چی دەڵێت "سوربوون لەسەر دڵنیاییەکانی، دڵنیایی و گومانەکانی" (Lyons, 1968:307).

کوردی هاوتا بە زمانی فارسی و لەسەر بنەمای سینتاکتیکی کاتەگۆریی "موود" توانای هەڵاواردنی لە هەردوو کاتەگۆریی "ئەسپێکت" و "تێنس"دا هەیە، یەکێك لە سیما جیاکەرەوەکانی ئەو کاتەگۆرییانە لە یەکتر ئەوەیە، کە هەردوو کاتەگۆرییەکانی "تێنس" و "ئەسپێکت" بە هۆی گەردانی کارەکەوە بەدەستدێن، لە کاتێکدا کاتەگۆریی "مـوود" بە هۆی گۆڕین و ڕوونکردنەوەی کارە مۆداڵەکانی وەك "پێویستە"، "گونجان"، "شایانبوون"، "ویستن"، "حەزکردن" بە دەست یێت، و دەگەیەنرێت، کە سەرجەم پێکهێنەری ڕستەی ژێر توێژینەوە لەوەدا هاوبەشن.

کوردی هاوتا بە فارسی و ئینگلیزی سیستەمی "مـوودی کاری" لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە "مـوودی فەرمانی"، "مەرجی" و "هەواڵی".

(أ) بەشێوەیەکی مۆرفۆلۆجیکەڵی موودی هەواڵی زیاتر بە هۆی فۆڕمی سادەی نا-ڕابردووەوە دەردەبڕێت.

(ب) موودی "فەرمانی" لە بنیاتی هەردوو زمانی فارسی و کوردیدا بە چاوپێشین لە کەسی دووەم، هاوتایە بە نموونەی تەواوی ئەوەی پێی دەگوترێت "مەرجی نا-ڕابردوو"، هەروەها وەکیەك لە ڕەگی ناڕابردووی کارەکە، پێشگری -be و جێناوی گونجاو پێکدێن، هەندێکجار ئەگەر ڕەگی کارەکە بە ڤاوڵ دوایی هاتبێت بۆ کەسی دووەمی تاك جێناوی لکاو لە فەرمانیەکەیدا زیادناکرێت، واتە دەبێتە مۆرفی سفر.

(پ) هەڵبژاردنی "هەواڵی" یان "مەرجی" پشت بە پلەی "بەڵێن" لە لایەن قسەکەرەوە نابەستێت، سەبارەت بەو ڕاستییەی گوتراوە، فۆڕمی کاری "مەرجی" (مەرجی نا-ڕابردوو و مەرجی پێرفێکت) و فۆڕمی کاری "هەواڵی" (بە واتای ئیمپێرفێکتیف و پێرفێکتی نا-ڕابردوو) لە دابەشکردنی تەواوکەریدا دەبینرێن، "مەرجییەکان" هەروەك زمانەوان (Ellwell- Sutten (1963:91 ئاماژەی بۆکردووە، "بەشێوەیەکی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرەکی بۆ ڕستەی ناسەرەکی سنوردارکراون، لەکاتێکدا "نا-مەرجی"یەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کلۆزە سەرەکییەکان دیاریکراوون".

(ت) هەر فۆڕمی کارێکی "فەرمانی" دەتوانرێت لە ڕستە ئالۆزەکاندا ڕووبدات، کە تێیدا کاری ڕستەی سەرەکی/لەخۆگر[١٩] (matrix sentence) ڕاستەوخۆ جێبەجێکەری بارودۆخەکەیە، کاری ڕستە ناسەرەکی لە "موودی مەرجی" دایە، چونکە (١) فۆڕمی تێنسی کارە فەرمانییەکە هاوتایە بە "مەرجی نا-ڕابردوو"، (٢) فۆڕمی کاری "مەرجی نا-ڕابردوو" وەك فۆڕمی کارە مەرجییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستکراوە بە کلۆزی ناسەرەکی.

(ج) فۆڕمی کارێك (لە کەسی سێیەمی تاکدا)، کە "واتای پاڕانەوەیی/تکاکاری دەدات، بریتییە لە تاکە فۆڕمی بەردەوامی "هیواخوازی" (Lambton, 1960:145). لە ڕاستیدا موودی تەمەنی/هیواخوازی تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا ڕوودەدات. تەنیا فۆڕمێك کە بەردەوام بێت ئەوە موودی هیواخوازییە لە فۆڕمی کاری be / bu.d.an, ''let there be'' کە بە شێوەیەکی سەرەکی وەك بەشێك لە بەشی کاری لە دەربڕینی دروشمیدا. Zende bad, long live, nabud bad ... down with (ibids)

لە کۆتاییدا: بەلای (Lyons, 1968:307)ەوە، "ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان فەرماندان و بنیاتنانی دەربڕین بە شێوەیەکی دیار بکرێت"، بۆ نموونە وەك لە ڕستەیەکی وەك "دەمەوێت کە تۆ بێیت بۆ ئێرە، .man mi.xaham (ke) to be.ya.y.i in.ja, I want you to come here' دەخرێتەڕوو.

---

[١٩] جملە حازنە matrix sentence واتە ڕستەی لەخۆگر، ڕستەیەك کە ڕستەیەکیتر لەخۆدەگرێت، کە پێی دەگوترێت ڕستەی لەخۆگیراو constituent sentence.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٨ . ٠: ئەنجامەکان

**لە ئەنجامی شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەم دیاردە و بابەتە (موود یا مۆدالێتی) هەروەها و بەراوردکاریی لە نێوان زمانەکاندا دەگەینە چەندین ئەنجام و خاڵی سەرنجڕاکیش، کە هەرە گرنگەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبن:**

(١) "موود" وەك کاتەگۆرییەکانی "تێنس"و "ئەسپێکت" مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات، و کاتی باروودۆخ دەگەڕێنێتەوە بۆ کاتی قسەکردن، و کاتی قسەکردن دووەم خاڵی باری سەرنجە، کە لێیەوە باروودۆخەکە لە کاتی ڕووداندا لەبەرچاودەگرێت.

(٢) کوردی تایبەتمەندیی هەردوو "سیستەمی موود" و "سیستەمی کاری" بەخۆوەدەگرێت، بە تایبەت وەك وەرگێڕانی هاوتایی لە نێوان ئەو دوو سیستەمەدا.

(٣) جیاوازی لە نێوان "موود" و "مۆدالێتی"دا، وەك ئەو جیاوازییە وایە کە لەنێوان "کات" و "تێنس"، لۆکەیشنەری " و ئیلۆکەیشنەری" و "ژمارە" و "ژماردن"دا هەیە.

(٤) "مۆدالێتی "مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆکدا دەکات، و بەها و پلەی ناوەرۆکی مۆدالێتی لەبواری ئەو دونیایەدا دێتە تێگەیشتن، کە تێیدا دەبێت ڕاست یان هەڵە بێت.

(٥) "موود" ئەو واتایەیە کە پێویستە لە مەودای گەردانی کارییەوە تەعبیری لێکبدرێتەوە، "موود" کاتەگۆرییەکی سینتاکتیکییە و لە فۆڕمی کاریدا نیشاندەدرێت، بە واتایەکی تر، "موود" بریتییە لە نیشانە لەسەر کارەکە، دواتر ئەو فۆڕمەیە لەلایەن قسەکەرەوە بەکاردەهێنرێت، تا ناوەرۆکێکی دیاریکراوی بخاتە ناو و لەناو دەقی گفتوگۆدا بەکاری بهێنێت.

(٦) ب-/-be وەك نیشانەی پێرفێکتیڤیەتی بۆ "مەرجی نا-ڕابردوو" و فۆڕمی "کاری فەرمانی" ڕەفتاردەکات، و ڕستەی فەرمانی و "مەرجی-ناڕابردوو"یەکان هەمان بنیاتی سینتاکتیکی هاوتا بەخۆوەدەگرن و لە ڕستەی ناسەرەکی لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕوودەدەن.

(٧) مۆداڵی "دەبێت" وەك مۆدالێتیی "بەڵێن و پەیمان"، "زانینگەرایی" و "داینامیکی" ڕەفتاربکات تا "بە ناچاری"، "بەڵێن"، "پەیماندان"، "پێویستی"، "هەڵهێنجانی لۆجیکی" یان "بەتەمابوون"، و... دەربڕێت.

(٨) مۆداڵی "دەبێت" لە must ی ئینگلیزی لاوازترە، مۆداڵەکانی "دەبێت" و "پێویستە" واتای must, should, ought, have, و زۆر لە واتای willیش دەگرنەوە، لە ئینگلیزیدا، سیستەمی سێ- تێرمی بەهێز (must and will)، ناوەند (should and ought) و لاواز (may, can and might ) لەخۆدەگرێت لەکاتێکدا کوردی سیستەمی دوو-تێرمی، بۆ نموونە، "لاواز" و "بەهێزتر" پێڕەودەکات.

(٩) دیاریکردنی لاوازی و بەهێزی، تەنیا لە خودی کارە مۆداڵەکانەوە سەرچاوە هەڵناگرێت، بەڵکو "باری سەرنجی قسەکەر"، "کات" و "شوێن"، و "پێکهێنەرەکانی تری ڕستە"، لەم بوارەدا هاوکارن.

(١٠) کاتەگۆریی "موود " وەك کاتەگۆریی "تێنس" و "ئەسپێکت"، و ڕێژەی "کارابزر" و "کارادیار voice" پەیوەندیی بە سیستەمی کاریی زمانەکەوە هەیە، ئەوەی کاتەگۆریی "مۆدالێتی" لە کاتەگۆرییەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە (أ) "مودالێتی" کاتەگۆرییەکی زاراوەیی سیمانتیکییە، (ب) پەیوەندیی بە ناوەرۆکی دەربڕینی دیاریکراوەوە هەیە، و سەرجەم واتای پێکهێنەری دەربڕینی دیاریکراو هاوبەشن لە دەربڕینیدا، (پ)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناوەرۆکیش هەمیشە "بناخەی هەڵسەنگاندن" و "خەملاندن دادەمەزرێنێت"، کە وەك "بناخەی مۆداڵ" و سەرەنجامی خەملاندنەکەش وەك "هێزی مۆداڵ" مامەڵە دەکرێن.

(١١) "موود" کاتەگۆرییەکی ڕێزمانییە پەیوەندیی بە بەڵێن و وابەستەبوونی قسەکەرەوە هەیە، لە بواری بارودۆخی هەقیقەتی ئەوەی کە چی دەڵێت.

## ٩ . ٠: سەرچاوەکان

## ٩ . ١: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


- **Al khuli, Muhammad Ali** (1982). A Dictionary of Theoretical Lingustics, English – Arabic, First Edtion, Libnan.
- **Allen, Joseph, Henrt** (1903). Grammar for schools and colleges.
- **Allen, R.** (1966). The verb system of Present-day American English, The Hague: Mouton.
- **Austin, J.** (1962). How to do things with words, Oxford: Clarendon
- **Bhat, D. N. S.** (1999). The Prominence of Tense, Aspect and Mood. (Studies in Language Companion Series), John Benjamins Publishing Co.
- **Birjandi, P.** (1978). The Structure of Verb Phrase and Kernel Sentences in Modern Persian. PhD. Dissertation. University of Colorado.
- **Bolinger, D.** (1972). Deegree words, The Hague Mouton.
- **Boyed, J., and Thorne, J. P.** (1969). The Semantics of Modal Verbs. Journal of Linguistics 5, pp. 57-74.
- **Bybee, Joan L.** (1985). Morphology, A Study of The Relation between meaning and form, John Benjamin Puplication company.
- **Coates, Jennifer** (1983). The Semantics of the Modal auxiliaries, London, Croom Helm
- **Collins, Peter,** (2009). Modals and Quasi-Modals in English. Amestrdam/ New York:Rodopi.
- **Comrie, Bernard** (1976). Aspect An Introduction to the Study of Verbal Aspect and Related Problem, Cambridge: Combridge Univesity Press.
- **Coupe, Alexander R.** (2013), Tense, But in the Mood: Diachronic Perspective on the Representation of Time in Ao", Language and Linguistics 14.6.
- **Deutschbein, N.** (1928). System Der Neuenglischen Syntax. Heidelberg: University Heidelberg.
- **Elliott, Jennifer R.** (2000). Realis and irrealis: Forms and Concepts of the Grammaticalisation of reality. In: Linguistic Typology (Vol. 4, pp. 55-90).
- **Esenova, Kirmizi** (2015). The Cognitive Modelling of Textual Modality, Procedia-social and Behavioual Science (2015) 214.
- **Farahani, Ali Akbar Khomeijani** (1990). A Syntactic and Semantic Study of the Tense and Aspect System of Modern Persian, The University of Leeds.
- **Farrokhypey, Mahmoud** (1979). Asyntactic and symantic study of Auxiliaries and Modals in Modern Persian, The Degree of Doctor of Philosophy. School of the University of Colorda.
- **Filmore, C.** (1965). Indirect Object Construction in English and the Ordering of Transformaion, The Hague: Mouton.



e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

- **Fortson, Benjamin W.** (2004). Indo-European Language and Culture. [7th Edition] Malden, MA: Blackwell Pub.
- **Frege, G.** (1960). On Sense and Refrence, Oxford, Basil Blackwell.
- **Hengveld, k.** (2004) illocution mood and modality, in: nooij, G. Lehmman, C. Mugdan J. skopteas, S. (eds). Morphology, an international handbook on inflection and word-formation, Vol. 2, mouton de Gruyter, Berlin, pp. 1190 – 1201.
- **Hilpinen, R.** (1971). Deontic Logic Introductory and Systematic Readings Dordrecht, D Reidel.
- **Huddleston, R.** (1969). Some Obsestudies on Tens and Deixis in English, J. Language, No. 45. P. 777 – 806.
- **Iten, orinne** (2005). Linguistic Meaning, Truth Conditional and Relevance. Macmilian.
- **Jespersen, Otto** (1924). The philosophy of Grammar, London: George Allen and Unwin, LTD.
- **Jakobson, Romann** (1957). Shifters verbal Categoris and the Russian verb, Selected Writing Vol. 2, The Hague Motoun, p. 130 – 147.
- **Joos, M.** (1964). The English Verb: Form and meanings, University of Wisconsin press.
- **Kant, immanuel** (1963). The Critique of pure Reason, Translated by: Norman Kemp Smith, London: Macimillan.
- **Katz, J.** (1985) The philosophy of Lingustics, Oxford: Oxford University Press.
- **Khomutova, Tamara N.** (2014), Mood and Modality in Modern English, Docial and Behavioral Sciences 154.
- **Langacker, Ronald** ([1991] 2002). Concept, Image, and Symbol: The Cognitive Basis of Grammar, 2nd edn. Berlin: Mouton de Gruyte.
- **Lyons, J.** (1968). Introduction to Theoretical Linguistics, Cambridge: Cambridge Univesity Press.
- **Lyons, J.** (1977). Semantics, I-II London. New York & Melbourne: Cambridge University Press.
- **Mouton Der Auwera and Alfonso Zamorano Aguilar** (2015). The History of Modality and Mood, The Oxford Handbook of Modality and Mood, Edited by Jan Nuyts and John Van Der Auwera.
- **Mouton De Gruyter** (2015). Madals, Tense and Mood. Linguistics 53(6).
- **Nielson, Niels Davidsen** (1990). Tense and Mood in English, A comparation with Danish, Mouton de Gruyter.
- **Palmer, F. R.** (1965). A Linguistic study of the English Verb, London: Longman.
- ----------------- (1979). Modality and the English modals, London: Longman.
- ----------------- (1986). Mood and Modality, Cambridge: Cambridge University Press.
- **Perkins, Michael R.**(1982). The Core Meaning of the English Modals, Journal of Linguistics Volume 18.
- **Rahimian, Jalal** (1999). Semantic of Persian Auxiliaries, International Review of Applied Linguistics in Language Teaching.
- **Ranson, Evelyn N.** (1977). On The Representation of Modality, Linguistic and philosophy 1., (1977) 357-379), Reidel Puplishing Company.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- **Ross, J. K.** (1967). a Gapping and the Order of Construction In Recent developments in Linguistics, ed. By M. Bierwih and K.E. Heidolph, The Hague.
- **Saeed, John I.** (2003). Sentence semantics 1: Situations language and linguistics 142.
- **Saeed John I.** (2004). Semantics, Oxforf, Blackwell
- **Salkie, Raphael** (2010). Will: tense or modal or both, English
- **Searle, J. R.** (1982). Speech acts an easy in the philosophy fo Language, Cambridge: Cambridge university press.
- **Seuren, P. A.** (1969). Operations and Nucleus, Cambridge: Cambridge University Press.
- **Smith, C. S.** (1983). A theory of Aspectual choice, Linguistic Society of America, Vol. 59, NO. S. pp. 479 – 501.
- **Steel, S. et al.** (1981). An Encyclopedia of Aux: a Study in Cross-Linguistics Equivalence. Cambridge, Mass and London: MIT Press.
- **Stokhof, Martin and Garoendijk, Jeroen** (1974). Modality and Conversational Information, Theooretical Linguistics, Vol. 1 Walter De Gruter.
- **Sweetser, E.** (1990). From etymology to pragmatics: metaphorical and culture aspects of semantic structure, Cambridge: Cambridge university press.
- **Talmy, Leonard** (1985). Force Dynamics in Language and Thought, in W. Eilfort P. Cognative Lingustics, an introduction.
- **Vazquez, Ignacio and Giner, Diana** (2008). Byond Mood and Modality, Epistemic Markers as Hedges in research Articles. A Cross-Disiplinary Study.
- **Zandvoort, R. W.** (1962). A hand book of English Grammar, Singapore: Singapore of set printing Co. (PTE) LTD.
- **Whitehall, H.** (1956). Structural Essentials of English. New York: Cambridge University press.
- **Wittgenstein, Ludwig** (1958). Tracutatus Logico- philosoficus, University Press: http://people.umass.edu/klement/tlp/ .

## ١٠. ٠: پوختەی باسەکە

### ١٠. ١: پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی

تێرمی ڕێزمانی "موود" و "مۆداڵێتی" تاوەکو ئێستا واتایەکی سیمانتیکی دیاریکراو و بڕیارلەسەردراو بەخۆوەناگرن، بۆیە لە فەرهەنگی تایبەت بە زانستی زماندا وەك "هاوواتا" سەیردەکرێن، و لە زمانەکانیشدا فۆڕمی جیاوازیان بۆ بەکاردەهێنرێت. زمانەوان و توێژەرانیش لە سەر چەندیەتی و چۆنیەتیی بنیاتنانیان هاوڕانین، بۆیە ئەم باسە بۆ توێژینەوە لە کاتەگۆریی "موود یا مۆداڵێتی"تەرخانکراوە، کە سێیەم کاتەگۆرییە لە پاڵ کاتەگۆریی "تێنس"و "ئەسپێکت"دا، کە پەیوەست بە فۆڕمی کارەوە و لە سنوری کاردا توێژینەوەی لە بارەوە دەکرێت، و بە هۆیەوە دەربڕین و ڕاگەیاندنەکان دەگۆڕێن، و گرنگیی بە پەیوەندیی کار لەگەڵ ڕاستی و ویستی قسەکەر دەدات، یاخود هەڵوێستی دیاریکراوی مێشکی قسەکەر دەردەبڕێت.


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

هێڵە سەرەکییەکان و بنەما تایبەتییەکانی نووسین و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە جگە لە ڕێبازی پەسنی شیکارانە سوودوەرگرتن لە ڕێباز و توێژینەوەی (بەراوردی) بووە، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و بەلگە و نموونەی پێویست بۆ نیشاندانی بنیات و خاسیەتی مۆداڵەکانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ فارسی و ئینگلیزیدا بە هەموو جۆر و شێوەکانیانەوە، چونکە بەهۆی ئەم بەراوردەوە بەها و فیچەری زمانی کوردی زۆرتر دەردەکەوێت.

بۆ شیکردنەوەی هەموو بابەت و پرسەکانیش، ستراکچەری توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، وەك سەرەتا و دەروازەیەك بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بە پێی پلانێك دابەشی سەر حەوت تەوەرە کراوە، لەگەڵ خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی باسەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

## ١٠. ٢: پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی

لم يحدّد حتى الآن معنى دلالي مستقر لـ (المود) و(المواداليتي)، فلذلك يعتبران كالمرادفين في القواميس الخاصة لعلم اللغة كما يستخدم لهما أشكال متباينة في اللغات العالمية المختلفة. اللّغويون والباحثون ليسوا متفقين على كمية (المود) وكيفية صياغته؛ لذا خصّصت هذا البحث لدراسة كاتكوري المود أو المواداليستى، حيث يُعدّ كاتكوري الثالث بجانب كاتكورى (التينس) و(الأسبيكت)، حيث كلّ واحد منها مرتبط بالأفعال ويتمّ البحث عنه داخل حدود الفعل، وبه يختلف العبارات والرسائل الّتي يوجّهها المتكلم، كما أنّه يهتمّ بالعلاقة الموجودة بين الفعل وقصد المتكلّم، أو يعبّر عن موقف الذهني للمتكلّم.

الخطوط العامة والمبادئ الخاصة لكتابة هذا البحث وتحقيق أهدافه على الرغم من الاستعانة بالمنهج التحليلي هو التعويل على المنهج المقارن، وهو عبارة عن جمع المصادر والأمثلة الكافية لعرض كيفية صياغة المود وخصائصه في اللغة الكوردية ثمّ مقارنتها بما هو موجود في الفارسية والإنجليزية بأنواعه المختلفة، وذلك لأنّ هذه المقارنة سيكون سببا لإظهار أهمّيتها وخصائصها بشكل أوضح وأدق في الكوردية.

ولتوضيح كلّ ما سبق اقتضت طبيعة الدراسة بأن نأتي بمقدمة للولوج إلى الموضوع، ثمّ تقسيم البحث على سبعة محاور، مع عرض النتائج الّتي وصلنا إليها خلال البحث، وأخيرا ذكر المصادر والمراجع المعتمدة عليها على الرغم من ملخص البحث بلغات الكوردية والعربية والإنجليزية.

## ٠١. ٣: پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی

The grammatical terms (Mood and Modality)'s meaning semantically have remained undistinguished, consequently they have identified as synonyms and different forms are used for them in linguistics dictionary. Moreover, the linguists and scholars have different perceptions on the quality and the quantity of forming mood and modality.

This paper is dedicated to study the category of mood or modality which is the third category alongside of tense and aspect. It relates to the verb form and it is studied within the verb domain through which speeches and discourses are changed. It takes the relation between the verb and the speaker's intension into consideration.

Descriptive analysis and comparative methods are the main methods which have been used in this study. The study has depended on collecting references, evidences and adequate examples to demonstrate the form and the structures of all categories of Kurdish Modals in compare to Persian and English language in order to determine the value and the feature of Kurdish language.

To illustrate this subject, the structure of the study has been divided into different sections; a preface which is a path to open the topic and seven more sections, in addition to conclusion and representing the results of the study. Furthermore, at the end of the paper the bibliography and the abstract of the study in Kurdish, Arabic and English have been included.